مەکتەبی بیروهۆشیاری

# میر عەبدال خانی بدلیس

## بلیمەتێکی فەرامۆشکراو لە مێژووی کورددا

(٩٩٥- ١٠٩١ ك) & (١٦٠٥- ١٧٠١ز)

لێکۆڵینەوەی

**بوار نورەدین**

---

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

سلێمانی ـ گەڕەکی ئەندازیاران ـ ١٠٥

ژ. خانوو ـ ١٠

www.hoshyari.org

govarynovin@yahoo.com



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ناوی کتێب: میر عەبدال خانی بدلیس**

**(بلیمەتێکی فەرامۆشکراو لەمێژووی کورددا)**

**لێکۆڵینەوەی: بوار نورەدین**

**دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**وێنەی بەرگ: لەکتێبی - Gravürlerle Kürtler) Mehmet Bayrak) وەرگیراوە**

**چاپخانە: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی**

**چاپی یەکەم ( ٢٠٠٧ ) سلێمانی**

**تیراژ: (١٠٠٠) دانە**

**ژمارەی سپاردن: (٦٥٠) ساڵی (٢٠٠٧)**

**ژمارەی زنجیرە: (٢٣٥)**

**لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ناوەڕۆک

**تەوەری یەکەم:**

گریمانەی لێکۆڵینەوەکە ............................. ٥
بایەخی لێکۆڵینەوەکە ............................. ٨
ڕێگرییەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە .................... ١٠

**تەوەری دووەم:**

دەستەبەرکردنی زانیاریی و سەرچاوە .................. ١٣
پشتبەستن بە فۆلکلۆری کوردیی ...................... ١٩
ناسنامەی کتێبی (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) ..... ٢٤
گەشتنامەکە (سیاحەتنامەکە) ...................... ٢٩
ئەولیا چەلەبی .................................... ٣٣
هەڵسەنگاندنێکی سەرچاوەکە ....................... ٣٧
شێوازی نووسینی سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی ..... ٦٠

**تەوەری سێیەم:**

چوارچێوەی سیاسی ................................ ٦٥
پێکهاتەی سەربازی ............................... ٧٥
سنووری میرنشینەکە .............................. ٧٩



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بواری ئابووری و شارستانی ........................ ٨٠
پێکهاتەی دانیشتوان ............................. ٩٠
خان عەبدال خان ٩٩٥- ١٠٩١ ك .................... ٩٧
هۆکارەکانی شکاندنی سەروەریی میرنشینی بدلیس..... ١٠٩
هەنگاوەکانی دەستپێکردنی جەنگ .................. ١٣٢
تاوان و تالآن و تۆقاندنی ئەو سەردەمەی
عوسمانییەکان لە کوردستاندا ...................... ١٤٢
شێوازی جەنگ ...................................... ١٤٩
هۆکاری شکستی میرنشینی بدلیس .................. ١٧٠
دەسکەوتی عوسمانییەکان لەم شەڕەدا ................ ١٧٣
دەسکەوتەکانی ئەحمەد پاشا ........................ ١٨٦
کتێبخانەکەی عەبدال خان .......................... ١٩٢
ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ............................. ٢٠٨
پێشنیار و ڕاسپاردە ................................ ٢١١

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### تەوەری یەکەم:

## گریمانەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات میرنشین و میرێك لە مێژووی کورد بناسێنێ، کە نزیکەی چوار سەدە لەمەوپێش پێکەوە ژیاون و داوتر بۆمان دەردەکەوێ هەردوکیان واتە (میرنشین و میر) لە زۆربەی بوارەکاندا: زانست، پێشکەوتن، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی، تەنانەت لە سیاسیشدا کەم وێنە بوون.

میر، سەرەڕای پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی، خاوەنی کۆمەڵێك بەهرە و توانا و زانست و زانیاری بووە، ناوی (خان عەبدال خان) و لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەی زایینی لە ناوچە و شاری بدلیس لە باکووری کوردستاندا، میری بدلیس بووە. تائێستا هیچیان وەك پێویست باس نەکراون، کە دەبوایە بەپێچەوانەوە ناویان بهێنرێ و بناسێنرێن.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

گریمانەیەکی دیکەی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە، ئایا ئەولیا چەلەبی مێژوونووسێکی ڕاستگۆ و بە ئەمانەت بووە و تەنیا وەك گەشتیارێك لە تەك والی عوسمانیدا ئەو گەشتەکەی کردووە، یان ئەویش فەرمانبەرێکی دەوڵەتی عوسمانی بووە؟! چونکە مەرج نییە مێژوونووسانی نەتەوەکانی دیکە کە دەربارەی کورد شتیان نووسیوە، لە کارەکەیاندا ڕاستگۆ بووبن[1]. هەروەها د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر دەڵێ: (نەك هەر فەزلۆڵلا، بگرە بڕێ نووسەری دیکەی سەدەی شازدەهەم هەر لەسەر ئەم ڕایە بوون و بە هیچ جۆرێ نەتەوەی کوردیان بۆ قووت نەچووە، لەبەر ئەمە پێویستە جارێکی تر بەم کتێبانەدا بچینەوە و بە

[1] – هەروەك د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بۆچوونی مامۆستا (هێمن موکریانی) دەربارەی (خانی لەپ زێڕینی قەڵای دمدم) و (عەرەب شەمۆ) پێچەوانە دەکاتەوە، هەروەها نووسەری کتێبی (عالەم ئارای عەبباسی)یش بە کەسێکی دوژمن و داخ لەدڵ بەرامبەر بە کورد دادەنێ. بڕوانە: عەمەرێ جەلالی (داستان)، ئامادەکردنی: جاسمێ جەلیل، گۆڕینی: د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٨٢، چ (الأديب)، بەغدا، لا: ٥–١٠.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ڕەخنە و هەڵسەنگاندنێکی وردەوە، کەڵکیان لێ وەربگرین[٢].

ئێمەش لەگەڵ هەوڵی دەرخستن و ناساندنی (میر عەبدال خانی بدلیس)، هەروەها بۆ باشتر ڕوونکردنەوە و ساغکردنەوەی کتێبی (سیاحەتنامە)، بەپێویستمان زانی نووسینەکانی ئەولیا چەلەبی بخینە بەر تاووتوێکردن و شیکردنەوە، یان بەواتایەکی دیکە هەوڵ بدەین کتێبێکی نوێ لەسەر کتێبێکی کۆن، بە ناونیشان و مێژوویەکی جیاوازتر، لەسەر عەبدال خان و میرنشینی بدلیس، بەسەر بکەینەوە.

---

٢ - مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە: شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، چ (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، لا: ١٦.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بایەخی لێکۆڵینەوەکە

دەکرێ بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە چەند خاڵێک دیاری بکەین:

١- تاکی هەموو کۆمەڵگایەک پێویستە ئاگادار و شارەزایی هەبێ لە مێژوو و فەرهەنگ و هەموو ئەو چەمکانەدا کە پەیوەندییان بە نەتەوەکەیەوە هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە هەموان ئاگاداری کەلتووری گەلانی دراوسێ و جیهانیش بن، بەتایبەت مێژوو و هەموو ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندییان بە دەوڵەتێکی کوردەوە هەیە.

٢- کۆمەڵێک چەمک و زانیاری لە فەرهەنگی گەلی کورددا لەناوچوون، هەروەها هەندێک وەک پێویست باس نەکراون، لەبەرئەوە ئەرکی لەپێشینەی نووسەران و توێژەرانە ڕاستیی ئەو بابەتە شاراوانە دەربخەن و بدۆزنەوە.

٣- کەسێک هێندە بەهرەمەند و بەتوانا بووبێ، گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە دوژمنەکەی بە چەندین لاپەڕە لە تۆماری مێژووی خۆیاندا بکەوێتە پێداهەڵدان

مەکتەبی بیروهۆشیاری

و ستایشکردنی، کەواتە پێویستە هەموو کوردێك ئەو کەسایەتییە بناسێ، سەربارى ئەوەی کە پێویستە لەمڕۆدا خزمەتی شایستەی بۆ جێبەجێ و پێشکەش بکرێ و ناو و مێژووی بەرز و بڵند ڕابگیرێ.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ڕێگرییەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە[٣]

بێگومان بۆ هەموو لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەك، تاڕادەیەك بۆ نووسینی بابەتێکی کەمیش، پێویستمان بە هەوڵ و تێکۆشانی ورد و درشت هەیە، بەمەبەستی پێدانی مافی تەواو بە باسەکە، بەڵام گەر بتەوێ لە هەر بوارێکدا بنووسی، کۆمەڵێك ڕێگر لەبەردەم کارەکەدا قووت دەبنەوە، کە دەکرێ بە چەند خاڵێك دیارییان بکەین[٤]:

١- بارودۆخی سیاسی کوردستان هەمیشە هۆکار و ڕێگر بووە لەبەردەم هەموو کارێکدا، چ کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، هونەری، ...تاد، بووبێ.

---

[٣] – بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کتێب لە (٢٠٠٦/٤/٢٦)دا، لە ژێر ناونیشانی (چەند سەرنجێك لەسەر کێشەکانی کتێب لە کوردستاندا) کۆڕێکم گرت و بە وردی و دوور و درێژی باسم لە ئاستەنگییەکانی (کتێب) کرد، ئەم گرفتانە بۆ زۆربەی کارە ئەدەبی و لێکۆڵینەوەکان دووبارە دەبنەوە و پێویست ناکات لێرەدا دووبارەیان بکەینەوە. بڕوانە: گۆڤاری هەنار ژمارە (١٢)، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا: ٢٣- ٣٢.

[٤] – هەروەها لەسەر ئاستی کەلتوور و ڕۆشنبیری کوردیی، کۆمەڵێك ئاستەنگیی گشتی هەیە کە بۆ زۆربەی کارە ئەدەبی و لێکۆڵینەوەکان دەبنە ڕێگر. بڕوانە: یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، چ (شڤان)، شێخ مەحموودی حەفید لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا، لا: ٣٥١- ٣٥٢.

٢– کەمی سەرچاوە و مێژووی تاڕادەیەك دووری ئەو کات و سەردەمەی لێکۆڵینەوەکە مەبەستییەتی.

٣– نەمان و لەناوچوونی کتێبخانە و ئەرشیڤی (عەبدال خان)[°]، سەخترین و بێچارەترین گرفتی بەردەم ئەم لێکۆڵینەوەین، چونکە ئەگەر هەندێك لە بەرهەمەکانی بگەیشتنایەتە ئەم سەردەمە، ئەو کات ڕەنگ بوو زۆر پێش ئێمە ئەم کەسایەتییە باس و خواسی چڕ و پڕی لەسەر بکرایە.

هەر لەبەر ئەو هۆکارانە و چەندینی دیکە، کۆمەڵێك زانیاری لە نێو مێژوو و فەرهەنگی گەلی کورددا ونبوون و تائێستاش وەك پێویست، باس و خواسیان لەسەر نەکراوە. لەو نێوانەدا دەیان کەسایەتی و هەزاران دەستنووس و پاشماوەی فۆلکلۆر و کەلەپووری، بەر شاڵاوی فەوتاندن کەوتوون، کە بۆ پێشکەوتنی ئەمڕۆ و ڕۆشنبیری و تاووتێکردنی کەلتووری کوردی، دەبوونە سەرچاوە و پشت و پەنا بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان، چونکە ئەرشیڤ و بەڵگەنامەی پێویست و تەواومان لەبەردەست دا نییە کە بتوانین بۆ

° – لە باسەکانی دواتردا، خوێنەر باشتر لە مەبەستی ئەم خاڵە تێ دەگات.



دۆزینەوەی ڕاستیی و دروستیی ڕووداو و جێبەجێکردنی پڕۆژە و کایە ئەدەبی و هونەرییەکان، کەڵکیان لێ وەربگرین.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

تەوەری دووەم:

# دەستەبەركردنی زانیاری و سەرچاوە

یەكێك لەو ڕایەڵانەی خزمەتی مرۆڤایەتی دەكات كتێب و بابەتە نووسراوەكانە، هەرچەند لە هەندێك بواری تەسكدا زیانی پێگەیاندووە، بەڵام لەهەمان كاتدا بایەخ و ڕۆڵ و كاریگەریی بەسەر ئاستی ڕۆشنبیركردنی مرۆڤ و كاردانەوەی هەرە گەورەی هەبووە بەسەر ژیان و تەمەن و سروشت و هەموو ئەو چەمكانەوە كە پەیوەندییان بە پێشكەوتن و شارستانییەتەوە هەیە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گەر بمانەوێ باس لە هەر بوارێكی ئەدەبی، كۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی بكەین، زۆرجار دەستەوستان دەمێنینەوە و ڕەنگە زۆرجاریش نائومێدانە واز لە كارەكەمان بهێنین...

بۆ ئەم لێكۆڵینەوەیە، جگەلە كتێبێك بەناوی (كورد لە مێژووی دراوسێكانیدا) یان سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، لە هیچ سەرچاوەیەكی دیكەدا بەتایبەت و بە



مەكتەبی بیروهۆشیاری

ورد و درێژی باس لەو میر و میرنشینە نەكراوە، تاكوو خوێنەران پێی ئاشنا ببن و توێژەران پشتوانی لێكۆڵینەوەی لەسەر بكەن!

لەسەرەتای دەرچوونی كتێبی سیاحەتنامەدا لە ساڵی (١٩٧٩ [١])ەوە پێی ئاشنابووم و لەماوەیەكی زۆر كەمدا خوێندمەوە، دواتر لە ساڵی (١٩٨٢ [٢])دا دیسان لە (میراوێ[٣]) كتێبەكەم دەستكەوتەوە و جارێكی دیكە خوێندمەوە. هەر ئەو كاتە زۆربەی بابەتەكانی نێو كتێبەكە كۆمەڵێك زانیارییان دامێ، كە بۆ كات و ساتی تەمەنی خۆم و بارودۆخی ئەوسای كوردستان، كەڵكی زۆرم لێ وەرگرت.

[١] – مەبەستمان لە وەرگێڕانەكەی مامۆستا سەعید ناكامە، كە دواتر بە وردی باسی دەكەین.

[٢] – لە سەرەتای هەشتكاندا دەزگای (سەیدیان) لە مهاباد كۆمەڵێك كتێبی چاپ كردەوە، یەكێك لەو كتێبانە (سیاحەتامەكەی ئەولیا چەلەبی) بوو. هەرچەند مامۆستا مستەفا نەریمان پێی وایە چاپی دووەمی (سەیدیان) لە ساڵی (١٩٨٤)دا بووە. بڕوانە: بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵەی كتێبی كوردی ١٧٨٧– ١٩٨٦، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ١٩٨٨، چ (الزمان)، لا: ٢١٣. بەڵام وای بۆ دەچم ئەو كتێبەی لە (میراوێ) كڕیمەوە چاپەكەی سەیدیان بوو؟!

[٣] – میراوێ: گوندێكی گەورەیە لە ناوچەی پیرانان (پیرانشار) كە سەر بە (موكریان)ە لە خۆرهەڵاتی كوردستان.

بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند جارێکی دیکە خوێندمەوە، چیرۆك و بەسەرهاتی عەبدال خانی بدلیس، زۆرتر لە هەموو بابەتەکانی نێو ئەم سەرچاوەیە سەرنجی ڕاکێشام، کە ماوەی سێ ساڵ دەبێ چەند بابەتێکی جیاوازم لەسەر ئەم کتێبە ئامادەکردووە، لەژێر ناونیشانی: خوێندنەوەیەکی گشتیی سیاحەتنامە، ئەنفالی ئێزدییەکان، کەلەپووری کوردیی لە سیاحەتنامەدا، عەبدال خانی بدلیس کەسایەتییەکی گەورە و باس و خواسێکی کەم[4]، بەڵام هەرچەندم دەکرد نەدەگەیشتمە ئەو ئاستەی بڵێم: (دارێکم لەسەر بەردێك داناوە) و بڵاویان بکەمەوە. چونکە پێمابوو بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئاوڕ لە هەر بابەتێکیان بدەیتەوە، هەست دەکەیت بابەتێکی گرنگتر فەرامۆش کردووە. بەڵام پێمابێ گرنگترین

[4] – لەڕاستیدا لێکۆڵینەوەیەکی (١٤) لاپەڕەی کۆمپیوتەر بوو، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا بەناوی (لێکچوونی تێکستیی گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی لە نێوان هەردوو دیالێکتی کرمانجی ژووروو و خوارووودا، وەك نموونە) پێشکەش کرا بە فێستیڤاڵی گەلاوێژی ساڵی (٢٠٠٦)، بەڵام بەداخەوە هیچیان بەخت ئاوڕی لێنەدانەوە و بۆ ئەو بۆنەیە لەلایەن لێژنەی هەڵسەنگاندن و پسپۆڕەوە وەك بابەتێکی شیاو هەڵنەسەنگێنران! ؟



باس و بابەتێك کە پێویستی فرەتری بە بایەخ و لێکۆڵینەوە هەبێ، ئەم تەوەرەیە کە هەڵمان بژاردووە.

هەر بۆ ئەم مەبەستە، ئاگاداریی هەندێك لە شارەزایانی مێژووی کوردم کرد، لەناویاندا هەندێك لە هاوڕێیانی باکووری کوردستان، ئەوانیش سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێك کتێبی (کوردی لاتین و تورکی) لە کتێبخانەی ئینستیتوتی کەلەپووری کورددا، نەیانتوانی بەتەواوەتی بۆ لێکۆڵینەوەکەم هاوکاریم بکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان هەندێك زانیاری دەستەبەر بکەین:

چیرۆکنووس (حەیدەر ئیشك)، چیرۆك و بەسەرهاتی ئەم کەسایەتییەی لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا بە زمانی تورکیی نووسیوە بەناوی: ئەو نانە خوێناوییەی کە بۆ بەگی بدلیسێ (عەبدال خان) نێردرا، لە ساڵی (٢٠٠٦)دا و لە دووتوێی کتێبێکی (٢٨٨) لاپەڕەیی قەوارە (١٤ بە ٢٠)دا، دەزگای (پێری) لە ئەستەمبوڵ، چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. (حەیدەر ئیشك)، میتۆد و تێکستیی سیاحەتنامەکەی کردووە بە ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانە، بایەخی تەواوی داوە بە کەسایەتیی عەبدال خان و هەوڵی داوە پەیوەندیی ئەویندارێی نێوان خان و

(سۆفیا)ی کەنیزەکەوە، وەك سومبولێك لە ڕۆمانەکەدا دەربخات[٥]. هەر بەپێی سەرچاوەکە، پرسیارێك لەو کتێبەدا خۆی قووت دەکاتەوە و دەڵێ: بۆ ئەوەندە ئەولیا لە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی (عەبدال خان)دا بووە؟![٦]

هەروەها د. فەرهاد پیرباڵ، بابەتێکدا بەناوی (زمانی کوردیی لە ساڵی ١٦٥٥– خوێندنەوەیەکی سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی[٧]) و دووبارە لە کتێبی (کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە) بڵاوکردۆتەوە، کە لەوێشدا تیشك خراوەتە سەر زمانی کوردی، نەك عەبدال خان.[٨]

لەبەرئەوە دیسان ناچاربوومەوە پشت بە سیاحەتنامەکە ببەستم. لە ڕاستیدا ئەو زانیارییانەی لەم کتێبەدا تۆمارکراون، جێگەی متمانە و پیشت پێبەستنن، چونکە نووسەرەکەی کورد نەبووە و بۆ

[٥] – لە سایتی (www.haydar-isik.com) وەرگیراوە.

[٦] – هەروەها دواتریش کەڵکم لە چەند سایتێکی تر وەرگرتووە.

[٧] – بنکەی گەلاوێژ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (١٠)، سلێمانی، ساڵی (١٩٩٨)، چ (؟)، لا: ٤٨.

[٨] – لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، چ (وەزارەتی پەروەردە)، ٢٠٠٦.



هیچ مەبەستێکی کوردایەتی نەنووسراوە، بەڵکوو تارادەیەك وەك دوژمنێك هاتۆتە کوردستان و گەشتەکەی نووسیوەتەوە. لەبەرئەوە دەکرێ وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ باسەکەمان کەڵکی لێوەربگرین، چونکە بەشێکی گرنگی ناوەرۆك و بابەتەکانی نێو سیاحەتنامەکە کە دەکاتە نزیکەی (١٢٨) لاپەڕە، بە پەرش و بڵاوی باس لە میرنشینی بدلیس و عەبدال خان دەکات.

# پشتبەستن بە فۆلكلۆری كوردی

ماوەی چوار ساڵێكە خەریكی خزمەتكردنی كتێبخانەی ئینستیتیوتی كەلەپووری كوردین و بە بەردەوامی كار لەسەر سەرچاوەكانی فۆلكلۆری كوردی دەكەین، هەر لەو پێناوەدا بیبلیۆگرافیایەكمان بۆ فۆلكلۆری كوردی سازكردووە[9]، چونكە (فۆلكلۆر) بۆ خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی لە فەرهەنگی كوردیدا بزرن و تۆمار نەكراون سەرچاوەیەكی بێگەردە، لەبەرئەوە بۆ دەوڵەمەندكردنی بابەتەكە، هانام بۆ فۆلكلۆر برد و هەوڵم دا لەنێو كتێبە فۆلكلۆرییەكاندا، داستان یان لاوكێكی قارەمانی لەسەر ئەم كارەسات و كەسایەتییە پەیدابكەم[10]. هەرچەند لە دوو كتێبێكدا

---

[9] – بڕوانە: بیبلیۆگرافیای كتێبی فۆلكلۆریی كوردی، ١٨٦٠– ٢٠٠٤، پڕۆژەی كتێبخانەی ئینستیتیوتی كەلەپوری كورد، ئامادەكردنی: بوار نورەدین، پێشەكیی و پێداچوونەوەی پڕۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠٠٤، سلێمانی، چ (شڤان). هەروەها بڕوانە: www.khi03.com.

[10] – لەڕاستیدا پێشتر بۆ چەند لێكۆڵینەوەیەكی دیكە كەڵكم لە فۆلكلۆری كوردی وەرگرتووە، چونكە پێم وایە یەكێك لە هۆكارەكانی دەوڵەمەند بوونی فۆلكلۆری كوردی، ئەو جەنگ و شەڕ و شۆڕانەیە كە لە مێژووی



ناوی سێ گۆرانی هاتووە بە ناونیشانی (سەیید خان)[11]، هەروەها بەناونیشانی (خان ئاڤدەل، خان

---

كوردستاندا ڕوویان داوە و ڕەنگدانەوەی فرە و دیاریان هەبووە بەسەریدا.
بڕوانە:

- دەنگی مێینە لە گۆرانی فۆلكلۆری كوردیدا، ئینستیتیوتی كەلەپوری كورد، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (شڤان).
- ڕەدووكەوتن لە كەلتووری كوردیدا، ئینستیتیوتی كەلەپوری كورد، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧، چ (ئاراس)، لا: ١٨٧– ٢١٤.
- یادنامە، بەبۆنەی یادی پەنجا ساڵەی كۆچی دوایی یەكەم مەلیكی كوردستان، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، چ (شڤان)، شێخ مەحموودی حەفید لە گۆرانی فۆلكلۆری كوردیدا، لا: ٢٤٧– ٢٧٨.

[11] – ستranێ زارگۆتنا كوردایە تاریقیێ، كۆكردنەوە و ئامادەكردنی: ئۆردیخانی جەلیل، شوكور موستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد هێناویانەتە سەر ڕێنووسی كوردیی ئەمڕۆ و فەرهەنگیان بۆ كردووە، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد، چ (كۆڕ)، بەغدا، ١٩٧٨. هەروەها لە چەند شوێنێكی دیكەدا چەند لاوك و ستران هاتووە كە ناوی (بدلیس، عەڤدالا، شەكرئاغا (چونكە سوپاسالاری عەبدالخان ناوی (چاكر یان شاكر، شەكر ئاغا بووە)، ...) هاتووە، بەڵام لەوەناچێت باس و خواس بێ لەسەر ئەم عەبدالخانەی كە ئێمە مەبەستمانە. بڕوانە لاپەڕەكانی: ١٤١، ٢٦٥، ٣٠٤، ٣٩٧، ٤٠٢، ٤٢٩، ٤٦٥، ٤٦٨). دیسان لە كتێبی (سترانێن گەلێری، سترانێن ل سەر شەڕێن كورد و داگیركەران هاتینە گۆتن، بەرهەڤكرن: كامیران درباس هروری و شڤان شوكری هروری، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای سپیرێز، ٢٠٠٥، چ (وەزارەتی پەروەردە)، هەولێر)دا چەند تێكستێكی لەم شێوەیە هەیە. بڕوانە لاپەڕەكانی: ٥١، ٦٧، ٨٦، ٩٠، ٣٥١.

ئاڤدەل میرا)[12]. کە لـە ڕاسـتیدا تێکـستی گۆرانییـەکان ئالۆزن و ناتوانین زانیاری پێویست وەربگرین.

ئـەم دوو کۆپلەیـە و لـە سـترانی (خـان ئاڤـدەل)، وەردەگرین:

**خینێ لکومێ نەڕێژی، خانای خان ئاڤدەل**
**خان ئاڤدەلای توی لالی، خانای خان ئاڤدەل**
**دەست لشیر و مەرتالی، خانای خان ئاڤدەل**
**خینێ ل کومات مالی شێرای بازینێ زەڕ.**[13]

نـاوی عەبـدال، لـە زاراوەکـانی زمـانی کوردیـدا بـە (ئاڤـدەل، ئـاودەل، ئەبـدال، عەڤـدال) بـەکاردەبرێت، هەروەها لە مێژووی کورددا کۆمـەڵێك کەسـایەتی دیکـە هەیە بەم ناوە[14]. بەڵام تێکستی هۆنراوەکە نادیـارە کـە مەبەست لەم خـان عەبدالەیـە وائێمـە مەبەسـتمانە یـان نا؟! هەروەها ناوەرۆکی هۆنراوەکەش شتێك دەرناخات دەربـارەی ئـەو ڕووداوە مێژووییانـە، یـان کەسـایەتی

---

[12] – شەهیان، سەرهاتێت شەهیان و گۆڤەند و هۆزانێن فولکلوری ل دەڤەرا هەکاری، پشکا ئێکی، نڤیسین و ئو دەرئینانا: فەزلـەدین نێروەیـی، چـاپی یەکەم لە چاپخانەی (زاخۆ) لە زاخۆ چاپکراوە، ٢٠٠٢.

[13] – سەرچاوەی پێشوو، لا: ٢٠٠.

[14] – بڕوانە: مشاهير الكرد و كردستان، الجزء الثاني، اعـداد: رفيـق صـالح، بنکەی ژین، السليمانية، ٢٠٠٥، م (شڤان)، ص: ٢٨٣– ٢٨٤.



خانمان بۆ بگێڕێتەوە. لەبەرئەوە لە زانست و ئەرشیڤی (فۆلکلۆر)یش بێئومێد دەبین کـە بـۆ لێکۆڵینەوەکـەمان یارمەتیمان بدات، هەرچەند بێگومانم لەوەی کـە ئەگـەر فۆلکلۆری کـوردی بەتـەواوی و مەیـدانی لـە ناوچـەکانی بـدلیس و دەوروبـەری کۆبکرایەتـەوە و لەبەردەسـت بوایە، زانیاری و تێکستی بـەهێزمان دەسـتدەکەوت بـۆ کەڵك و پاساو هێنانەوەی بابەتەکە[15].

لەبەرئەوەی ئەولیا چـەلەبی بـاس لـە شـاعیرییەتی و دیوانی شیعری عەبدال خان دەکات[16]، گەڕانێکمان کـرد بـە نێـو بەرگـەکانی کتێبـی (کەشـکۆڵی کەلـەپووری ئـەدەبی کـوردی)دا و ئاگـادار کردنـەوەی مامۆسـتا (محەمەد عەلی قەرەداغی)، بەداخـەوە تـەنیا لـە بـەرگی دووەم لاپەڕە (٦٩)دا بابـەتێك و بـەیتێك هەیـە بـەناوی

---

[15] – هەرچـەند کۆمـەڵێك فۆلکلۆریـست و نووسـەری بـاکووری کوردسـتانم ئاگادار کردەوە بۆئەوەی بگەڕێن و هەوڵبدەن تێکستم لەسەر ئەم قۆناغە بۆ پەیدا بکەن، بەڵام بەداخەوە بێهوودە بوو.

[16] – سـیاحەتنامە، لا: ١١٨. مامۆسـتا سـەعید ناکـام لـە پـەراوێزدا نووسییەتی: ((دانەر (کە مەبەستی ئـەولیا چـەلەبییە) لێـرەدا حـەوت پێـنج خشتەکی نووسیوە کە لە باری کێش و قافیەوە ناڕێکە و جگە لـە تـورکی و تورکمانی وشەی کـوردی تێـدا نییـە، سـەرەڕای ئەمـەش هەڵـەی چاپی زۆر تێدایـە، پـێم وایـە شـکڵ نـووس کردنـەوەی سـوودێك نابەخـشێ، بۆیـە نەمنووسی)).

(بەیتی خان ئاودەلی میری سۆران) و هەندێك باس لە ناو عەبدالەکانی شەرەفنامە دەکات، بەڵام لەوەناچێ نە بەیتەکە و نە باسەکە پەیوەندی بە عەبدال خانەکەی ئێمەوە هەبێ[17].

[17] – کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٢، چ (دار الحریە).



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ناسنامەی کتێبی (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی)

ئەم کتێبە بەناوی (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) بە زمانی تورکی عوسمانی لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەی زاینیدا نووسراوە و لە (١٠) بەرگ پێکدێت. پێنج نوسخەی دەستخەتی سیاحەتنامە لە مۆزەخانەی ئەستەمبوڵە. چونکە ئەولیا لە هەر ناوچەیەك شتی نووسیبێت هەوڵی داوە بە زاراوەی ئەو ناوچەیە بنووسێت، لەبەرئەوە بە فەرهەنگێکی زمانەوانی دادەنرێت.

بۆ یەکەمجار لە قاهیرە لە ساڵی (١٨٤٨)دا لە چاپخانەی (بولاك) بەناونیشانی (منتەهاباتی ئەولیا چەلەبی) چاپکراوە. ئەحمەد جەودەت و نەجیب عاسم بەگ، بەپێی ئەو نووسخەیەی کە لە کتێبخانەی (پەرتەو پاشا)دا هەبووە لە ساڵی (١٨٩٦)دا لە ئەستەمبوڵ دەستیان کردووە بە چاپکردنی تاکو ساڵی (١٩٠٢) شەش بەرگی چاپکراوە، بەرگی حەوتەم و

هەشتەم لە ساڵی (١٩٢٨)دا لەلایەن ئەنجوومەنی مێژووی تورك و بەرگی (٩ و ١٠)ی لە ساڵی (١٩٣٨)دا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی میللیی تورکیاوە، چاپکراون. دواتر بەرەبەرە لە ناوەڕاستی سەدەی بیست بەرهەمەکە لە (١٠) بەرگدا بەشێوەیەکی کورتکراوە و هەڵبژاردراو لەلایەن چەند لێکۆڵەرێك چاپکراوەتەوە.

**ئەمەش کورتەی ناوەڕۆکی بەرگەکانی (سیاحەتنامە)یە:**

**بەرگی یەکەم:** تایبەتە بە ئەستەمبوڵ.

**بەرگی دووەم:** باسکردنی شاری بورسە و مودانیان و بەسەرهاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی. سوڵتانەکانی عوسمانی پێش داگیرکردنی ئەستەمبوڵ، زانا و شاعیری بۆرسە.

**بەرگی سێیەم:** سەفەرەکەی نێوان ئوسکودار و شام کە گەلێك لەو شارانە دەگرێتەوە کە دەکەونە نێوان (ئوسکودار– شام)، جگەلە ناوچەکانی سلسترا و فلیپە و ئەدرنە و سۆفیا.



**بەرگی چوارەم:** لە ئەستەمبوڵەوە بۆ وان و ئەو شار و شارۆچکانەی دەکەوێتە ناویانەوە. دواتر وەك ناوبژیوان دەنرێدرێت بۆ ئێران. هەروەها هەندێ زانیاری دەربارەی عیراق و ئێران نووسیوە.

**بەرگی پێنجەم:** باس لە (تۆقات)ەوە بۆ (رومێلی) و لە سەرەقامشەوە بۆ ئەوروپا، دەکات.

**بەرگی شەشەم:** دەربارەی هەنگاریا و ئەڵمانیایە.

**بەرگی حەوتەم:** باس لە نەمسا و قرم و داغستان، چەرکەزستان، وڵاتی کپچاك، دەکات.

**بەرگی هەشتەم:** دیسان قرم و گریت. ڕووداوەکانی سەلانیك و رومێلی.

**بەرگی نۆیەم:** لە ئەستەمبوڵەوە تاکو مەککە و مەدینە و ئەو شار و شارۆچکانەی دیونی و دەربارەی ئەو دووشارەش (واتە مەککە و مەدینە) زانیاری تەواوی تۆمار کردووە.

**بەرگی دەیەم:** دەربارەی میسر و دەوروبەریەتی))[١٨].

---

[١٨] – ئەم زانیارییانە بەشێوەیەکی کورتکراوە لە سایتی (türk tarihi) وەرگیراوە.

ئەم كتێبە لە زمانی توركییەوە وەرگێڕدراوە بۆ زۆربەی زمانانی جیهان، بەڵام لەبەرئەوەی كە بە شێوە توركییە عوسمانییەكە چاپكراوە، جێگەی تێگەیشتنی خوێنەری توركی ئەمڕۆ نەبوە، لەكاتێكدا لە سەردەمی عوسمانییەكاندا لەدوای پێداچوونەوەی لیژنەی سانسۆرەوە چاپكراوە، دواتریش هەندێك لە بەشەكانی سیاحەتنامە، لەلای دەزگاكانی بڵاوكردنەوە بە ناپێویست لەقەڵەم دراوە و كۆمەڵێك زانیارییان لێ دەرهێناوە، واتە بە كەموكورتی چاپكراوە. دواتر كە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانی بیانییەوە وەك سەرچاوەیەكی گرنگ باسكراوە و بایەخیی پێدراوە، ئەو كات توركەكانیش ئاوڕیان لێداوەتەوە، بەڵام هێشتا نادیارە كە بەتەواوەتی و بەبێ مقەست چاپكرابێ یان نا ! ؟)[19]

لە باشووری كوردستان و لەو قۆناغە گرنگەی كۆڕی زانیاری كورد و دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردیدا...، مامۆستا (سەعید ناكام) ئەم بەشەی تایبەت بە مێژووی كوردی (كە بەشێك دەكات لە بەرگی چوارەم[20]) لە توركییەوە بەناونیشانی (كورد لە مێژووی

[19] – لە سایتی (www.ykykultur.com.tr) وەرگیراوە.

[20] – سیاحەتنامە، لا: ٣٢٦.



دراوسێكانیدا– سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) وەرگێڕا بۆ سەر زمانی كوردی، كۆڕی زانیاری كورد چاپی كرد و بڵاوی كردەوە، لە چاپخانەی (كۆڕ) لە بەغدا چاپكراوە و ژمارەی سپاردن (١٢٤٨)ی ساڵی (١٩٧٩) وەرگرتووە. نرخی (٧٥٠) فلس بووە و (٢٠٠٠) دانەی لێ چاپ كراوە و لە (٣٧٢) لاپەڕەی قەوارە (١٦ بە ٢٣,٥) سم، پێك هاتووە.

هەر لەسەر وەرگێڕاوە كوردییەكەیەوە[21] (فارووق كەیخوسرەوی) لە ساڵی (١٣٦٤)ی هیجری قەمەری (بەرامبەر ١٩٨٥) زایینیدا وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و ئینتیشاراتیی سەلاحەدینی ئەییوبی لە ورمێ بەناوی (كرد در تاریخ همسایگان– سیاحتنامە اولیا چلبی)، بە تیراژی (٣٠٠٠) دانە لە چاپخانەی (سپهر) لە تاران چاپكراوە. نرخی (٧٥٠) ڕیاڵ بووە و لە (٢٩٩) لاپەڕەی قەوارە (١٦ بە ٢٣,٥) سم، واتە (وەزیری) پێكهاتووە.

[21] – وەرگێڕ لە پێشەكییەكەیدا ئاماژەی پێكردووە كە لە وەرگێڕاوە كوردییەكەوە وەرگێڕاوەتەوە بۆ زمانی فارسی.

# گەشتنامەکە (سیاحەتنامەکە)

دەتوانین کورتەیەك لە گەشتەکە بەم شێوەیە بنووسین: یەکەم ڕۆژی گەشتەکە، لە یەکەم ڕۆژی مانگی جومادی یەکەمی ساڵی (١٠٦٥)ی کۆچی لە شاری (ئوسکودار)ەوە بەرەو ئەیالەتی (وان) دەستی پێ کردووە[٢٢]، واتە پتر لە (٣٦٠) ساڵ لەمەوبەر. دواتر گەشتەکانی بەرەو وڵاتی عەجەم، هەر بەردەوام بووە. لەم گەشتەدا کۆمەڵێك ڕووداو و بەسەرهات ڕوویان داوە کە تایبەتن بە گەلی کورد و ئەولیا لە گەشتنامەکەیدا نووسیونی، لەکاتێکدا بەرگەکانی سیاحەتنامە زۆرن و تەنیا بەشێك لە بەرگی چوارەمی وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی" لەوەدەچێ تەنیا لەم بەشەدا باسی کوردی تێدا کردبێ، چونکە ئێمە بەتەواوی ئاگاداری بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە نین.

[٢٢] – سیاحەتنامە، لا: ٧.



ئەم گەشتەی بە هاوەڵی پاشای عوسمانی (مەلیك ئەحمەد پاشا) کردووە. ئەم پاشایە لە خوڵام و خزمەتکار و (چۆغەداری)[٢٣] ژوورە تایبەتییەکانی سوڵتانەکانەوە پێگەیشتووە و پێشکەوتووە، تاکوو گەیشتۆتە پایەی سەدری ئەعزەمی، پاشان لێ کەوتووە و کراوە بە والی (وان)" هەروەك خۆی دەیگێڕێتەوە لە ڕووداوێکدا کە فریای سوڵتان مورادی چوارەم[٢٤] کەوتووە، پلەوپایەی لە چۆغەدارەوە بووە بە مەلیك ئەحمەد.[٢٥]

[٢٣] – چۆغەدار: چۆغە، بەمانای (چۆغك) سەر کەوای شاڵ دێت. **(هەمبانە بۆرینە)**. بەڵام بە بەشی سەرەوەی جلی کوردیی پیاوانیش دەگوترێ چۆغە. کە دەکرێ ئەم ناوە (چۆغەدار) لەوەوە هاتبێت کە لە کۆندا خزمەتکاریی پیاوە گەورەکان چۆغە و شاڵیان ڕاگرتووە بۆ گەورەکانیان، چونکە لە زمانی تورکیی عوسمانیشدا هەر (چۆغەدار)یان پێ گوتووە. فەرهەنگی دەزگای زمانی تورکی (www.tdk.com).

[٢٤] – سوڵتان مورادی چوارەم: کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی مورادی کوڕی سەلیمی کوڕی سلێمانی قانوونی کوڕی بایەزیدی کوڕی محەمەدی فاتیحە، یەکێکە لە هەژدەیەمین سوڵتان و خەلیفەکانی عوسمانی لە نێوان ساڵانی (١٠١٨ ك کە دەکاتە ١٦١٢ ز) ژیاوە (واتە لە دایك بووە)، ماوەی (١٧) ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە. بڕوانە: عوسمانییەکان، لە عوسمانی کوڕی ئورتغلەوە تا سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم، و: سەلام عەبدولکەریم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، چ (گەنج)، ٢٠٠٧، لا: ١٠٦.

[٢٥] – سیاحەتنامە، لا: ٢٢٨– ٢٢٩..

لەم گەشتەدا بە نێو بەشێك لە ناوچەكانی باكووری كوردستاندا گەڕاون، دواتر هاتوون بەرەو ناوچەی بدلیس (كە تایبەتە بە ناوچە و مێژووی ئەم لێكۆڵینەوەیە). هەرچەند ئەولیا نیازی ئەم سەفەرەی خۆیی و والی دیاربەكر و لەشكرەكەیان، بەتەواوی دەرناخات، بەڵام هەروەك دواتر بۆمان دەردەكەوێت، كە بە مەبەستی سەربازیی و دەستكەوتی باج و تاڵان، ڕوویان لە ناوچەی بدلیس كردبێ... بەهەرحاڵ لەم گەشتەدا باس لە كۆمەڵێك بابەت و ڕووداو و زانیاری دەكات، بەڵام پڕ بایەخترینیان ئەم تەوەرەیە كە ئێمە هەڵمان بژاردووە و هەوڵمان داوە لێكۆڵینەوەی لەسەر بكەین، كە دەتوانین بەم شێوەیە كورتە پێناسەیەكی بۆ بكەین: لە سەرەتادا بۆ ماوەی دە ڕۆژ میوانی میری بدلیس (عەبدال خان) دەبن، دواتر ڕوو دەكەنە ئەیالەتی (وان) و دوای چەند ڕۆژێك سوپایەك كۆدەكەنەوە بەناوی سوپای كوردستان (جگە لەهێزەكەی لەگەڵیاندا بووە)، بە هەندێ بڕوبیانووەوە هەڵدەكەوتنە سەر میرنشینی بدلیس و دوای شەڕێكی درێژخایەن و كوشتارێكی زۆری هەردوو لا، عەبدال خان ڕوو دەكاتە چیاكانی مۆدەكی. دواتر عوسمانییەكان



ماڵ و سامان، تەنانەت كتێبخانە و ئەرشیڤە دەوڵەمەندەكەی ئەم میرنشینە تاڵان دەكەن.

جگە لە بابەتەكەی ئێمە، ئەولیا لە گەشتەكانیدا، دەستی كردووە بە نووسینەوەی ئەو شتانەی كە ڕۆژ بە ڕۆژ و ناوچە بە ناوچە و شار بە شار و قەڵا بە قەڵا دیویانە و گوزەریان پێدا كردووە، لە باسی تۆماركردنی زانیاری لەسەر چۆنیەتی كەلەپوور و ژیان و ژیار و شارستانی ئەو سەردەمەی گەلی كورد، دەكرێ وەك سەرچاوەیەكی بایەخدار تەماشای بكرێ و هەندێك لە ئەرشیڤی كەلەپووری ونبووی كوردی تێدا بدۆزرێتەوە.

# ئەوليا چەلەبی

لەکاتێکدا بتەوێ کتێب یان بابەتی نووسەرێك تاووتوێ بکەیت، ئەگەر بکرێ پێویستە ئاوڕێك لە ژیان و کار و هەموو ئەو باسانە بدەیتەوە کە پەیوەندییان بەو کەسەوە هەیە، چونکە بێگومان چۆنییەتی ئەو زانیارییانە کار و کاردانەوە و کاریگەرییان دەبێت بەسەر بەرهەمەکەیدا. لەبەرئەوەی ئەم بابەتەی کە لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردووە، پەیوەستە بە کتێبی (سیاحەتنامە) و لە هەموو سەرچاوەکان فرەتر و باشتر وەڵامی هەندێ لە پرسیار و نهێنییەکانمان دەداتەوە، پێمان باش بوو بەپێی توانا و بەرجەستەبوونی زانیارییەکان، ئاوڕێك لە مێژووی زانراوی ژیانی (ئەولیا چەلەبی) بدەینەوە.

ئەولیا چەلەبی (تورك) زوبان بووە و بەپێی گوتەی خۆی حەزی لە گەشت و گەڕانی دنیا کردووە و (٤٠) ساڵ خەریکی گەڕان بووە. ((لە ساڵی (١٦١١ ز) لە شاری ئەستەمبوڵ لە دایك بووە، بنەماڵەکەی خەڵکی شاری (کوتەهیا) بوون و دوای داگیرکردنی ئەستەمبوڵ



لەلایەن عوسمانییەکانەوە لەوێ نیشتەجێ بوون. باوکی ناوی (دەروێش محەمەد زللی ئەفەندی) و باش وەستای زێڕنگەڕی سەرای عوسمانییەکان بووە. لەبەرئەوەی (دەروێش محەمەد زللی ئەفەندی) ڕێز و حورمەتێکی تایبەتی بۆ (ئەولیا محەمەد ئەفەندی) هەبووە، نازناوی (ئەولیا)ی پێ بەخشیون. (ئەولیا)ی کوڕی (دەروێش محەمەد) قوتابخانەی سەرەتایی (سوپیان)ی تەواوکردووە و دوایی لە مەدرەسەی حەمیدەفەندی بۆ ماوەی (٧) ساڵ پەروەردە کراوە، لەم ناوەدا لە مەدرەسەی (سەعدی زادەی دارولقورئان)، قورئانی لەبەر کردووە، لەباوکییەوە فێری هونەری خەتخۆشیی و نەخش و هۆنینەوە (تەسحیب) بووە. لە ساڵی (١٦٣٥)دا لە ڕێگەی پورزاکەی (سیلاحدار مەلەك ئەحمەد ئاغا) لە مزگەوتی (ئایا سۆفیا) پێشکەش بە سوڵتان مورادی چوارەم کراوە. دواتر لە مەکتەبی (ئەندەروون) کە پیاوی پایەبەرز و عەسکەری و سیاسی لێ پەروەدە کراوە و گرنگترین مەکتەبی عوسمانییەکان بووە، پەروەدە کراوە و دوای چوار ساڵ بە (٤٠) ئاقچەی سوپایی هەر لەوێ دامەزراوە، واتە سوپای (زومرە). لە تەمەنی لاویەتیدا ئارەزووی گەشت و

گەڕان و ناسینی کۆمەڵ و شارستانی و هونەری تەلارسازی بووە.

باوکی لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونیدا وەك پیاوێکی دنیادیدە و قسەخۆش و نوکەتەزان ناوی دەرکردووە، ئەمەش کاری کردۆتەوە سەر ئەولیا و ویستویەتی بە باوکی بچێتەوە.

باوکی، حەزی لە گەشتیاری کوڕەکەی نەکردووە و ڕێگەی پێ نەداوە. دواتر بە نهێنی چووە بۆ بۆرسا. لەکاتێکدا کە (واردار عەلی پاشا) لە دەوڵەت یاخی بووە، هەروەها لە ڕاپەڕینی جەلالییەکاندا[٢٦]، ئەولیا، ڕۆڵی ناوبژیوانی دیوە و نامەی بۆ هەردوو لا هێناوە.

لە ساڵی (١٦٥٠)دا مەلیك ئەحمەد پاشا (واتە والی دیاربەکر)، بۆتە سەدری ئەعزەم و دەرفەت و بواری گەڕانی فرەتر بۆ ئەولیا ڕەخساوە، دیسانەوە لە دوای ساڵی (١٦٥٣)ەوە ڕۆڵی ناوبژیوان و نامە هێنان و بردنی لە نێوان ڕووس و عوسمانییەکاندا دیوە.

[٢٦] – لە مەکتوباتی عوسمانیدا وشەی (جەلالی) پێشتر هەر بۆ کوردەکان بەکارهاتووە و دواتر یاخیبوون و ڕاپەڕینی هۆز و کۆمەڵەکانی تریشیان بەم ناوە ناوزەند کردووە.



کەسێکی ئازا و چالاك بووە و ژن و منداڵی نەبووە. سەرەڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی زەنگین بووە و لە دوای شەڕەکانیش خەڵات و تالانی دەست کەوتووە، هەروەها کاری بازرگانیشی کردووە، لەبەر ئەمانە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەی بەسەر بردووە. هەرچەند بەتەواوی پشت ڕاست نەکراوەتەوە، بەڵام گوتراوە کە لە ساڵی (١٦٨٢)دا کۆچی دوایی کردوە.

هاوەڵی پاشا و گەورە پیاوانی عوسمانی بووە، بەڵام حەزی لە کورسی دەسەڵات و پلەوپایەی حکومی نەبووە. بەرامبەر بە دیمەنەکانی دیویەتی بێدەنگ نەبووە و لە یاداشتەکانی دا تۆماری کردوون))[٢٧].

((ئەولیا چەلەبی لە گەشتنامەکەیدا، جاری وا هەیە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی و ڕابواردن ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، جاریش هەبووە بۆئەوەی بابەتەکە ڕەنگینتر و سەرنج ڕاکێشتر بکات، ڕووداو و باسی هەڵبەستراو دەگێڕێتەوە))[٢٨].

[٢٧] – ئەم زانیارییانە بەشێوەیەکی کورتکراوە لە سایتی (türk tarihi) وەرگیراوە.

[٢٨] – لە سایتی (wikipedia.org) وەرگیراوە. ئاماژەی ئەم سایتە تورکییە، دەکرێ پاساوێك بێت بۆ ئەو تاوانانەی کە عوسمانییەکان

## هەڵسەنگاندنێکی سەرچاوەکە

ئەم کتێبە هەمیشە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بەچاوێکی پڕبایەخەوە تەماشای کراوە، هەروەها کەسایەتی ئەولیا چەلەبیش وەك مێژوونووس و کەسێکی دەستپاك و بەئەمەك، ناوی هاتووە. هەرچەند ئێمە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتمان بە هەندێ سەرچاوەی دیکە بەستووە، بەڵام هەروەك لە زۆر شوێندا گوتومە، بۆ ئەو قۆناغەی ئێمە دەمانەوێ قسەی لەسەر بکەین، بە گرنگترین کتێب دادەنرێ، لەبەرئەوە هەوڵ دەدەین بیخەینەبەر تاووتێکردن و شیکردنەوە.

دەربارەی ئەم کتێبە، وەرگێڕی کوردی لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: ((هەروەك چۆن کەنگر هەڵکەنێك پیشك بۆ کەنگر دادەوەشێنێ، منیش بەوشێوەیە کەوتمە وێزەی ئەم کتێبە، بەڵام لەبری کەنگر (کوپەڵە

کردوویانە و ئەولیا لە گەشتەکانیدا تۆماری کردوون، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن لە ئەرشیڤی خۆیاندا، تاڕادەیەك تاوانی عوسمانییەکان بسڕنەوە...؟!



زێڕم) وە چنگ کەوت. هەروەها دەڵێ: من بە تەمای کتێبێکی تورکی بووم کە سەرەتاکەی بە حەمد و سەنای (سوڵتانولبەڕڕەین وە خاقانول بەحرەین) دەست پێ دەکات و ناوەڕۆکی بریتییە لە فیشاڵ و خۆگیڤکردنەوە و بە ڕێکەوت نەبێ خۆی لە قەرەی ڕاستییەك نادات کە بەرژەوەندی خۆی تێدا نەبێ. کەچی وانەبوو؟!))[٢٩]

هەر لەو پێشەکییەدا دەڵێ: ((ئەگەر بیروڕای سۆفیانەی نووسەری سیاحەتنامە لە بارەی ئایینەوە بخەینە ئەولاوە، چونکو کەمتر پەیوەندی بە مەبەستی ئێمەوە هەیە، دەتوانین بڵێین ئەو شتانەی دیونی و زانیونی بەوپەڕی ڕاستی و دەست و دڵپاکییەوە نووسیونی و نووسینەکانی کەم تا زۆر بۆنی ڕەگەزایەتی و هەڵاواردن و جیاوازکاری لێ نایێ. میر شەرەفخانی بدلیسی وەکو مێژوونوسێکی کورد کتێبی شەرەفنامەی نووسیوە. ئەولیا چەلەبیش ئەم سیاحەتنامەی بۆ تۆمارکردنی دیتن و بیستنەکانی خۆی لە وڵاتەکانی عوسمانیدا نووسیوە، کەچی بۆ ئەوەش

[٢٩] – سیاحەتنامە، لا: ٤.

دەشێ ئەم بەرگەیان ناوی (کوردستان نامە)ی لێ بندرێ، چونکو گەلێك لەو شتانەی دەربڕیوە کە شەرەفنامە خۆی لێ بواردووە))[٣٠].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بە وردی بخوێندرێتەوە، دەکرێ هەست بە شێواز و جیاوازی نووسینەکانی ئەولیا بکرێ، چونکە لە زۆر شوێندا بەپێی گێڕانەوە و تۆمارکردنی ڕووداوەکان، بیروباوەڕ و ڕاوبۆچوونی ئەولیا، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، هەرچەند بە گوتەی خۆی (کەسێکی لە خواترس و موسڵمان بووە)، کە ئەمە وای لێ کردووە هەوڵبدات بەو شێوەیە خۆی بناسێنێ و ڕووداوەکان بە ڕاستگۆیی بنووسێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا و لە زۆر شوێنی دیکەدا زاڵبوون و ڕەنگدانەوەی دەمارگیری نەتەوایەتی ئەولیا چەلەبی"بەسەر نووسینەکانیدا دەخوێندرێتەوە. هەروەك وەرگێڕی کوردی– فارسی لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: ((من بە پێچەوانەی وەرگێڕی کوردی دەڵێم: هەرچەندە نووسەرە تورکەکان هەوڵیان داوە کە لە نووسینەکانیاندا بێلایەن خۆیان دەربخەن، بەڵام ئەم

[٣٠] – سیاحەتنامە، لا: ٤.



کتێبە دەمارگیری ڕەگەزیی سوڵتانەکان و وابەستەکانی دەسەڵاتی عوسمانی بەشێوەیەکی گشتی و بە ڕوونی دەردەخات، هەروەها تاڕادەیەکیش نیشاندانی بوونی ئەم ڕەگەزپەرستییە لە نووسینی ئەولیا چەلەبی دا دیارە[٣١])).

بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوونی دووەم، دوای ڕۆیشتنی ئەحمەد پاشا لە بدلیس، خان داوا لە پاشا دەکات کە ئەولیا بۆ چەند ڕۆژێکی تر لە بدلیس بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی گوایا کەسێکی خواناس و زانست پەرستە (هەروەك لە نووسینەکانیدا باس لە خۆی دەکات و دیارە دەیان جار ئەمەشی لای عەبدال خان درکاندووە!)، بەڵام بێگومان خان مەبەستی دیکەی هەبووە، هەروەك لە دامێنی ئەم باسەدا باسی دەکەین...، ئێمەش پێمان وایە ئەولیا چەلەبی بێلایەن و کاریشی تەنیا گەڕان نەبوە. کە دواتر هەوڵ دەدەین پاساو بۆ ئەم گریمانەیە بهێنینەوە.

لەو چەند ڕۆژەدا، خان لەلای ئەولیا گلەیی لە ئامۆژگاری و هەڕەشەکانی ئەحمەد پاشا دەکات و

[٣١] – فاروق کیخسروی، سیاحتنامە اولیا چلبی، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیە، چاپ و صحافی (سپهر)، تهران، چاپ اول، ١٣٦٤، لا: ١٠.

دەڵێ: ((ئەولیا ئاگات لێیە ئەم پاشایەی تۆ کۆنە قینی وشترانەی لە دڵدایە؟ لەناو خێوەتەکانی ڕێی (ئەووا) بەناوی ئامۆژگارییەوە ڕابوردەی سی ساڵەی هێنایەوە بیرم و بەچاویدا دامەوە! پێویستە پیاو خۆی لە هی وا بپارێزێ، دەی بابزانین چۆن دەبێ)). ئینجا ئەولیا دەڵێ: ((منیش گوتم: خانی گەورەم، بەڕاستی پاشا شەرمەزاری تۆیە، ئەو قسانەی لە رووی خۆشەویستییەوە کردووە، نەکا دڵت ڕەنجابێ؟ ئێرە کوردستانە نەتەوەی ڕۆژەکی[31] سەربزێون، ئەولات خاکی وانە، نەوەکو کەسانی دووڕوو و زمان شڕ بکەونە نێوانتانەوە و دۆستایەتیتان بشێوێنن، پاشا ویستوویەتی چەند ئامۆژگارییەکت بکا، دەبوایە تۆ پێت خۆش بێ. ئەم پاشایە هەرچی خەوش و قین و فیز و ڕق و دوژمنایەتی هەیە نایزانێ، هەتا بڵێی پیاوێکی زیرەك و سەخییە)). هەر خۆی دەڵێ: ((بەم جۆرە گەلێکم مەتحی پاشا کرد، خان بێدەنگ بوو.[32])) کەواتە لەبری ئەوەی پشگیریی لێبکات و قسەکانی خان

[31] – ڕۆژەکی، ڕۆشکی، ناوی گەورەترین هۆز و عەشیرەتی شاری بدلیس بووە، کە عەبدال خانیش هەر لەم هۆزە بووە.

[32] – سیاحەتنامە، لا: ١٥١.



پشتڕاست بکاتەوە، دەست دەکات بە مەدح و سەنای پاشا و خان بێدەنگ دەکات.

ئەم کۆپلە نووسینە (هەروەك هەموو یاداشتنامەکەی ئەولیا چەلەبی، نووسینێکی بێ چەندوچوونی ئەولیایە، کە ڕەنگە ئێستا بە خەتی خۆی لە ئەرشیڤی عوسمانییەکاندا پارێزراو بێ)، قسە و لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێت:

١- خان، زانیویەتی ئەحمەد پاشا نیازی پاك نییە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش داوای مانەوەی ئەولیای کردبێت، بەڵام ڕەنگە بە دوو هۆکار ئەم نهێنییەی ناو دڵی خۆی بۆ ئەولیا درکاندبێ:

o تاقیکردنەوەی ئەولیا، واتە ویستوویەتی بزانێ ئەولیا ڕاست دەکات موسڵمان و خواپەرستێکی ڕاستەقینەیە و دان بە ڕاستییەکاندا دەنێ. کە بەداخەوە وا نەبووە و بەپێچەوانەوە بووە، چونکە دیارە هەر لە دەستپێکردنی قسەکانەوە خان هەستی کردووە ڕەنگی ئەولیا گۆڕاوە و گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ڕەنگە ئەولیاش جیاوازییەکی وای نەبێت لەگەڵ مەلیك ئەحمەددا. بێگومان ئەگەر وانەبوایە، ڕەنگە عەبدال خان زۆر شتی دیکەی لا بدرکاندبایە. یان

هیچ دوور نییە بە پارە و سامان لەڕێی ئەولیاوە هەوڵی بدایە ئەو ئافاتە لە خۆی و میرنشینەکەی دوور بخاتەوە، هەرچەند بە چەند شێوەیەك هەوڵی داوە ئەم کارە بکات.

O یان ویستبێتی قسە لە ئەولیا دەربهێنێ و وەك هۆکارێك بەکاری بهێنێ بۆ دەربازبوون لەو قۆناغە سەختەی کە خان هەستی پێ کردووە، واتە ئەگەر ئەولیا پشگیری قسەکانی خانی بکردایە و هەندێ نهێنیی بدرکاندایە، ئەو کات ڕەنگە خان هەوڵی بدایە بە شێوەیەکی دپلۆماسییانە چارەسەری کێشەکانی بکات، بەڵام چونکە وەڵامەکەی ئەولیا بەو جۆرە نەبووە کە خان بە تەمای بووە، لەبەر ئەوە بەم دەستەواژانە کۆتایی پێ هێناوە: ((دەی بابزانین چۆن دەبێ)).

٢- زۆر لەوە دەچێ ئەولیا کەسێکی (دووڕوو[٣٣]) بووبێ، چونکە لە هەندێ شوێندا بە قەڵەمی خۆی ئەوەی سەلماندووە. لەلایەك کۆمەڵێك مەدح و سەنای

[٣٣] – بەکارهێنانی وشەی (دووڕوو)، لێرەدا وەك وشەیەکی ناشرین بەرامبەر بە کەسایەتی ئەولیا چەلەبی بەکار نەهاتووە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە لە نووسینەکانی دا بە یەك ڕوو قسەی نەکردووە، واتە نەیتوانیوە خۆی یەکلا بکاتەوە. کە دواتر ئەم بۆچوونە باشتر ڕوون دەبێتەوە.



پاشا دەکات کە هەموویان پێچەوانەن[٣٤]، لەلایەکی دیکەوە دەڵێ: ((بەم جۆرە گەلێکم مەتحی پاشا کرد، خان بێدەنگ بوو.))، ئەمەش بۆ خۆی جۆرە دووڕووییەکی ترە لەگەڵ خاندا، چونکە لەلایەك بەشان و شکۆی خاندا هەڵدەڵێ، لەلایەکی دیکەوە فێڵی لێ دەکات.

٣- هەر لەم گوتەیەدا ئەولیا ئۆردووی وان و ڕۆژەکییەکان (واتە خەڵکی ناوچەکە) تاوانبار دەکات، بەڵام نایەوێ ناوی والی دیاربەکر (ئەحمەد پاشا) بزڕێنێ. ئەمەش لە خۆیدا ناوەڕۆك و بیرکردنەوە، یان هەست و بیروباوەڕی ئەولیامان ئەوەندەی دیکە بۆ دەردەخات.

٤- لەلاپەڕە (٢٩٦)دا کە باسی دابەشکردنی پارەی هەڕاجکردنی سامانی عەبدال خان و میرنشین دەکات، لە شوێنێکدا دەڵێ: ((هێزەکانی وانیش پەنجا کیسە هەقی ماندووبوونیان دا بە پاشا و بەمجۆرە تۆڵەی خۆیان لە "عەبدال خان" کردەوە!)). باشە

[٣٤] – چونکە هەر ئەولیا باس لە کۆمەڵێك تاوان دەکات کە ئەحمەد پاشا کردوونی، جگە لەو تاوانانەی کە ئەحمەد پاشا خۆی دانی پێدا ناون، کە دواتر باسیان دەکەین.

ئەگەر ئەو وەك خۆی لە چەند شوێنێكدا باسی عەبدال خان دەكات و پشگیری لێ دەكات و وانییەكان بە دووزمان لە قەڵەم دەدات، ئەی بۆ لێرەدا كە شەڕەكە كۆتایی هاتووە كە لەڕاستیدا ئەوان سامانی خەڵكیان هەڕاج كردووە، نەك هی عەبدال خان (چونكە هەمووی هی میرنشینەكە بووە)، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئەولیا دەڵێ: ((بەمجۆرە تۆڵەی خۆیان لە عەبدال خان كردەوە))، كەواتە لێرەشدا دیسان گۆڕانكاری گەورە بەسەر گوتەكانی ئەولیا چەلەبیدا هاتووە.

٥- لە شوێنێكی دیكەدا دەربارەی شەڕەكە دەڵێ: ((سێ سەعاتی تەواو شەقەی شیران هات و كەس جێی خۆی چۆڵ نەكرد هەتا لە شەڕكەرەكانی خان یەكێكیش بە پێوە نەمایەوە، هەرچی مابوو ئەو برینداز و دەست و لاق شكاوانە بوون كە هەر یەكەیان كەوتبوە دەست چەند سەربڕێكی بێ ڕەزاوە، عەسكەرەكانمان ئەوەندەیان مل هەڵبڕیبو، سەلكەكانیان پێ هەڵنەدەگیرا، ناچار بوون لووت و گوێیان دەبڕین و سەرەكانیان فڕێ دەدا، هی وایان تێدا بوو (بیست) گوێچكە و (دە) لووتی هێنا بوو، یەكێكی دی (چل) گوێ و (بیست) كەپووی پێ بوو[٣٥])). لێرەدا ئەولیا چەلەبی تەواو دڵنیا بووە لە سەركەوتنیان...، لەبەرئەوە زۆر بە ڕاشكاوانە تاوانەكانی دەربڕیوە و نووسیوە، تەنانەت هیچ ورتە و چركەیەكی بۆ ویژدان و دینەكەی لێ دەرنەهاتووە؟! چونكە ئەو كەسانەی ئاوا سەر و لووت و گوێیان بڕاوە، لە برینداز و دیل و كوژراوی جەنگ بەولاوە كەسێكی تر نەبوون، ئەی چۆن و بەچ یاسا و دینێك ئاوایان لێ كردوون؟! بەڵام دیارە ئەولیا گوتەنی: ((هەر كەس چەند سەلكی هێنابێ))، ئەوەندە بەخشیشی فرەتری وەرگرتووە، ئەگەرنا بڕینی سەر و لووت و گوێی ئەوانە چ مانایەكی هەیە؟!

دوای كەمێك تاووتوێكردنی ئەم سەرچاوە بایەخدارە، ڕەنگە بتوانین بڵێین: ئەم كتێبە (یاداشتنامە) نەبووە، بەڵكوو ئەرشیڤێكی عوسمانییەكان بووە، هەر لەبەرئەوەش بووە كە توركەكان نەیانهێشتووە بەتەواوەتی بكەوێتە نێو جیهانی بڵاوبوونەوە. هەروەها دوای خوێندنەوە و

[٣٥] - سیاحەتنامە، لا: ٢٦٠.

لێکدانەوەی تەواوی نووسینەکان، لەوەدەچێ ئەولیا فەرمانبەرێکی سیاسی بووبێ، ئەم کتێبەش بەمەبەستی سیاسی نووسراوبێ، نەك وەك خۆی ئاماژەی پێ دەکات. واتە بەپێچەوانەی زۆرێك لە نووسەران و توێژەرانی کورد، کە ئەولیا چەلەبی بە کەسێکی دۆست بە کورد و بەویژدان لە قەڵەم دەدەن[٣٦].

**لێرەدا بە چەند خاڵێك، هەوڵ دەدەین ئەم گریمانە و بۆچوونە شی بکەینەوە:**

١. لە زۆر شوێندا بەسەر شان و شکۆی پاشا و عوسمانییەکاندا هەڵدەڵێ و پاساویان بۆ دەهێنێتەوە... کە لە هەندێکیاندا دەردەکەوێ قسە و بۆچوون، تاڕادەیەك پێگە و بەرەی خانی پێ ڕاستە، بەڵام هەر لەبەرەی پاشا دەمێنێتەوە و دەستبەرداری نابێ.[٣٧] هەروەها لە تالآنی کتێبخانەکەی خاندا، دڵخۆش دەبێ بەوەی کە چەند کتێبێکی تالآنیی دەست

[٣٦] – تەنانەت خۆشم لەسەرەتادا پێم وابوو کە ئەولیا چەلەبی کەسێکی کورد دۆست بووە و یاداشتنامەکەی زۆر بە ویژدانەوە نووسیوە...

[٣٧] – سیاحەتنامە، لا: ١٥١. دواتر باسمان لە گوتەکانی پشگیریی ئەولیا کردووە، دەربارەی عەبدالخان.



کەوتووە؟! هەروەك لە زۆر شوێندا باسی خۆی دەکات کە گوایا کەسێکی زانست دۆست بووە، کەواتە دەبوایە چاو نەبڕێتە کتێبی کتێبخانەکەی عەبدال خان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە لەتەك ئەم کتێبخانەیەدا ڕەفتار بکات.

٢. بەدرێژایی گەشتەکە، لە تالآن و زۆرێك لە کارە فەرمییەکاندا، ئەولیا (تۆمارکەر)ی کەلوپەلی تالآنی و ڕاووڕووت بووە، کە ئەمە کاری فەرمانبەرێکی میرییە نەك گەشتیارێك، تەنانەت لە زۆر شوێندا پاشا پرس و ڕای پێ کردووە. هەروەك د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر دەڵێ: ((ئەم نووسیارە بۆ خۆی بە شەخسی لە موسادەرەکردنی سەرتۆپی دارایی و شمەکیماڵی عەبدال خاندا لە لایەن ئەحمەد پاشای والی وانەوە بەشدار بووە و لەم بارەوە باس و خواسی سەیری نووسیوە))[٣٨].

٣. لە تۆمارکردنی نامە و بەڵگەنامە مێژووییەکانی کە لەم کتێبەدا باسکراون[٣٩]، دەبینین لە زۆر شوێندا بە

[٣٨] – مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە: شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، چ (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، لا: ١٦.

[٣٩] – بێگومان تەنیا بەشێك لە بەرگی چوارەم لەبەر دەستی ئێمە دایە، ئەگەرنا و بەوردی بەرگەکانی دیکەی کتێبی سیاحەتنامە و گەشت و

ڕاشـكاوی و وەك خـۆی تۆمـاری كـردوون. چـونكە لـە لاپەڕە (١٤٨)دا دەڵـێ ((پاشـان، پاشـا و خـان دوو بـە دوو چوونە ناو هۆبەیەكەوە زۆر پێكەوە ئاخاوتن. پاشـا وای بە خان گوت)). لێـرەدا دەقـی گوتـەكانی ئەحمـەد پاشـای هـەر لـەو شـوێنەدا نووسـیوەتەوە. باشـە خـۆ قسەكان (نووسراوە) نەبوون تاكو كۆپییـەكی بـدات بـە (ئەولیا)؟! یان ئەولیا ئاگاداری زۆربەی مەسەلە هستیار و فەرمییەكان بووە. ئەگەری سێیەمیش، ئەحمەد پاشا پێشتر یان دواتر بۆی گێڕاوەتەوە.

٤. هیچ دوور نییـە ئـەولیا لـەوە ترسـابێ كـە لـەو شەڕەدا شكست بهێنن و یاداشتەكانی بكەوێتـە دەسـت كوردەكـان، لەبەرئـەوە ڕەنگـە لـەو ترسـەش هەنـدێك لایــەنگیریی بــۆ خــان دەربڕیبــێ. چــونكە لــەكاتی شەڕەكاندا ئـەولیا لـە زۆر شـوێندا ترسـی لێ دەنیـشێ، تەنانـەت لـە نووسـینێكیدا دەربـارەی شـەڕەكە دەڵـێ: ((خوایە هێز و سەركەوتن بە دەسـت تۆیـە، لـەناو ئـەم بـەرد و ڕەوەز و دۆڵ و دەرەدا چۆن توانیمـان سـوپای

---

نووسـینەكانی بخوێندرێتـەوە، بێگومـان پاسـاوی بـەهێزتر لەسـەر پێگـەی كەسایەتی ئەولیا چەلەبی لە دەوڵەتی عوسمانییەكاندا دەدۆزرێتەوە.



خان بشكێنین، پیـاو ناچـێتە ئاقڵیـەوە!))[٤٠]. هـەروەها گۆڕانكاری بەسەر نووسینەكانی ئەولیادا هـاتووە، واتـە لە پێش و دوای شـەڕەكەدا هەنـدێك جیـاوازی هەیـە لـە دەربڕینەكانیـدا، چـونكە هـەروەك گوتمـان لـە پـێش شەڕەكەدا لە زۆر شوێن بەرگری لە خان دەكات، بـەڵام دوای سـەركەوتنیان، هـیچ گوتـە یـان دەسـتەواژەیەكی وای تۆمار نەكردووە كە جێی هەڵوێستە بێ، بەڵكوو لەو هەموو تـاڵان و ڕاوڕووتـەی كـە دەیكـەن و زۆر بێباكانـە سـامانی میرنـشینەكە تەخـشان و پەخـشان دەكـەن (تەنانـەت كتێبخانەكەشـی)، هیـچی وای دەرنـەبڕیوە، بـەڵكوو خۆیـشی چـاوی بڕیوەتـە تـاڵان و دەسـكەوت، هەروەك لـە هەنـدێك شـوێنی دیكـەدا باسمـان كـردووە. دەبوایـە بەرامبــەر ئەرشــیڤی كتێبخانەكــەی، گــەلێك گوتــەی بــەنرختری تۆمــار بكردایــە، چــونكە ڕەنگــە (ئــەولیا) لــە هــەموو ئــەو كەســانەی وا خــەریكی هەڕاجكردنەكــە بــوون، زانــاتر بووبــێ و نرخــی ئــەو كتێبانەشی باشتر زانیوە. یان وەك چۆن لە زۆر شوێندا تكای لە پاشا كردووە بۆ بەخشینی ئەوانـەی فرمـانی

---

[٤٠] – سیاحەتنامە، لا: ٢٧٠–٢٧١.

سەربڕینیان دەرچووە، ئەی نەدەکرا ئەو وەفایەش بەرامبەر کتێب و بەرهەم و کەسایەتی عەبدال خان بنوێنێ، کە چەند ڕۆژ لەلای ماوەتەوە و تەنانەت کۆمەڵێك دیاری گرانبەهاشی پێ بەخشیوە و خۆیشی لە زۆر شوێندا لایەنگری لێ دەکات؟! بەڵام بەداخەوە لە هیچ شوێنێکدا باس ناکات کە لە یەکێك لە کێشەکانی نێوان عەبدال خان و ئەحمەد پاشادا موداخەلەی کردبێت و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی دابێ، یان سەرنج و پێشنیازێکی ژیرانەی خستبێتە بەردەم والی عوسمانی بۆ بەرگریکردن لەو گوتانەی کە بۆ عەبدال خانی نووسیوە. بەواتایەکی دیکە، نەدەکرا هەندێك لەو گوتانەی لە گەشتنامەکەی لە بەرامبەر هەندێ لە کێشەکان نووسیونی، لە ڕووی پاشادا بیانخاتە ڕووو و نەهێڵێ ئەم شەڕە ڕوو بدات؟! ئەگەر ئەمەی نەکرد، دەبوایە خۆی بە خاوەنی قسەکانی بزانێ و نەهێڵێ کتێبەکان بفرۆشرێن، بەڵکوو بدرێنەوە بە میرنشینەکە. کە بێگومان ئەو کات سەرەداوێکی بەرهەمەکانی عەبدال خانمان وەگیر دەکەوت. یان هەر هیچ نەبوایە چۆن ناوی زۆربەی کتێبەکانی ناوی کتێبخانەکەی عەبدال خانی نووسیوە، بەو شێوەیەش



ناوی دەسنووسەکانی عەبدال خانی هێنابا، ئەو کات وەفایەکی کەمێك شایستەی پێشکەشی عەبدال خان دەکرد.

٥. ئەگەر ئەولیا وەك لە نووسینەکانیدا خۆی دەناسێنێ، پیاوێکی موسڵمان و لە خواترس بووبێ، دەبوایە ڕاشکاوانەتر بچێتە بەرەی خان، یان باشتر و ڕاستگۆیانەتر گەشتنامەکەی بنووسێ، چونکە ئەو لە هەموو کەس فرەتر ئاگاداری تاوانەکانی پاشای هاوڕێی بووە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو کردەوانەی وا پاشا کردوونی و ئەولیا تۆماری کردوون، هیچیان ناچنە چوارچێوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلامەوە (د. خ). ئەی چۆن هاوەڵایەتی کردووە، یان ئەویش جۆرە دوژمنێکی دیکەی کورد بووە. کەواتە ناکرێ ئەولیا چەلەبی بە بێلایەن ئەژماری بۆ بکرێ، بەڵام دەکرێ بگوترێ تاوانەکانی پاشای عوسمانی هێندە گەورە بووە، بەردی بە دەنگ هێناوە!؟

٦. لەتەواوی یاداشتەکانی ئەولیادا دەردەکەوێ تاکو پاشا لە کارەکانی نەبووبێتەوە، ئەولیا نەچووە بۆ گەڕان و نووسین. ئەمەش لەوە دەچێ کە وەك کەسێکی فەرمی لەگەڵ پاشادا ئەم سەفەرەی کردبێ.

لەکاتێکدا خۆی لە نووسینەکانیدا وا ناڵێ! هـەروەك لـە سەرەتای یاداشتنامەکەیدا بەم شێوەیە دەڵێ: ((من کە بەندەیەکی بچووك و بـێ نـرخ (ئـەولیا)م نـاوە و نیـازی گەشت و گـەڕانی دنیـام هەیـە، بەیارمـەتی خـوا یەکـەم ڕۆژی مـانگی جیمـادی یەکـەم سـاڵی (١٠٦٥) شـاری ئوسـکودارم بـەجێ هێـشت و بـە دوای مـەلیك ئەحمـەد پاشـادا ڕووم کـردە ئەیالـەتی وان[٤١])). لەبەرامبـەر ئەوەدا، لە لاپـەڕە (١٥٠)دا خـان عەبـدال داوا لـە پاشـا دەکات ئەولیا بۆ چەند ڕۆژێکی تر لە بدلیس بمێنێتەوە، لێرەدا ئەولیا نووسیویەتی: ((پاشـا ئیزنـی دام و گـوتی چەند ڕۆژێك بمێنـەوە و پاشـان زوو وەرەوە بـۆ لام بـۆ وان)). هەرچەند بۆ دوو کەسی وەك ئەولیا و پاشا، هەر دەبێ ئەو ئیز و ئیزدانە هەبێ، بەڵام لێرەشدا تاڕادەیەك شـوێنگەی ئـەولیا لەبەرامبـەر پاشـادا زۆر شـلۆق دەبینرێ.

٧. لـەدوای کۆتـایی هـاتنی شـەڕەکە و پـێش گەڕانەوەیان بۆ وان، لەباسێکی دیکەدا دەڵێ: ((کە لە پاشام بیست دەڵێ: خۆت حازرکە، دەتنێـرم بـۆ وڵاتـی

[٤١] – سیاحەتنامە، لا: ٧.



عەجەم[٤٢])). ئەولیا لە خۆشی ئەم فرمانەدا دەڵێ: ((لـە خۆشی ئەوەی جارێکی دیکەش ئەو وڵاتـە دەبینمـەوە، جێم بـە خـۆم نـەدەگرت[٤٣])). دواتـر پاشـای عوسمـانی هەروەك فەرمانبـەرێکی سـەربازی، یـان وەك نێردراوێـك ئامۆژگاری دەکات و ڕێ و شوێنی بۆ دادەنێ، تەنانـەت فێـری دەکـات بـە چ شـێوەیەك مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو کەسـایەتییانەدا بکـات کـە دەینێرێتـە لایـان، کـە لـە ڕاستیدا بەناوی وەرگرتنەوەی (٤٠٠٠٠) چل هـەزار سـەر مـەڕی (پنیانـشیەکان) دەینێـرێ، (کـە ئەگـەر بـەوردی بیخوێنینـەوە ڕاسـتییەکی مێـژوویی دیکـەمان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە، ئـەویش ئەوەیـە کـە دوای ڕووخانـدنی دەسەڵاتی عەبـدال خـان، دیـارە عوسمانییـەکان گـوڕ و تینی خۆیان دەخەنەوە سەر ئەو دەسـەڵاتانەی کە بـە عەجـەم ناویـان دەهێنـێ و نـزیکن لـە فـەرمانڕەوایی عوسمانییەکانـەوە). پـێم باشـە هەنـدێ لـە گوتـەی ئەحمـەد پاشا بنووسمـەوە کـە چۆن قسە بـۆ ئـەولیا دەکـات و دەڵـێ: ((ئـەولیا لەسـەر ڕێگـا کـە دەگەیتـە

[٤٢] – هـەر ئـەم سـەفەرەیە کـە لـە پێناسـەی بـەرگی چوارەمدا نووسـراوە: (دواتر وەك ناوبژیوان دەنرێدرێت بۆ ئێران.)

[٤٣] – سیاحەتنامە، لا: ٣١٠.

فەرمانڕەواکانی عەجەم، بە خۆشی و زمانی شیرین لەگەڵیان بدوێ، کە گەیشتیتە (گەنجانی خانی ورمێ) خۆتی لەگەڵ ڕێکخە و هەتا ڕۆژێك زۆرتر ئەو چل هەزار سەرمەڕەی پنیانشیەکان وەرگریتەوە باشترە، چونکە من بەم زوانە لە والێتی وان لادەبرێم و دەمبەنەوە بۆ (ئەستەمبوڵ)...[٤٤])).

بەڕای من لێرەدا هیچ گومانێك لە ساغکردنەوەی کەسایەتی (ئەولیا) نامێنێ، چونکە زۆر بە ڕاشکاوانە پەیوەندی نێوان هەردوکیان دەردەکەوێ" ئەگەر ئەحمەد پاشا سوپاسالاری عوسمانییەکان بووە، ئەولیاش لە گەورە ڕاوێژکارێك کەمتر نەبوە، ئەگەرنا نە بەم شێوەیە قسەی لەگەڵدا دەکات نە ئەم ئەرکەشی پێ دەسپێرێ[٤٥].

[٤٤] – سیاحەتنامە، لا: ٣١٢.

[٤٥] – هەروەك لە ژیاننامەکەی ئەولیا چەلەبی و پێناسەی ناوەڕۆکی بەرگەکانی (سیاحەتنامە)دا هاتووە، ئەولیا بۆ چارەسەرکردنی هەندێك کێشە و ئاژاوە کە کەوتۆتە نێوان عوسمانییەکان و هەندێ لایەنی دیکە، چەند جارێك ڕۆڵی ناوبژیوانی دیوە. کەواتە پێش و دوای ئەم شەڕەی بدلیسیش، ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە، کە بێگومان نیشانە و پاساوی دڵسۆزیی ئەولیا چەلەبییە بۆ عوسمانییەکان و متمانەی ئەوانیشە بە ئەولیا چەلەبی.



دوای تاووتێکردنی کەسایەتی ئەولیا چەلەبی، دەتوانین بڵێین: ئەویش هەر گەشتیارێکی ئارەزوو بە گەڕان نەبوە، بەڵکوو دپلۆماسێکی فرە بڕواپێکراو و خاوەن ئەزموونی عوسمانییەکان بووە و بابەت و زانیاری و نهێنی هەستیاری پتری لابووە، تەنانەت دەگونجێ ئاگای لە هەموو پلانەکان بوو بێ، بەڵام هەموویانی یاداشت نەکردوون، لەکاتێکدا هیچ دوور نییە دەفتەرێکی دیکەی لابووبێ و لە وێدا هەندێ شتی دیکەی تۆمار کردبێ. کەواتە دەکرێ دوای ئەم شیکردنەوە و تاووتوێکردنە، هیچ گریمانەیەکی وا نەهێڵینەوە بۆ ساغکردنەوەی کەسایەتی ئەولیا چەلەبی و بەڕاشکاوانە بڵێین ئەویش: سیاسەتمەدار، دیپلۆمات یان گەورە بڕواپێکراوێکی عوسمانییەکان بووە، لەکاتێکدا مەرجیش نییە فەرمانبەر قەناعەتی بە هەموو ئەو بڕیار و یاسایانە بێ کە لە لایەن دەسەڵاتی بالاوە دەردەکرێن.

هەروەها ڕەنگە ئەحمەد پاشا، ئەولیا چەلەبی بۆ ئەوە بردبێ لەگەڵ خۆیدا کە هەموو ئەو خزمەت و ئەرك و ڕووداوانەی بۆ بنووسێتەوە، کەوا (ئەحمەد پاشا) لە پێناوی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا دەیکات و لەگەڵ

خۆیانـدا ببیەنـەوە بـۆ دەسـەڵات و گـەورەپیاوانی عوسمانی، بۆئەوەی پلەوپایەی خۆی پێ بەرز بکاتەوە، چـونکە ئـەولیا کەسـایەتییەکی ناسـراو و بڕواپێکـراو و بـاوکی لێپرسـراوی سـکەی لـیرەی عوسمـانی بـووە[٤٦]، جگەلەوەی کە خوشکەزای مەلیك ئەحمـەد پاشـای والی وان بووە، کـە ئـەویش زاوای سـوڵتان مـورادی چـوارەم بووە[٤٦].

بەڵام، هەر کامێکیان بووبێ و هەر چۆنێك بێ، واتـە ئەولیا چەلەبی لە هەر بەرگێکیانـدا بووبـێ، توانیویـەتی کۆمەڵێك زانیاری و بەڵگە و ڕووداوی مێژوویی دەربارەی کـورد تۆمـار بکـات و بگوازێتـەوە، چـونکە ئەگـەر ئـەو نەبوایە ئەو زانیارییانە زۆربەیان دەفـەوتان، چـونکە لـە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا ئەو کتێبەی نووسیوە، کە مێژوونووسێکی دیکە نییە زانیاری بۆ تۆمار کردبێن.

[٤٦] – ئەم زانیارییە و هەندێك لەو زانیارییانەی کە لە سایتە تورکی و کوردی کرمانجی (لاتـین)ەوە وەرگـیراون، بـە سوپاسـەوە هـاوڕێم مـەزلۆم مـستەفا دۆغان، هاوکاری کردم.

[٤٦] – سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، د. سـەعد بەسیر ئەسکەندەر، و: جەوهەر کرمانج، چـاپی یەکـەم، سـلێمانی، ٢٠٠٤، چ (دانان)، لا: ٩١.



لەگەڵ ئەو تاووتوێکردن و شیکردنەوەی بۆ کتێبەکـە کردمـان، ناچـاربووین بـۆ ئـەم لێکۆڵینەوەیـە پـشتی تەواوی پێ ببەستین، چونکە بڵێین و نـەڵێن کتێبەکـەی بە هەموو گریمانەکانەوە (واتە هیچ گریمانەیەك نییە کە پاسـاو بـۆ ئـەولیا بهێنێتـەوە یاداشـتێکی ناتـەواو دەربـارەی بابەتەکـەی ئێمـە بنووسـێ، چـونکە ئـەو زانیاریانـەی کـە پـشتمان پـێ بەسـتوون بـە دژی عوسمانییـەکان دەگەڕێنـەوە)" بەسەرچـاوەیەکی بڕواپێکـراو دادەنـرێ و بـۆ ئـەم لێکۆڵینـەوە و شـیکردنەوەیەی ئێمـە مەبەسـتمانە، جێـی پـشت پـێ بەستن و متمانەی تەواوە.

لەکاتێکـدا وەك پێویـست سەرچـاوەی دیکـەمان بەردەست نەکـەوت و هـەموو بەرگـەکانی ئـەم کتێبـە و نووسـەرەکەی، بەقـسەی زۆربـەی مێـژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسانی بیانی و نووسەران و توێـژەرانی کـورد، بـە سەرچـاوەیەکی ڕاسـت و بڕواپێکـراو دادەنـرێن. لەبەرئـەوە هـەوڵمان دا لـەم نامیلکەیـەدا ئـەو شـێوە گێڕانەوە و تێکەڵییەی ئـەولیا چـەلەبی لێـرەدا کـورت و ڕێـك بخـەین و پێـشکەشی ئێـوەی بکـەین، هـەروەها هەندێ لە بابەتە شاراوە و نادیـار و پـرش و بڵاوەکـان،

بــه شــێوەیەکی شــیاو و گونجــاوتر لــه بــەرگ و ناونیــشانێکی نــوێ تــردا، بخەینــەڕوو و زینــدووی بکەینەوە.



# شێوازی نووسینی سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی

**لێرەدا پێویستە چەند خاڵێك سەبارەت بە شێوازی نووسینی ئەولیا چەلەبی و کتێبەکەی بخەینەڕوو:**

١- بـەپێی ئـەو هەڵسەنگاندنەی وا لـە باسـەکانی پێـشتردا کردمـان، دەکـرێ ئـەولیا لـە یاداشـتەکانیدا چەندوچوونی کردبێ، یان لەو باسانەی کە پاساوی تێدا هێناوەتەوە بۆ عوسمانییـەکان، جێـی متمانـە و ڕاسـت نــەبن، هــەروەك د. ســەعد بەشــیر دەڵــێ: ((هــیچ سەرچاوەیەك نییە تا بەهۆیەوە بزانـدرێ داخـوا ئـەوەی چــەلەبی دەیڵــێ ڕاســتە یــان تــا چ ئەندازەیــەك نووسینەکەی بابەتیانەیە، کەواتە پێویستە خوێنـەر کـە نووســینەکانی چــەلەبی لەمــەڕ پەیوەندییــەکانی عوسمـانی- کـوردی دەخوێنێتـەوە بزانـێ کـە ئـەو بـە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ڕەگەز تورك بووە و باوەڕێكی پتەوی بە سیاسەتی دامەزراوە توركییەكەوە هەبووە[٤٧])).

٢– لەوەناچێ دەربارەی هەندێ كاروباری نهێنی بەتەواوی ڕاستییەكانی نووسیبێ، (بەتایبەتی مەسەلە هەستیارە سیاسییەكان[٤٨]). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێكی هەر دركاندووە و لە زۆر شوێندا ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕیوە و هەستی پێ دەكرێ. لە زۆر شوێندا باس لە كوشتاری ئێزدییەكان و تالآن و باج و خەراج دەكات، هەروەها لە شەڕی نێوان عەبدال خان و عوسمانییەكاندا، باس لە شێوازی مامەڵەكردن بە دیلە كوردەكانەوە دەكات، كە چۆنچۆنی سەر و مل و دەست و لاقیان پەڕاندووە و سووكایەتییان پێكردووە، لەگەڵ ئەو دەستەواژانەی كە ئەحمەد پاشا بەرامبەر بە میر و بەگ و سەرۆكە كوردەكان، بەكاری هێناوە...!!؟؟[٤٩] وەك خۆی نووسیونی، كە بۆ كارەكەی ئێمە پاساوی

[٤٧] – سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە كوردستان، د. سەعد بەسیر ئەسكەندەر، و: جەوهەر كرمانج، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (دانان)، لا: ٩١.

[٤٨] – سەرچاوەی پێشوو، لا: ٩١، ٩٢.

[٤٩] – سیاحەتنامە، لا: ٢٦٤– ٢٦٩، و زۆر شوێنی دیكەش.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

زانستین لە پێناوی دۆزینەوە و خوێندنەوەی هەندێ ڕاستیی نێو مێژووی كورد.

٣– تێكەڵی تەواو لە نووسینەكانیدا هەیە، لەبەرئەوە خوێنەر ناتوانێ بەتەواوی بچێتە نێو بابەتێكەوە، چونكە بە پچڕپچڕ و لە چەند شوێنێكدا باسی كردوون" نووسینەكە زیاتر لە شێوازی قسەكردن و گێڕانەوە دەچێ، نەك نووسینی كتێب. ئەمەش تاڕادەیەك سروشتییە، بەتایبەت لەوكاتەدا و بۆ ئەم كارەی كە ئەولیا ویستویەتی بیكات. (هەروەك لە باسی پێشتردا ئاماژەمان پێ كرد).

٤– لە زۆر شوێندا ڕاستگۆیی و ئەمانەتی نووسینی پاراستووە و زۆرێك لە قسە و وتووێژ و نامەكانی وەك خۆی نووسیوەتەوە، كە بێگومان هەندێكیان بە تاوان و سەرپێچییەكانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەحمەد پاشا لەقەڵەم دەدرێن، كە بۆ گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە (بەسەرهاتی عەبدال خان و میرنشینی بدلیس)، بە شێوەی ڕۆمان یان فیلم، كەرەسە و سوود و پێویستی تەواو دەدەن.

٥– دیارترین خاڵێك لەم كتێبەدا ئەوەیە كە دەتەوێت لەسەر بابەت یان باسێك هەڵوێستە بكەی،

ئەوەندە پاڵپشت دەدۆزیتەوە کە پێت باشە زۆرێکیان وەك خۆی یاداشت بکەی، ئەمە گرفتێکی گەورەیە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تووشم هات، چونکە تاکە سەرچاوەی بایەخدارە بۆ ئەم کارە، هەروەها هەندێ وردەکاری و سەرنج و تێبینیم دەست کەوت و شیکردنەوەم بۆ کرد، کە زۆرێکیان بە پێچەوانەی هەندێ لە مێژوونووس و ئاگایانی ئەم بوارە بوون، لەبەرئەوە، لە هەندێك شوێندا ناچاربووم زۆرێکی بنووسمەوە و لە هەندێك شوێنی دیکەدا کورتەیەکم وەرگرتووە و بۆ هەردوو حاڵەتەکە پەراوێزم بۆ داناوە، لەبەرئەوەی ناکرێ خوێنەر لەیەك کاتدا، هەردوو کتێبەکە بەدەستەوە بگرێ، جگەلەوەی زۆرێك لە خوێنەران ڕەنگە ئاشنا نەبن بە کتێبی سیاحەتنامە یان گیریان نەکەوێ. هیوادارم ئەم شێوازەی کە بەکارم هێناوە، هەم زانستی و هەم جێگەی ڕەزامەندی و تێرکردنی خوێنەر بێ[٥٠].

[٥٠] – دەکرا ئەم خاڵەش لە (ڕێگرییەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە)دا ئاماژەی پێکرابا، بەڵام لەبەرئەوەی دوای تاوتوێکردنی کەسایەتی ئەولیا چەلەبی و سیاحەتنامەکە، دەگەینە ئەم ئەنجامە، لەبەرئەوە لێرەدا ئاماژەم پێکرد، چونکە ڕەنگە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەدا وەك بڕیارێکی پێشوەخت مەزەندە بکرایە.



٦– زۆر بە سەرنج و وردبینی، ڕووداو، دیمەن، نامە، چیرۆك، قەڵا، گەرماو، بازاڕ، ئەندازە ...تاد، زۆرێك لە زانیارییەکانی ئەو ناوچانەی سەردانی کردوون، نووسیوەتەوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

تەوەری سێیەم:

**بەپێی توانا و سەرچاوەکان، وەک پێویستییەک بۆ لێکۆڵینەوەکە، هەوڵ دەدەین لە چەند بوارێکی جیاوازدا چەند زانیارییەک دەربارەی ئەم میرنشینە بخەینەڕوو، بەتایبەت لەو سەرووەختەدا کە عەبدال خان، میری بدلیس بووە:**

## چوارچێوەی سیاسی

لـە زۆربــەی ناوچــەکانی کوردســتاندا، هەنــدێ لــە میرنــشینە کوردەکــان، هۆکــارێکی گــرنگ بــوون بــۆ هێــشتنەوەی ناســنامەی گــەلی کــورد و چوارچــێوە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شارستانی و ئابووری، تەنانەت لە بواری سیاسیشدا ڕۆڵێکی پڕ بایەخیان هەبووە، لـە هــەمان کاتــدا هەمیــشە بەربەســتێکیش بــوون بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی دوژمنــان و پاراســتنی ســامان و



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەروەرییەکانی گەل. ئەگەر وەك پێویست نەیانتوانیبێ بــەرەنگاری ڕووداوەکــانی ڕۆژگــاری ســەردەمەکەیان بووبنــەوە، ئــەوا لەهــەمان کاتــدا کۆمــەڵێك ئــەرکی نەتەوەیی و کەلتوورییان بەجێ گەیاندووە.

کــەم بیــستراوە گــەلی کــورد ڕاپــەڕینی دژی ئــەم دەسەڵاتە کوردییانە کردبێ، بەڵکو هەمیـشە زۆرێك لـە دانیشتوان، پشتگیر و هاوکاری ئەو میرنشینانە بوون[٥١]، لەبەرئـەوە دەتـوانین بڵـێین کـە زۆرێك لـەو میرنـشیانە خـاوەن چوارچـێوەیەکی بڕواپێکـراو و قبـوڵکراو بـوون لەناو دانیشتواندا[٥٢].

میرنــشینی بــدلیس یــەکێك بــووە لــە میرنــشینە سەربەخۆ و بەهێزەکان کە لەلایەن بنەماڵە دێرینـەکانی

---

[٥١] – بۆ خوێندنـەوەی فرەتـر دەربـارەی ئـەم باسـە بڕوانـە: سـەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، د. سەعد بەسیر ئەسکەندەر، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (داناز)، بەتایبـەت لا: ٧٩.

[٥٢] – گومان لەوەدا نییە هەندێك لە دەسەڵاتدارانی کورد، دژ بە گەل بـوون، تەنانـەت هەنـدێکیان جـۆرە چەوسـێنەرێکی دیکـە بـوون، بـەڵام جـۆری دەسەڵاتەکان جیاواز بووە، هەندێکیان وەك سەرەکهۆز و دەرەبەگ و ئاغا و کوێخا، مامەڵەیان لە تەك خەڵکی دا کردووە و بێگومان باش نـەبوون. بـەڵام ئەوانەی کەوا لە چوارچـێوە سیاسـییەکەدا کاریـان کـردووە، ڕەنگـە ئەگـەر زەبر و زەنگیشیان لەگەڵ خەڵکدا کردبێت، تاڕادەیەك لە پێناو سەربەخۆیی و بەرژەوەندی قەوارەکەیان بووبێت...، کە تاڕادەیـەك بـەقازانجی قـەوارەی نەتەوەی کورد گەڕاوەتەوە.

کوردەوە حوکمڕانی دەکرا، بەشێوەیەکی ئازاد لەناو خۆیاندا میری تازەیان لەنێو بنەماڵە حوکمڕانەکاندا هەڵدەبژارد، بەبێ ئەوەی دەستتێوەردانی عوسمانی و هیچ دەسەڵاتێکی دیکەیان بەسەرەوە بووبێ[٥٣].

تەنانەت عوسمانییەکان بۆیان نەبووە یان دەسەڵاتی لابردنی هیچ میرێکیی بدلیسیان بەدەست نەبووە.

میرنشینانی (بدلیس)، توانیویەتی بۆ ڕاگرتنی ئەو پارسەنگانە، ماوەیەکی دوور و درێژ لە هەوڵی هێشتنەوەی قەوارەی خۆیدا بێ، تەنانەت تاکو سەرەتای سەدەی بیستیش بە یەکێك لە ناوچە و شارە هەرە بەرەنگاربووەکانی کوردستان لەبەرامبەر دوژمناندا ئەژمار دەکرا. لەم بارەیەوە د. عەبدوڵڵا عەلیاویی دەڵێ: ((لە میرنشینە کوردە کۆنەکانە، دەکەوتە باشووری ڕۆژئاوای گۆمی (وان)ـە و ئازایانە بەرگری هەوڵی عوسمانییەکانی بۆ پێشێل کردنی سەربەخۆیی دەکرد و لەسەدەی نۆزدەیەمدا شەریف بەگ میری میرنشین بوو کە پەیوەندی باشی لەگەڵ بەدرخانی گەورەی میری بۆتاندا هەبووە و چووە

[٥٣] – سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا: ٧٩.



پەیمانی پیرۆزەوە. پاش ڕووخانی میرنشینی بۆتان لە ساڵی (١٨٤٧)دا عوسمانییەکان توانییان پاش داکۆکییەکی زۆر، شەریف بەگ بگرن و بردیان بۆ ئستانە و حوکمی میرنشین درایە کەسێکی تورك. بەمەش فەرمانڕەوایی ئەم میرنشینەش لە ساڵی (١٨٤٩)دا کۆتایی هات[٥٤])).

زۆربەی دانیشتوانی شاری بدلیس لە خێڵی (ڕۆژەکی) پێك هاتبوو، کە بنەماڵەی میرنشینەکەش هەر لەم هۆزە بوون، هەر کاتێك تورك و فارسەکان ویستبێتیان کوردستان داگیر بکەن، دەبوایە لە پێشدا لەگەڵ فەرمانڕەوایانی هۆزی ڕۆژەکیدا بەشەڕ بێن، چونکە بەبێ شکستی میرنشینی بدلیس نەیان توانیوە چۆك بە هیچ دەسەڵات و هۆزێکی کورد بدەن. چونکە بەدرێژایی مێژوو، ڕۆژەکییەکان توانیویانە بەربەستێکی بەهێز و گران بن لەبەردەم هەموو ئەو شاڵاوانەی کە بۆیان کراوە لە لایەن ئاق قۆیونلووەکان (١٤٧٩–

[٥٤] – د. عەبدوڵڵا عەلیاوایی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا، لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری سیاسیدا، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر، ناوی چاپخانە و ساڵ و شوێن، نادیارە، لا: ٢٩.

١٤٨١) و عوسمانییەکان (١٥٣٥–١٥٨٣)[٥٥]. تەنانەت تاکو سەرەتای سەدەی (٢٠)، ئەم ناوچەیە لە بەربەرەکانیدا بەردەوام بووە و تاکو یاخیبوونەکەی (مەلا سەلیم و شەهابەدین) کە دواتر مەلا سەلیم لە کونسۆلگەری ڕووسدا گیرا و لە سێدارە درا[٥٦].

بەپێی کتێبی شەرەفنامە، فەرمانڕەوایی بدلیس لەم بەشانە پێکهاتووە، (ئەخلات، مووش، هۆزی ڕۆژەکی[٥٧]). شەرەفخان لە سەرەتای باسەکەیدا بنەچەی خۆیان بۆ کیسراییەکان دەگێڕێتەوە[٥٨]، لە هەمان کاتدا بەمشێوەیە باس لەم فەرمانڕەواییە دەکات: ((میرانی بدلیس نەوەی بەهواتن و دەگەڵ شاهانی ڕۆستەمدار و شێروان پسمامێ هەقن، هەتا ئەمڕۆ کە کلکەی مانگی قوربانی ساڵی هەزار و پێنجی

---

[٥٥] – مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە: شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، چ (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، لا: ١١٧. هەروەها بڕوانە بابەتێك بەناوی (ڕاپەڕینی بدلیس ساڵی ١٩١٣) لە کتێبی: د. عەبدوڵڵا عەلیاوایی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا، سەرچاوەی پێشوو، لا: ١٧٧– ١٨٠.

[٥٦] – سەرچاوەی پێشوو، لا: ١٣٨– ١٣٩.

[٥٧] – شەرەفخان هەر لە دانانی کتێبەکەیدا ئەمانەی بەم ناوەوە تۆمار کردووە، بڕوانە: شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، و: مامۆستا هەژار، ١٩٨١، کۆڕی زانیاری کورد، لا: ٨١٣.

[٥٨] – سەرچاوەی پێشوو، لا: ٦٨٠.



کۆچە، وابوو بە حەوتسەد و شێست ساڵ فەرمانڕەوایانی بدلیس و دەوروبەرەکەی و حەول و حەوشەکەی و بودو نەبودی مشورخۆرانی ئەم خانەدانە سەرپەرشتی بوون و لەو ماوەیەشدا بیخەینەسەر یەك (١١٠) ساڵێك لێیان سێنراوە و نامۆ و بیانی پێی ڕاگەیشتوون[٥٩])).

لەسەر گوتەی ئەولیا چەلەبی، بەم شێوەیە پوختەیەك لە مێژووی شاری بدلیس وەردەگرین: ((لە زەمانی ئەسکەندەری مەکدۆنی دروست کراوە و لە ناوی (بدلیس)ی خزمەتکاری ئەسکەندەرەوە ناونراوە، کە ئەسکەندەر خۆی ڕایسپاردووە ئەم قەڵایە دروست بکات[٦٠]. دواتر دەڵێ: (ئەم قەڵایەی کوردستان لە چەند شاوە بۆ شایەکانی دوای خۆیان ماوەتەوە، فەرمانڕەواکانی ئازربایجان وەکو (وێسفی قەرە قۆینلی) و (حەسەنە درێژی ئاق قویونلی) گرتویانە و تێیدا ماونەتەوە. یەکەمجار لە سەردەمی عەباسییەکاندا (سوڵتان ئەحەدولڵا[٦١]) لە دەست ڕۆمییە

---

[٥٩] – سەرچاوەوی پێشوو، لا: ٦٨١.

[٦٠] – سیاحەتنامە، لا: ١٠٣.

[٦١] – میرەکانی بدلیس، خۆیان بە بنچەی سوڵتان ئەحەدولڵای عەبباسی داناوە. سیاحەتنامە، لا: ٢٢٩.

مەسیحییەکانی دەرهێنا، پاشان (حەسەنە درێژ) لەوانی سەند و ساڵی (٨٦٨ ک) ئەو حەسەنە شکا و ئیتر کەوتەوە دەست بنەماڵەی (سوڵتان ئەحەدوڵڵا). پاشتر لە ساڵی (٩٢٠ ک)دا کە خانی بدلیس سەری بۆ سەلیم خان دانەواند، ئێرە کرایەوە بە حکومەت و بە سەربەخۆیی درایە دەست خۆیان. لە فەرمانەکانی سوڵتانیدا نازناوی (خانی عالیشان– خانی پایەبەرز)یان بۆ دەنووسرێ))[٦٢].

((دەوراندەوری قەڵای بدلیس (چوار هەزار) شەقاو و بەرزایی دیوارەکانی (هەشتا) و پانییەکەی (١٠) گەز دەبێ، ناو قەڵا (٣٠٠) ماڵی لێ بووە[٦٣])).

لەسەردەمی عەبدال خاندا واتە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا، ((حکومەتێکی سەربەخۆ بووە لە ئەیالەتی واندا، داهاتەکەی بە فەرمانی سوڵتان بۆ خان بووە، لە رووتبەدا پایەی وەکو ئەیالەتی وان بووە و بە (دوو هەزار) سەربازەوە حکومەتی بەڕێوە بردووە[٦٤])).

[٦٢] – سیاحەتنامە، لا: ١٠٥.

[٦٣] – سیاحەتنامە، لا: ١٠٦.

[٦٤] – سیاحەتنامە، لا: ١٠٦– ١٠٧.



ئەولیا چەلەبی لە چەند شوێنێکدا باس لە حکومەت و میرنشینە کوردەکان دەکات، لە لاپەڕە (٢٠٨– ٢٠٩)دا لە باسێکدا بەناوی (ئەو حکومەتانەی کە لابردنیان بۆ نییە) و ئەم ناو و سەرباسانەی نووسیوە: (نیمچە حکومەتی هەکاری، مەحموودی، پنیانش، حکومەتی بدلیس). دواتر بۆ ناساندنی حکومەتی بدلیس دەڵێ: ((هی خانی پایەبەرز، عەبدال خانە کەلەمەو پێش باسمان کرد، عەشیرەتەکەی ڕۆژەکییانی پێ دەڵێن، ئەویش ئەوەندەی هەکاری عەسکەری هەیە[٦٥])).

هەر ئەولیا لە لاپەڕە (٩٧)دا لە باسێکدا بەناوی (شاری (جالندر) یا قەڵای کفندر)، دەڵێ: ((ئێرەش خاکی کوردستانە. لە ساڵی (٩٢٠)دا کە مامۆستای مێژوونووسان (شەرەفخان) سەری بۆ سوڵتان سەلیم دانەواند، سوڵتان ئەم قەڵایەی پێشکەش کرد و خستییە سەر حکومەتەکەی، ئێستا سەر بە بدلیس و لەژێر دەستی خانی بدلیس دایە و جێگای میراوە)).

[٦٥] – هەر دەربارەی حکومەتی هەکاری لە لا (٢٠٩)دا دەڵێ: هەکاری دە هەزار تفەنگچی لەم بابەتەی هەیە و لەکاتی شەڕدا دەیگەیەنێتە چل هەزار، بەڵام ئەم دە هەزارەیان مەعاش خۆرن.

بەپێی ئەم ئاماژانە و هی دیکەش، ئەم میرنشینە لە مێژووی کورددا بە یەکێك لە میرنشینە گرنگەکان دادەنرێ و چوارچێوەیەکی سیاسی تەواوی بەسەر مێژووی کورد لە باکووری کوردستاندا هەبووە، بەتایبەتی لە کات و ساتی عەبدال خاندا، هەروەك گەڕیدەی فەڕەنسی (تاڤێرنێ[٦٦]) لەو سەردەمەدا سەردانی شاری بدلیسی کردووە و هێزە سەربازییەکەی سەرنجی ڕاکێشاوە و بەپێچەوانەی ئەولیا چەلەبییەوە، ئەم گەڕیدەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە عەبدال خان دانی بەدەسەڵاتی شای سەفەوی و عوسمانیدا نەناوە، بەڵکوو شای ئێران لە بەر خاتری شوێنە ستراتیژییەکەی ڕێزی لێ گرتووە، هەروەها گروپێکی مەسیحی بەناوی (جەزوێت) کە ساڵی (١٦٨٥ز)دا شاندێکیان ڕەوانەی بدلیس کردووە، تێبینی ئەوەیان

[٦٦] – ژان باپتیست تاڤێرنێ TAVERNIER کوردناسێکی فەڕەنسییە و لە ١٦٣٢ دا هاتۆتە کوردستان. سەفەرنامەکەی بە ناونیشانی Les six voyages en Pers ، لە ساڵی ١٦٧٦ لە سویسرا چاپکراوە. زیاتر لە ٨٠ لاپەڕەی تەرخان کردووە بۆ کوردستانی ساڵانی ١٦٣٠. بڕوانە: کرۆنۆلۆژیای کوردستان– ٦٢٥ پ. م – ١٩٣٢ د. فەرهاد پیربال، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، ٢٠٠٧، هەولێر، چ (هاوسەر)، لا: ٤١.



کردووە کە بدلیس هەر بەناو وەلائیان بۆ سوڵتان هەبووە[٦٧].

میر عەبدال خانی بدلیس کە پانتاییەکی فراوانی لەم لێکۆڵینەوەیە وەرگرتووە، بەپێی ئاماژەی د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر لە نێوان ساڵانی (١٦٥٦– ١٦٦٦ ز)دا میری بدلیس بووە[٦٨]، بەڵام بەپێی سیاحەتنامە، مێژووی میرایەتییەکەی پتر لە (٢٠)[٦٩] ساڵی خایاندووە.

[٦٧] – سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، د. سەعد بەسیر ئەسکەندەر، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (دانان)، لا: ٩٢.

[٦٨] – مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە: شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، چ (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، لا: ١٦.

[٦٩] – ئەحمەد پاشا لە سەرەتای ئامۆژگارییەکانیدا، دەڵێ: (ئەی خانی برام ساڵی (١٠٤٥ ك) کە (سوڵتان موراد خان) لێرە لێت میوان بوو ...). هەروەها شەڕەکەش لە ساڵی (١٠٦٥ ك)دا ڕووی داوە. کەواتە عەبدالخان کەمتر لە (٢٠) ساڵ میر نەبووە. بڕوانە: سیاحەتنامە، لا: ١٤٨.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێکهاتەی سەربازی

ئەم میرنشینە خاوەنی چوارچێوەیەکی تایبەتی بووە لە سوپا و پێشکەوتنی سەربازیدا. سەبارەت بە شێواز و چۆنییەتی پێکهاتەی سوپاکەی خان عەبدال، ئەولیا لە بابەتێکدا بەناوی (چاوپێکەوتنی مەلیك ئەحمەد پاشا و خانی پایەبەرزی بدلیس و میوانداری گەورە) ئەم پارچەیەی نووسیوە: ((لەناو ئەو بەردەلانییەدا عەسکەری عەبدال خان دەرکەوت، کە گەیشتینە پێشەوە خان لە ئەسپ دابەزی و بەرەو پاشا هات، پاشاش دابەزی و باوەشیان پێکدا کرد، پاش ماچکردن و چاکوچۆنی، خان گوتی: فەرموون سواربینەوە لەم نزیکانە بەرقەلیانێك[٧٠] بخۆن. پاشا سوار بۆوە و ئەو سوپا گەورەیە کەوتەوە ڕێ و هەشت قات تەپڵ لێدرا، کاتێکمان زانی لەناو ئەو مێرگەدا بەشێوەی عەجەمی و کوردی و تورکمانی سەرانسەری ئەو دەشتە بە ئۆبەی

[٧٠] – بەرقەلیان: قاوەڵتی، نانی چێشتەنگاو، واتە ژەمێك لە نێوان خواردنی بەیانی و نێوەڕۆدا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

تورکمانی و خێوەتی عوسمانلی و ڕەشماڵی کوردی ڕازاوەتەوە))[٧١].

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: ((خان حەفتا هۆز و عەشیرەتی لە ژێر دەست دایە، یەك لەوان عەلی بەگی هۆزی (مودەکی[٧٢])یە کە تەنیا خۆی حەوتسەد تفەنگ بە دەستی هەیە، هەر سەعاتێ خان ئارەزوو بکات دەتوانێ لەمانە حەفتا هەزار شەڕکەر کۆبکاتەوە))، هەروەها دواتر دەڵێ: ((ئەم ئەیالەتە (١٣) زەعامەت و (٢١٤) تیمارە، بەگی ئاڵا و گەورەی چەری و ویزباشی هەیە، بەپێی قانون خاوەنی سێ هەزار عەسکەری جبە لەبەرە کە لەژێر فەرمانی خاندا لەگەڵ ئۆردوی وان بۆ شەڕ دەچن))[٧٣].

[٧١] – سیاحەتنامە، لا: ٩٩.

[٧٢] – مۆدەکی (modeki) یان مۆتیکان (motikan) بە دیالێکتی (زازاکی) قسە دەکەن، لەوە دەچێت ناوەکەیان لە شاری مۆتکی (mutki)ەوە هاتبێت کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای گۆمی وان، هەندێك خێڵی دیکە سەر بەم هۆزەن، وەك: کەیبوران، بۆیانلی، کوسان، ڕیتشابا، زیدان، ئەرکلیی و پیر مووسا. بڕوانە: القبائل الكورديه، ویلیام ئیگلتون، ترجمە: احمد محمود خليل، من منشوران (موكريان)، اربيل، ٢٠٠٦، م (وزاره التربيه)، لا: ١٢٨.

[٧٣] – سیاحەتنامە، لا: ١٠٨.

هەروەها لە باسی سەرای خاندا دەڵێ: ((ئێرە حەوتسەد ژووری عەسکەرەکانی خانی لێیە، ژێری ژوورەکان تەویلەیە، چوار دەروازەی هەیە). دواتر دەڵێ: (لەم سەرای دەرەوەیەڕا تا دەگاتە مەیدانی ناوەڕاست زۆر بەرین و بەر فراوانە و یەك بەردیشی تێدا نییە، لمێکی وردیان لێ ڕۆکردووە سەربازەکان مەشقی لێدەکەن. چی ڕمباز و هۆقەباز و ئاگرباز و پاڵەوانباز و شیشەباز و چەمبەرباز و ئەمجۆرە بازانە هەن لێرە هونەرەکانی خۆیان دەردەخەن و خەڵات لە خان وەردەگرن))[٧٤].

د. سەعد بەشیر دەڵێ: ((لەکاتێکدا سوڵتان سەلیم توانی میرنشینی (چەمشگەزەك)ی دێرین لەناوببات کەچی نەیتوانی بەڕێگەی هێرش و پەلاماری سەربازی میرنشینی سۆران برووخێنێ، وێڕای ئەوەی کە ئەو دەمە بەهێزترین دەسەڵاتداری جیهانیش بوو، هەروەها میرنشینی بدلیس توانی چەند جارێك دوای نەهێشتنی

[٧٤] – سیاحەتنامە، لا: ١٢٠.



لەلایەن سوڵتانە عوسمانییەکانەوە لە نێوان سەدەی شازدە و حەڤدەدا خۆی دامەزرێنێتەوە[٧٥])).

[٧٥] – سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (داناز)، لا: ٨٣.

## سنووری میرنشینەکە

هــەر ئــەولیا چــەلەبی دەربــارەی ســنووری ئــەم میرنــشینە لــە بابەتێکــدا بــەناوی (ســنووری ئەیالــەتی بدلیس)، دەڵێ: ((لای خۆرهەڵاتی دەگاتە (تەختی وان) کە شـوێنی سـەر میراوەتـی قـەراخ دەریـای وانـە، هـەر لەلای خۆرهەڵات قـەڵای (وەسـتان)ی هـەکاریش هەیـە، لای بــاکووری (شــیروان)ە و لای قیبلــە هاوســنووری (هێزان)ە، دیسان هەر لای قیبلە قۆناخێك دور دەگاتـە سـنووری بـەگی (زرقـی)، لای خـۆراوا بـە سـێ قۆنـاخ دەگاتە بەگی (حەزۆ)ی سەر بە دیاربەکر، هـەروەها بـە سێ قۆناغ ئەولاتر ڕووەو باکوور لەگەڵ بەگی (تەرجیل) و بە چوار قۆناغ لەگـەڵ بـەگی (چیاقـچور)دا هاوسـێیە، لای ئەستێرەی دەشتی (مووش) و خـاکی (نـامرودان)ی ئەرزەڕۆمــە، لــەلای بــاکوورەوە بــە ســێ ڕۆژ دەگاتــە (مــەلازگرد)ی ســـەر بـــە ئـــەرزەڕۆم، لای بـــاکووری خۆرهەڵاتی سنجاقێکی وان بەگی (ئەخلات)ە لـە ڕۆخـی دەریا. تەنیا لای خۆرهەڵاتی بێ پەیوەندییە کە ئەویش دەریای وانە[٧٦])).

[٧٦] – سیاحەتنامە، لا: ١٠٧.



## بواری ئابووری و شارستانی

دیارە هەر لە کۆنەوە ناوچە و شاری بدلیس خـاوەن شارستانییەکی مەزن بووە" شەرەفخان بەم جۆرە باس لە بدلیس و میرانی بدلیس دەکات: ((میر شەمسەدین لە دەورانــی دەســتەڵاتی تورکمانــان ســکە و خودبــە (خوتبە[٧٧]) بەناوی خۆیەوە بووە، ئێستاش زێڕ و زیـوی مسقاڵی هەن پێیان دەڵێن شەمسەدینی، کـورد بـۆ ودم هەڵی دەگرن منی هـەژاریش دیومـە، سـێ جـۆر سـکەی دیشم دیوە کـە سـێ فـەرمانڕەوای بـدلیس لێیـان داوە. ئەو سـێ مـیرەش محەمـەد کـوڕی شـەرەف و شـەرەف کوڕی محەمەد و شەمسەدین کوڕ زیائەدین، بوون).

لــە ســاڵی (٨١٠ ك– ١٢٠٨ ز)دا مــیر شەمــسەدین تەکیەیەك و نەخۆشخانە و میوانخانـە و مزگـەوتێکی لـە گۆك مەیدان بنیات ناوە بە شەمسییە بەناوبانگن[٧٨])).

[٧٧] – تەنیا میرە خاوەن پایـە و سـەربەخۆکان لـە وتـاری نوێـژی هـەینی دا ناویان هاتووە، شەرەفخان مەبەستی ئەوەیە کە دەڵێ (خوتبە).

[٧٨] – شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، و: مامۆستا هـەژار، ١٩٨١، کۆڕی زانیاری کورد، لا: ٧٠٤.

د. بلەچ شێرکۆ لـەم بارەیـەوە دەڵـێ: ((کوردسـتان، چوار سەدە لەمەوبەر لە هەموو ڕوویەکەوە لـە ئێـستای پێـشکەوتووتر بـووە، چـونکە لـە ڕووی بەڕێوەبردنـەوە زۆر گەشـەکردووتر بـووە، هـەروەها لـەڕووی زانـستی و ڕەوشتیـشەوە بـاڵاتر بـووە، لـەڕووی کۆمەڵایـەتیی و ئابووریشەوە، لە ئێستای چاکتر بووە[79])).

دەربارەی پێشکەوتنی بواری ئـابووری و شارسـتانی لـە ناوچـە و شـاری بدلیـسدا ، د. شەمـسی محەمـەد ئیسکەندەر پشت بەستن بە کۆمەڵێك سەرچـاوە ڕوونـی کردۆتـەوە و دەڵـێ: ((بـە گـوێرەی سەرچـاوەکانی سەدەکانی (١٥– ١٦) میرنشینی بـدلیس بـە مەڵبەنـدی سـەنعەتکاری و بازرگـانی لـە قەڵـەم دراوە. ویلایـەتی بـدلیس جگـە لـە بازرگانـانی ئازەربایجـانی و ئێرانـی و ئەرمەنی، بازرگانی ڕووس و چین و بولگـار و هیندیـشی لێ هەبوون. لەم سەردەمەدا میرنشینی بـدلیس کارخانـە و دوکـانێکی زۆری سـەنعەتکاریی و پیـشەگەریی جۆربـەجۆری لێ هـەبووە. کـە شـەرەفخانی بـدلیس بـە (٨٠٠) کارخانـە و (١٠٠) دوکـانی دوو دەرگـای گـەورە و

[79] – کێشەی کورد، مێژینە و ئێستای کورد، و: محەمەد حەمە باقی، چاپی دووەم، ١٩٩٠، چ (ڕەزائی)، تەورێز، لا: ٣٢.



کارخانەی چەرمکاری و ژمارەیـەکی زۆری خانووبـەرەی کۆمەڵـەکیی تێـدا ڕۆنـراون. بێجگـە لـەم کارخانانـە و دووکانانـەی باسمـان کـردن، ژمارەیـەکی زۆر وردە سەنعەتکار و وردە پیشەگەر لە ماڵانیشدا هـەبوون، کـە زۆربەیان ژن بوون))[80].

کاتێك بە وردی کتێبی (سیاحەتنامە) دەخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێ، نەك هەر لە ناوچـە و شـاری بـدلیس، بـەڵکو لـە زۆربـەی ناوچـەکانی بـاکووری کوردسـتاندا، کورد خاوەنی چوارچێوەیەکی سـەربەخۆی شارسـتانی بـووە. ئـەولیا لـە باسـی دیاربـەکردا دەڵـێ: ((بـازاڕی حەسەن پاشا، بازاڕی سوپا، بـازاڕی عـەتاران کـە هـەر کەس لێرەوە بڕوا بۆنی خۆش دەبێت، بـازاڕی دەڵاڵان، بـازاڕی ئاسـنگەران، بـازاڕی چـەلەنگەران، بـازاڕی گەوهەرفرۆشان، بازاڕی زێڕنگەران، بازاڕی پـێڵاودروان، بازاڕی کورتان دروان، بازاڕی قەزازان، بـازاڕی بـەزازان، بە کورتی (شێست) جۆرە بازاڕی تێدایـە))[81]. دواتـر لـە ناوەڕاستی هەمان لاپەڕەدا دەڵێ: ((لە دیاربـەکردا ئـەو

[80] – مێـژووی کـورد لـە سـەدەی شـازدەهەمدا، وەگێڕانـی لـە ئازەربایجانییـەوە: شـوکور مـستەفا، چـاپی یەکـەم، هـەولێر، ١٩٩٨، چ (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، لا: ١٥١.

[81] – سیاحەتنامە، لا: ٤٩.

شیر و دەمانچە و قوڵنگ و تەور و تەوەرزین و خەنجەر و ڕمب و نوکەتیرانەی درووست دەکرێن لە دنیادا بەناوبانگن. ئاسنگەر و وەستاکار و مسگەرەکانی لە کاتی کارکردندا چەکوشەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقا دادەوەشێنن و مەقامی سێگا و حوسێنی و ئیدیکەی پێ لێ دەدەن و خۆشیان لەگەڵی دەڵێن. هەر کەس گوێی لێبێ پێی ڕۆشتنی نامێنێ، مزگەرەکانیان لە درووستکردنی قاپەکاندا و زێڕنگەرەکان لە کاری زێڕ و بەردی بەنرخدا بێوێنەن و وەستای قەڵەمکاریان لە وێنە و نیگارکێشاندا پێش مانی و بەهزاد کەوتوون)).

بەڵام ئەو ڕێکوپێکی و ڕێکخستنەی کە لە شاری بدلیسدا هەبوون، زۆر جیاوازترن و وردتر تۆماری کردووە، ڕەنگە لەبەرئەوە بێ فرەتر لەوێ ماونەتەوە یان لە ڕاستیدا هەر وابووە، چونکە شاری بدلیس خاوەنی ئەم شارستانییانە بووە:

(سەد و دە میحرابی تێدابووە، تەواوی مزگەوتەکان (مافوورەی عەجەم و لبادی ئیسفەهانییان تێدا ڕاخراوە و سۆبەی گەورەی تێدا بووە کە بە پارەی (وەقف) ئاگری تێدا کراوەتەوە، فەقێ و مەلاکان خەریکی لێکۆڵینەوە و زانیاری بوون، زۆربەی مزگەوتەکان ئاوی



ساردو گەرمیان هەبووە، تەنانەت ئاوی حەوز و ئاودەستەکانیش گەرم کراون، هەروەها دوای دەرس خەریکی یاری شەترەنج بوون[٨٢]). (حەفتا قوتابخانەی لێ بوە جگەلە چەند مەدرەسەیەکی ئایینی[٨٣]، شاری بدلیس (١٢٠٠) دوکانی تێدا بووە[٨٤]، جگە لە ناو سەرای خان کە (٤٠–٥٠) دوکانی تایبەتی تێدا بووە[٨٥]، لەسەر حەڤدە شیوی ناو شاری بدلیس (١١) پردی زۆر قایمی لێ بووە[٨٦]، جگە لە کۆمەڵێك بازاڕی بەناوبانگ و قەیسەری و بازاڕی قەپان و خان و سەرا و گەڕەکی گەورە. ئەم شارە لەو سەردەمەدا (٥٠٠٠) هەزار خانووی خۆش و ئاوەدان کە لە (١٧) گەڕەکدا کۆبوونەتەوە[٨٧]. هەروەها (٥) گەرماوی بەناوبانگی لێ بووە جگەلەوەی کە (٦٠٠) ماڵ گەرماوی تایبەتی خۆیانیان هەبووە[٨٨]. هەر دەربارەی بوارێکی تری ئابووری و لە باسی (بازاڕی قەپانەکان)دا باسی ئەوە

---

[٨٢] – سیاحەتنامە، لا: ١٠٩.
[٨٣] – سیاحەتنامە، لا: ١١٠.
[٨٤] – سیاحەتنامە، لا: ١١١.
[٨٥] – سیاحەتنامە، لا: ١٢٠.
[٨٦] – سیاحەتنامە، لا: ١١١.
[٨٧] – سیاحەتنامە، لا: ١١٢.
[٨٨] – سیاحەتنامە، لا: ١١٥.

دەكات كە (گومرگ)یشیان هەبووە و كەس نەیتوانیوە لە نرخی دیاریكراو، شتومەك بە گرانتر بفرۆشێ[89].

دواتر هەر ئەولیا دەربارەی شارستانی ئەم شارە، باسی باخ و سەرا و كۆشكەكانی خان عەبدال دەكات، كە نموونەی شارستانی ئەو سەردەمەی گەلی كورد و شارێكی كوردستان نیشان دەدەن، كە بە سێ خاڵ ئاماژەیان پێ دەكەین:

١- دەربارەی باخی خان، چەند كورتە دێڕ و ڕستەیەك وەردەگرین. ((دارمیوەكانی بە ڕیزی هەندەسەیی چەقاون. تەنیا دار خورما و جەمبز و مۆزی تێدا نییە. لەناو ئەم باخەدا چەند كۆشكێك كراوە هەر یەكەی خەزێنەیەكی لێ خەرج كراوە، ئەوەندەش بە وەستایانە دروست كراون كە هیچ كۆشكێكیان لەوی دی ناچێ، ئەو حەوز و فیچقانەی لێرە بەرچاو دەكەون لە وڵاتی ڕۆمدا هاوتایان نییە، لە قەراخی حەوزەكان وردەچەو و زیخی ڕەنگاوڕەنگ بە نەخش ڕۆكراوە دەڵێی سەدەفكاری هیندستانە[90]. هەر لە لاپەڕەی دواتردا دەڵێ: بۆ میوەجاتیش باخەوانی لە ئیسفەهان و

[89] – سیاحەتنامە، لا: ١١١.

[90] – سیاحەتنامە، لا: ١٢٦.



تەورێز و نەخچەوان ڕاهێناوە و ئەم باخەی بە جۆرێك پێ ڕازاندۆتەوە كە وەختێ سوڵتان مورادی چوارەم هاتووە و چاوی پێ كەوتووە، لەسەرسوڕماندا دەمی داچەقاندووە)).

٢- دەریاچە دەستكردەكەی خان: ((لە پشت ئەم باخەوە بەرەو باكوور كانیاوی (تەقلەبان) هەیە، خان لای بەرەوەی[91] ئەو شیوەی كردووە بە بەنداو و دەریاچەیەكی گەورەی لێ پێك هێناوە، ناوەكەی زۆر جۆر ماسی تێدایە، خان بە دەستی خۆی بەلەمی جوانی دروست كردووە، هەندێ جار ماڵ و منداڵی سواردەكا و خۆی سەوڵ لێدەدا و بەسەر ئاودا دەگەڕێن[92])).

٣- گەرماوی باخ: (ئەم گەرماوە خۆشەی خان لە (خەزێنەیەوە بۆ (جامەخانە) دەچێ، سێ لای ڕووی لەباخە و هەموو پەنجەرەكانی بەسەر باخدا دەڕوانێ، پەنجەرەكانی شووشەی نەخشاویان تێ گیراوە، چوارچێوەی پەنجەرەكان بەنەخش هەڵكەندراون و خانەكانی عەجەم لە تەورێزەوە بە دیاری بۆیان

[91] – بەرەوە: خوارەوە.

[92] – سیاحەتنامە، لا: ١٢٧.

نـاردووە، کەلێنی چوارچێوەکان بە عەمبەری خاو پڕکراونەتەوە کە بای دەرەوە لێی دەدا بۆنی خۆش دێنێتە ژوور. چواردەوری ژووری جامەخانە (جێی خۆڕووتکردنەوە)، کاشی چینی و فەخفوورییە، بنمیچی گومبەزەکەی و قەراخەکانی ژووروویی لەسەر کاشی چینی بە دەسخەتی محەمەد ڕەزای تەورێزی قەسیدە بەناوبانگەکەی فزولی لە بارەی حەمامەوە لێ نووسراوە. ناوەڕاستی جامەخانە لە سێسەد لاوە بە پلوسك ئاو هەڵدەڕژێ، بەردە مەڕمەڕەکانی تەختەکەی بە چەشنی فەرشی میری نەخشاون و هەر پارچەی لە ڕەنگێکە، لە ناوەڕاستی حەوزەکەدا فیچقەیێك ئاو هەڵدەداتە بن میچی سەرێ و لەوێوە دەڕژێتەوە خوارێ. هەر دواتر دەڵێ: ((کە لە جامەخانە چوویە ئەو دیو، ژوورێکی گەورەیە بە ناوی (ساردخانە)، گومبەزێکی گەورەی بەسەرەوەیە، ئاوی حەوز و پلوسکەکەی ناوەڕاستی شلەتێنە، تەواوی دیوارەکانی کاشی چینییە و وردە مەڕمەڕی تێدا ڕاخراوە و هەزاران چلچرای پێدا هاتۆتە خوار. لێرەوە دەچیتە ژووری گەرما و وادەزانی کەوتویتە ناو دەریای ڕۆشناییەوە، چونکو گومبەزەکەی ئەوەندە بەرزە سەری لە ئاسمانە



و هیچ دیوار و شتی دیار نییە، دیوارەکانی لەسەر ئەو کۆڵەکانەیە کە ناویان بە بلوور و شووشەی ئەستوور و قەندیل و چلچرا پڕ کراوە و سەرەوەشیان یەکپارچە شووشەیە، ئەو شووشانە کاتێ لەسەرەوە هەتاویان لێ دەدات، ژوورەوە دەبێتە ڕۆژی ڕووناك[٩٣])).

دواتر نووسیویەتی: ((بە کورتی بڵێم زمان و قەڵەم لە وێنەکێشانی ئەم سەرا گەورە و باخە بەهەشتە و گەرماوە بێ هاوتایەدا دەستەوستانە، ئەو وردەکاری و ناسکی و زەریفییەی تێیاندا بەخت کراوە، وێنەی نییە. من خۆم چل ساڵە خەریکی گەشتم شتی وام لە هیچ کوێیەك نەدیوە، وەستاکانی ئێرە، دەستیان داوەتە هەر کارێك ناتەواوییان تێدا نەهێشتۆتەوە، جا ئەم هەموو شتە چەندی تێچووە هەر خوا خۆی دەیزانێ.

کە (سوڵتان موراد)ی داگیرکەری بەغدا هاتۆتە ئەم گەرماوە خۆی بشوا، دەبینێ ئاوە ساردەکەی بۆنی گوڵاوی لێدێ و ئاوە گەرمەکەی بۆنی بخوور. کە ناچار دەبێ بڵێ: ئەرێ چ دەبوو ئەستەمولی منیش گەرماوێکی ئاوای تێدا بوایە. مەلیك ئەحمەد پاشا

[٩٣] – سیاحەتنامە، لا: ١٢٨– ١٢٩.

گوتوویەتی: وێنەی ئەم گەرماوە لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە[94])).

کەواتە لەو کاتەدا، شاری بدلیس لە هەندێك بواری شارستانی لە شارێکی وەك ئەستەمبوڵ پێشکەوتوو تر بووە، کە ئەوکات پایتەختی یەکێك لە گەورەترین دەسەڵاتەکانی جیهان بووە.

بێگومان پێشکەوتنی بواری شارستانی و ئابووری و بازرگانی، ڕۆڵی باشی دەبێت لە بەرەوپێشچوونی بواری ڕۆشنبیری و زانستدا، هەر لەبەر ئەوە سەرەڕای باری ناجێگیری سیاسی ناوچەکە، کۆمەڵێك زانا و مەلای بەناوبانگ لەم ناوچەیەدا هەڵکەوتوون کە د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر بە وردی ناوی خۆیان و بەرهەمەکانیان دەهێنێ، کە زۆرێکیان بوونەتە سەرچاوەی زانست بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت لە وڵاتانی ئێران و ئاق قۆیونلووەکان و عوسمانییەکانیشدا پێگەی دیاریان هەبووە[95].

٩٤ – سیاحەتنامە، ل: ١٢٩– ١٣٠.

٩٥ – مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، وەگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە: شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، چ (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، ل: ١٥٤.



## پێکهاتەی دانیشتوان

دەربارەی خەڵکی ئەم شارە ئەولیا دەڵێ: ((ئێرە پیرەمێردی ئەوەندە بەعومری تێدایە، پیاو واتێدەگا هێزی ئاخاوتنی نەماوە، کەچی دەبینی سواری ئەسپ دەبێ و شیر دەوەشێنێ و دەچێتە سەفەری بازرگانێتی و ڕاویش دەکا، تەمەنی ئاساییان دەگاتە شێست و حەفتا و بەعومرەکانیان دەگەنە سەد، کەچی ڕەنگیان سوور و سپی و لەشیان ساخە، لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد موودارن، کوڕەکانیان لە تەمەنی (١٢) ساڵییەوە موویان لێ دێ و دەبنە پیاو، نازانم ڕێگا دەدەن ئافرەتیان بێتە بازاڕ یان نا؟ بەڵام ژنیان زۆر بەناموس و جوان و نازەنینن))[96]. لەشوێنێکی تردا دەڵێ: ((خەڵکەکەی هەتا بڵێی زیرەك و تێگەیشتوون[97]. هەروەها دەڵێ: ئەمانە وەك کوردەکانی دیکە ئازا و شەڕکەر نین، دەستوپێ سپی و ڕدێن بەخەنە و چاو بەکلن، پاك و خاوێن و قسە خۆشن[98])).

٩٦ – سیاحەتنامە، ل: ١١٢.

٩٧ – سیاحەتنامە، ل: ١١٠.

٩٨ – سیاحەتنامە، ل: ١٠٨.

بێگومـان ئـەم ئاماژانـەی ئـەولیا، ئاسـتی بـژێوی و ڕۆشنبیری و ژیانی خەڵکی بدلیسی ئەو سەردەمەمان بۆ دەردەخـات، کـە لـە پلەوپایـەکی باشـدا بوونـە و ڕەنگدانەوەی چاکی هەبووە بەسـەر ئادگـار و ڕواڵـەت و تەمەنیاندا.

بەپێی یاداشتەکانی ئەولیا، لـە شـاری بـدلیس چـەند جۆرە چین و توێژێکی نەتەوە و ئایینی هەبووە. ئـەولیا دەڵێ: ((ئەو کاروانانەی دێنە ناو شار بـاج و گومرگیـان بۆ خانـە و ڕەعییـەکانی عـەرەب و یەعقوبییـەکانی نـاو شار جزیە دەدەن بە خان[99]. (بەپێی دەفتەری خان لـە بدلیسدا (٤٣) هـەزار ڕەعییـەتی مەسـیحی هەیـە[100])). هەرچەند لەوێ دا باس لە ئێزدییەکان ناکات کە بەشێك بن لـە دانیـشتوان، بـەڵام لـەکاتی سـەروداوی شـەڕەکە (خان عەبدال) بە تێکەڵی ئێزدییان ناودەبرێ و تاوانبـار دەکـرێ، هـەروەها دوای گرتنـی قـەڵا ئـەولیا وابـاس دەکـات کـە کلیلـی قـەڵا و دەروازەکـانی بەدەسـت ئێزدییەکانەوە بووە. لەم بارەیەوە ئەولیا دەڵێ: ((ئـەو کوردە یەزیدییانەی لەناو قەڵادا بـوون، جارجـار تـۆپ و

[99] – سیاحەتنامە، لا: ١٠٧.
[100] – سیاحەتنامە، لا: ١٠٨.



تفـەنگیان داویـشت و خـەڵکیان دەکوشـت))[101]. لـە شوێنێکی تریشدا دووبارە دەڵێتەوە: ((یەزدییەکانی ناو قەڵاش دار و دیواری قەڵایان بە مۆم و نەوت داگیرساند و بـە چـراخان کردیانـە ڕۆژی ڕوونـاك، هـەتا خـوا ڕۆژی کـردەوە بـە نەعرەتـەی (خـوا یەکـە یـەك) گرمـەیان هـات[102])). کەواتـە دەبـێ لـە پێکهاتـەی دانیـشتوانی بدلیسدا پێڕەوانی ئایینی ئێزدی تێدا بووبێ.

هەروەها بەپێی ئـەو یاداشـتەی کـە ژەنـراڵ شـەریف پاشای خەندان داویەتی بە کۆنگرەی ئاشتی پاریس لـە ساڵی (١٩١٩)دا دەڵێ: ((لە هـەرێمی بـدلیس دا ڕێـژەی کورد لە (٥٠٪) پێك دێنێ و ئەرمەن (٤٠٪)))[103].

پێکـەوەژیانی چـەند چـین و توێـژێکی ئـایینی و نەتـەوەیی لەناوچـەیەکدا، هۆکـارن بـۆ بـوونی کێشە و ئاریـشەی سیاسـی و ئـایینی و کۆمەڵایـەتی، بـەڵام لەوەناچێت هیچ جۆرە کێشەیەکی لـەمجۆرە هـەبووبێت لە بدلیسدا، چـونکە تاقێرنـێ و گروپـە مەسـیحییەکەی پێشتریش باسمان کردن، ئاماژەیـان داوە بـە ئاشـتی و

[101] – سیاحەتنامە، لا: ٢٦٤.
[102] – سیاحەتنامە، لا: ٢٦٥.
[103] – کێشەی کـورد، مێژینـە و ئێستای کـورد، و: محەمـەد حەمـە بـاقی، چاپی دووەم، ١٩٩٠، چ (ڕەزائی)، تەورێز، لا: ١٢٣.

پێکەوە ژیانی ئەو گروپە جۆربەجۆرانە لەناوچەی بدلیسدا، سەرەڕای ئەوەش پێشکەوتنی باری ئابووری و شارستانی ناوچەکە پاساون بۆ نەبوونی کێشە و گرفتی نێوان چین و توێژە جیاوازەکان. کە ئەمەش جۆرێك لە سەرکەوتنی بواری بەڕێوەبردن و سیستمی میرنیشنەکە دەرخات.

هەر ئەولیا دەڵێ: ((مەلای وایان هەیە لە چەرخی خۆیدا بێهاوتایە))، هەروەها دەربارەی زانستی پزیشکی دەڵێ: ئەم ناودارانەیان هەیە: (مەلا میسێ، مەلا ڕەمەزان، قەرە سنجاق، گەنجالی و ساریلی زادە، حەکیمی چاکن، چونکو ئێرە کوردستانە و بێ قرە نابێ برینکاری چاکیشی هەیە). نزیکەی دوو هەزار کەسی بەدین و خۆپارێز و دنیانەویستی تێدایە. دەربارەی شاعیرانیش دەڵێ: حەوت شاعیرم ناسی کە دیوانی شیعریان هەیە، وەك: (کاتب چەلەبی) نووسەری دیوانی خان، (مەلا ڕەمەزان چەلەبی)، (جەنەتی چەلەبی) و (گەنجێ چەلەبی)، کە دواییەکەیان دیوانێکی ئەوەندەی دیوانی خەمسەی نیزامی هەیە[١٠٤])).

[١٠٤] – سیاحەتنامە، لا: ١١٣.



دەربارەی جلوبەرگیان دەڵێ: ((ئەگەرچی ئێرە کوردستانە، بەڵام لەناو نۆکەرانی خان و پیاوماقووڵاندا کەوڵی سمۆرلەبەر زۆرە، ناوەنجییەکانیان لەو (شیاق)ە لەبەر دەکەن کە لە شاری مەعدەنی نزیك شیروان دروست دەکرێ، گەلێکیان چۆقەی سمۆر و کەنتۆش لەبەردەکەن. جلکی دەستکورتەکانیان (بوغاس)ە. وەکو لە برادەرانم پرسی، بیستوومە ئافرەتانی ئێرە جلکی سپی لەبەردەکەن و پەچە دەگرنەوە و تاسکڵاوی زێڕ و زیو لەسەر دەنێن و بەرگیان هەمووی ئاوریشمە. کۆیلەکانیان زۆربەیان گورجی بوون، چونکە گورجستان کەوتۆتە باکوور و لێیەوە نزیکە[١٠٥])).

هەروەها دەربارەی زمانیان دەڵێ: ((ئەمانە هەرچەندە لە کوردە کۆنەکانن، بەڵام لەناو خۆیاندا زۆر بە ناسکی و ڕەوانی دەئاخەون، جۆرە وشەیان هەیە کە کوردەکانی دیکە تێی ناگەن، کەچی ئەمان هەر دوازدە شێوەی کوردی بە باشی دەزانن[١٠٦])).

هەروەها دەڵێ: ((بەپێی دەفتەری خان، بدلیس (١٠٠٠٠) دە هەزار باخی هەیە، خەڵکی ئێرە بە گەورە و

[١٠٥] – سیاحەتنامە، لا: ١١٨.

[١٠٦] – سیاحەتنامە، لا: ١١٤.

پیاوماقووڵ و ورد و درشتەوە، ساڵی هەشت مانگ لەناو باخەکاندا دەژین، هەموو باخێك حەوز و فیچقە و پلوسك و خانوێکی خنجیلەی تێدایە، باخاتەکە وڵاتێکی داگیر کردووە و لێکتر بڵاون، باخە هەرە خۆشەکانی بەدەست مەسیحییە یاقوبییەکانەوەیە کە دیواری نیمچە بڵند و قوللەیان بۆ کراوە و هەر یەکەی نیمچە قەڵایەکە، باخی وایان هەیە ساڵی (٢٠٠٠) قروش داهاتیەتی[١٠٧])). هەروەها لە دامێنی هەمان لاپەڕەدا دەڵێ: ((خانووەکانی ئەم ناوە (خانووی هاوینەیان) پێ دەڵێن، سەرت سوڕدەمێنێ، هەر دەچیتە ژوورێ، لووتت پڕدەبێ لە بۆنی خۆش و بە چاوپێکەوتنی ئەم ژوورە ڕازاوانە دڵت دەکرێتەوە. درەختی باخەکان لەسەر شێوەی شەترەنج نێژراون. ئەمانە جگەلە باخ و پێکهاتەکانی ناو سەرا یان قەڵای خان)). لە بابەتێکی دیکەدا دەربارەی خان دەڵێ: ((خان زۆر ڕێزی مەلایان و زانایان دەگرێ، ئەوانەی بە خۆیاندا ڕادەپەرموون لە وڵاتانەوە دێنە بدلیس و خان دەیان دوێنێ، ئەگەر بۆی دەرکەوێ کە بەڕاستی زانا و خوێندەوان، خانوو و ماڵ

١٠٧ – سیاحەتنامە، لا: ١١٩.



و باخچە و کەنیز و خەڵاتیان دەداتێ و لای خۆی جێگایان دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە شێوەی بدلیس بۆتە مەڵبەندی هەموو جۆرە زانین و هونەرێك و هەر کەس شتێکی مەبەست بێ یا گیروگرفتێکی ببێ، لە بدلیس ڕێگای چارەی خۆی دەدۆزێتەوە[١٠٨])).

بێگومان ئەو باس و ئاماژانەی ئەولیا چەلەبی دەربارەی ناوچە و شاری بدلیس، لەسەردەمی عەبدال خاندا، نیشانەی پێشکەوتن و شارستانی ناوچەیەکی کوردستانن، کە هیچ دوور نییە ئەو زنجیرە شەڕ و شۆڕانە نەبوایە، درێژەی دەبوو و ڕەنگدانەوەی باشتری لێدەکەوتەوە، بەڵام دیارە دوای کارەساتی عەبدال خانیش، عوسمانییەکان وازیان لێ نەهێناون و هەر بەردەوام بوون بۆ شکست و چۆکپێدانی ناوچەی بدلیس[١٠٩].

١٠٨ – سیاحەتنامە، لا: ١٢٥– ١٢٦.

١٠٩ – سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (دانان)، لا: ٩٤.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# میر عەبدال خان

## ٩٩٥- ١٠٩١ ك/ ١٦٠٥- ١٧٠١ ز[110]

بێگومـــان لەبـــەر کـــەمی سەرچـــاوەکان، نـــاتوانین بەتەواوی باس لە مێـژووی ژیـانی کەسـایەتییەك بکـەین کـە پـتر لـە (٣٠٠) سـاڵ لەمەوبـەر ژیـاوە، بـەڵام هـەوڵ دەدەین تیشکێك بخەینە سەر کەمێك لە ژیان و تەمەنی ئەم میرەی کورد.

خـــان عەبـــدال خـــان، کـــوڕی شەمـــسەدینی کـــوڕی شــــەرەفخانی بدلیـــــسییە[111]. دەتـــــوانین بــــەپێی گێڕانەوەکەی ئەولیا چەلەبی بەم شێوەیە باس لە ئاکار

[110] – دیـاریکردنی سـاڵی (١٦٠٥ ز) بـۆ لـەدایکبوونی عەبـدالخان، لەسـەر ئاماژەی ئەولیا چـەلەبییە کـە دەڵـێ: لـەو کاتـەدا عەبـدالخان تەمـەنی (٧٠) ساڵ بووە (سیاحەتنامە، لا: ١٤٢). هەروەها دیاریکردنی ساڵی (١٧٠١ ز) لە گوتەی بەڕێز (عادل بەگ محەمەد سەعید بەگ شەرەفخان) وەرگیراوە کە لە نامەیەکـدا بـۆ مامۆسـتا عەبـدولڕەقیب یوسـفی نـاردووە و بەڕێزیـشی لەنامەیەکدا بۆ بەندەی نووسیوە.

[111] – هەرچـەند مامۆسـتا عەبـدولڕەقیب یوسـف لـە کتێبـی (تابلۆکـانی شەرەفنامە)دا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٨، سلێمانی، چ (وەزارەت)، لە لا (١٤)دا نووسیویەتی کە عەبدالخان کوڕی زیائـەددینی کـوڕی شـەرەفخانە، بـەڵام دواتـر لـە نامەیەکـدا کـە لـە بـەرواری (٢٠٠٧/٢/١٢)دا بـۆ بەنـدەی نووسیوە، ئاماژە بە نامەکەی (عادل بەگ محەمەد سەعید بەگ شەرەفخان) دەکات و عەبدالخان دەکات بە کوڕی (شەمسەددین) نەك زیائەددین.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

و ئادگاری بکەین: ((کورتە بـاڵا، مـل کـورت، ڕەشـتاڵە، لوت بـەرانی، چاوشـین، قـسە خـۆش، دەموچـاو ڕوون، گوێچکە بچووك، سمێڵ پڕ و ردێنی تۆپە، گوڕ و توند و تۆڵ، دەنگ گـەورە و ناوشـان پـان، دەسـتی شـێرانە و باســـکی مەردانـــە، ناوقـــەد باریـــك و لـــنگ درێـــژ، هەڵسوکەوتی نەرم و بە ئەسپایی[112]))، بووە، هـەروەها لاقێکی کەمێك لەنگ بووە[113].

هەروەك (ئەولیا چەلەبی) باسی عەبدال خان دەکات، وادەردەکـەوێ کـە لـە هـەموو زانـستەکانی: ئـەدەب، هونـەر، پزیـشکی، سـەربازی و ڕاووشـکاردا، بلیمـەت و توانایـــەکی سەرســـوڕهێنی هـــەبووە. لـــە باســـێکدا بەناونیشانی (عەبدال خانی هونەرمەند)، ئـەولیا دەڵـێ: ((یەکـــەم شـــت لـــە فەلـــسەفە و زانیـــاری و ســـەیر و عەجاییبدا و لە کیمیا و سیمیا شارەزایە)، داوی بـاس و خواسی (جالینۆس و بوقرات و سوقرات و فیلـوس))[114]. ئەولیا چەلەبی لەوان بە مـەزنتر بـاس لـە عەبـدال خـان دەکـــات. هـــەروەها لـــە چـــەند شـــوێنێکی دیکـــەدا

[112] – سیاحەتنامە، لا: ١٤١– ١٤٢.

[113] – سیاحەتنامە، لا: ١٢٥.

[114] – سیاحەتنامە، لا: ١٢١.

نووسیویەتی: ((پیر و پەککەوتەی هەشتا ساڵە یا تلیاك کێشێکی ماڵوێران بێتە لای دەرمانی دەکا و دەیخاتە گەرماو، هەتا چاکی دەکاتەوە. ئەو نیوە مردووانە زیندوو دەبنەوە و دەگۆڕێن و بە پیاوێکی دیکەی روومەت سور و گورج و گۆڵ، مەسیحایەتی وای زۆرە.

خۆ لە برینکاریدا هەر وێنەی نییە، ئەوانەی سەرسم دەدەن یا دەکەونە خوار و لاقیان دەشکێ یا لە جێ دەچێ، دەستی بیان گاتێ بە حەوت ڕۆژ دەیانخاتەوە سەر پێ و بە لاقی خۆیان دەڕۆن.

ئەوەندەش دەست ڕاستە کە پێ دەخاتە سەر ڕکێف و دار تەقڵەی جلیت، یا گۆچانی گۆیێن بە دەستەوە دەگرێ، ڕۆستەمی زەمانی خۆیەتی.

بەیتاڵ نامەی خوێندۆتەوە و لە دەرد و ئازاری ولاخان باش دەزانێ. ڕاوکەر و نیشان ئەنگێوێکی بێ هاوتایە.

لە دەرمانکردنی چاودا ئەوەندە شارەزایە ئەو کەسەی چل ساڵ لەمەوبەر چاوەکانی ئاوی ڕەشی هێنابێ، خان میلێکی زۆر باریك دەخاتە ژێر چاوی، ئاوە ڕەشەکەی لێ خاڵی دەکات و چاوی کابرا ڕوون دەبێتەوە.



جگە لە مانە، لە زانیاری بەننایيشدا شارەزایە، زۆربەی شوێنەکانی ئەم سەرا گەورەیە خۆی نەخشەی کێشاوە. لەبەرگ تێگرتنی کتێب، وێنەکێشان و خەتخۆشیدا دەستێکی بالای هەیە. لە شاعیریدا شیعرەکانی هاوتای شیعری حالەتی عەزمی زادەن. ئەوەندە زانایە کتێبێکی عەرەبی بەدەستەوە دەگرێ و چی تێدایە بە فارسی دەیڵێتەوە، لە تورکی و فارسیدا خاوەن بەهرەیە. ئەو شیرەی خان بە دەستی خۆی دروستی دەکات، قەت دەمی لە هەڵگەڕانەوە نایێ.

جارجار لە سورمەی باش، سەرزین دەچنێ و دەینەخشێنێ، یەکی بە دوو هەزار قروش دەفرۆشێ.

سەعاتسازێکی بلیمەتە، سەعاتی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە و سەعاتی سەر بورج و سەعاتی ژمارە و زێڕ و سەعاتی وریاکەرەوە خۆی دروستیدەکا بە جۆرێك کە دەستکردەکانی (جان پەترۆکشیر)یان ناگاتێ. خان لەسەر نقێمی ئەنگوستیلەکەی سەعاتێکی ئەوەندە ورد و جوانی داناوە کە زیاتر لە کاری جادوو دەچێ.

لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیدا هەر باسی ناکرێ، مەقامی ڕاست و دووگا زۆر باش دەزانێ و لە گوتنی زەجەل و زیکر و تەسنیف و مورەبەعات و وارسقی و

سەرچیادا وەستایەکە کەس نایگاتێ. هەرچەند دەنگی زۆر زلە، بەڵام کە دەست دەداتە ئامێرێکی مۆسیقا، شیعری حافز بە بیست و چوار ئوسوڵەوە دەڵێ، مەل بە ئاسمانەوە ڕادەگرێ.

لە جۆلاییشدا زۆر شارەزایە، بەرماڵێکی دەسکردی خۆی پێشکەشی مەلیك ئەحمەد کرد کە وێنەی مەگەر لە میسر و ئیسفەهاندا دەست بکەوێ. خەڕاتیش دەزانێ، کەوچکی خڕی ناو مەرەکەب، داری قەڵەم لەسەر قرتاندن، سێپای ژێگر و کلچۆکی چاوی ئەوەندە ورد و بە نە خش دروست دەکا، کە شارەوشار بە دیاری دەنێردرێ. جۆرە تیری هەکۆ و پیشڕۆ و هی دی دروست دەکا کە لە کاری جادوو دەچێ، تەنانەت لە سەد و پەنجا تەڵەزمی قامیش جۆرە تیرێك دروست دەکا کە لە نووکەکەیەوە تا دەگاتە پەیکانی ناوەکەی هلۆلە.

لە تەپڵ لێداندا وەستایەکە دەتوانێ لە نێوانی چوار تەپڵ دابنیشێ و دەست بگەیەنێتە هەر چواریان و بە شێوەیەکی ڕێك کاری چوار تەپڵ کوت بەجێ بێنێ.

خوای گەورە ئەوەندە هۆش و زیرەکی و وریایی و زانایی و تێگەیشتنی داوە بەم پیاوە کە لە سەدان



پیشە و هونەر و وەستاییدا کەسی ناگاتێ، جەمشیدێکە بۆ خۆی، ئەگەر تەواوی زانیارییەکانی ئەو لێرەدا باس بکەین دەبێتە کتێبێکی زل))[١١٥].

ئەولیا، لە شوێنێکی دیکە لە ژێر ناونیشانی (شێوە زمانی کوردەکانی ڕۆژەکی)دا دەڵێ: ((سەروەری گەورەمان جەنابی (عەبدال خان) پیاوێکی شاعیر و قسە ڕەوان و نووسەر و زانا و لە هەموو هونەرێکدا وەستایە، قەسیدەیەکی بە تورکی و شێوەی ڕۆژەکی داناوە کە لێرەدا دەینووسم، هەواکەی لەسەر مەقامی سێگا دەگوترێ))[١١٦].

چیرۆك و بەسەرهاتی (خان عەبدال) بابەتێکی زۆر گرنگە و پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێ. لەو سەردەمەدا عەبدال خان میر یان خانی بدلیس دەبێ، ئەم ئەحمەد پاشایەش هەر لە شاری (ئوسکودار[١١٧])ەوە بەخۆیی و لەشکرەکەیەوە ڕوودەکەنە ئەیالەتی وان. بێگومان ئەم سەفەرەی

---

١١٥ – سیاحەتنامە، لا: ١٢٢– ١٢٣.

١١٦ – سیاحەتنامە، لا: ١١٨. ئەو هۆنراوەیە کە لە پێشتردا باسمان کرد و مامۆستا سەعید ناکام پێی لاواز بووە و وەرینەگێڕاوە.

١١٧ – هەرچەند ئەولیا (ئوسوکدار) بە شار ناودەبات، بەڵام ئێستا گەڕەکێکە لە شاری ئەستەمبوڵ.

ئەحمەد پاشای عوسمانی، بۆ بردنی خێر و بێر و نوقڵ و نەبات نەبوە بۆ خەڵك و میر و میرنشینەکانی کوردستان، بەڵکو بۆ سەپاندن و نوێکردنەوەی دەسەڵاتی عوسمانی بووە، جگەلە وەرگرتنی باج و خەراج ...، گۆڕینی والییەکان و ئەیالەتەکان، لە پێناوی مەرام و خواستی ئیمپراتۆری عوسمانیدا.

جگە لە ئەولیا چەلەبی گەشتیاری فەڕەنسی (ژان باتیست تاڤێرنێ) کە لە نێوان ساڵانی (١٦٣٢-١٦٦٨)دا نۆ جار سەفەری بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات کردووە و لە کتێبەکەیدا (گەشتنامە[118]) کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی میرنشینی بدلیس و عەبدال خان نووسیوە. تەنانەت دیارییان گۆڕیوەتەوە کە لەوە دەچێت دیارییەکان هەر (کتێب) بوون، واتە کتێبیان گۆڕیوەتەوە[119]. هەروەك د. شەمسی محەمەد

[118] – زۆر هەوڵم دا کە ئەم (گەشتنامەیە)م وەگیر بکەوێ، بەڵام بەداخەوە دەستم نەکەوت.

[119] – دیارە هەندێك لەو کتێبانەی کە ئەولیا لە هەڕاجکردنی کتێبخانەکەی عەبدالخاندا باسی دەکات هەندێکیان ئەوروپایی بوون و زۆر وێدەچێ کە لەم چەند سەفەرەی ئەم گەشتیارەدا (تاڤێرنێ) عەبدالخان داوای هێنانی کتێبی لێ کردبێت. هەروەها دەکرێ بەهۆی گەڕان بە شوێن کارەکانی (تاڤێرنێ)دا سەرەداوی هەندێ لە بەرهەمەکانی عەبدالخان لە مۆزەخانەکانی ئەوروپا بەگشتی و فەڕەنسا بەتایبەتی بدۆزرێنەوە.



ئیسکەندەر دەڵێ: ((چونکە ئەو عەبدال خانەی کە میری بدلیس بووە و ژان باتیست تاڤێرنێ بە دیداری گەیشتووە لەگەڵ زانست و شارستانێتیدا سەر و ساختی زۆر خۆش بووە و کتێب و کتێب خڕکردنەوەی زۆر مەراق بووە))[120].

هەر دەربارەی عەبدال خان، مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف دەڵێ: ((کەم بلیمەتی وەك عەبدال خان لە مێژوودا هەن، هیچ شوێنێك شك نابەین بەرهەمی زانستی و هونەریی عەبدال خانی لێ بن، ڕەنگە لە شەڕی نێوان ئەو و مەلیك ئەحمەد پاشادا فەوتابن. من کە هاوینی (١٩٧٧) چووم بۆ بدلیس، لەم ڕووەوە لە عادل بەگی شەرەفخانم پرسی، کە مرۆڤێکی ڕووناکبیر و کوردپەروەرە و ئەوسا کتێبێکی لەسەر بدلیس دادەنا، گوتی: هیچ بەرهەمێکی دیار نییە و بیستوومانە دیوانە شیعرێکی لە دیاربەکر هەبووە. هەروەها گوتی: نازناوی (عادل) بووە و (کەژخان)یشی پێدەڵێن، چونکە چووتە چیا و لە حکومەتی عوسمانی یاخی بووە، داوام

[120] – مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، وەگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە: شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، چ (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، لا: ١٦.

کرد گۆڕەکەیم پێشان بدات، کەچی گوتی: گۆڕەکەی لە بدلیس نییە، لەبەرئەوەی عەبدال خان لە ئەستەموولْ لەسێدارە دراوە. پاش گەڕانەوەم عادل بەگ نامەی لەم بارەیەوە بۆ نووسیم کە تێیدا دەڵێت: ناوبراو ساڵی (١٠٩١ ك)دا خنکێنراوە. ئەمجا من دەڵێم: دوور نییە عەبدال خان لەبەردەستی شەرەفخاندا فێری وێنەکێشی بووبێ، چونکە شەرەفخان کۆچی دوایی کردووە، عەبدال خان حەڤدە ساڵان بووە و ئەوسایش منداڵ لە چوار ساڵیدا فێری خوێندن دەکرا، بەتایبەت منداڵێکی زیرەکی وەك عەبدال خان[١٢١]).

لە هەردوو کتێبی (معجم اعلام الکرد[١٢٢])ی د. محمد علی الصویریکی و (مشاهیر الکرد و کردستان[١٢٣])ی خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی، ناوی (عەبدال خان) هاتووە، کە کتێبی یەکەم لە دووەمی وەرگرتووە و ئەویش لە کتێبی ئەولیا چەلەبی وەرگرتووە، بەڵام

[١٢١] – تابلۆکانی شەرەفنامە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٨، سلێمانی، چ (وەزارەت)، لا: ١٥.
[١٢٢] – معجم اعلام الکرد، في التأریخ الأسلامي و العصر الحدیث في کردستان و خارجها، بنکەی ژین، السلیمانیة، ٢٠٠٥، م (حمدي)، ص: ٤٥١.
[١٢٣] – مشاهیر الکرد و کردستان، الجزء الثاني، اعداد: رفیق صالح، بنکەی ژین، السلیمانیة، ٢٠٠٥، م (شڤان)، ص: ٢٨٣– ٢٨٤.



ئەمین زەکی ناوی شەش میری بەو ناوە هێناوەتەوە کە شەشەمیان (میر عەبدال خانی بدلیس)ە و بۆچوونی خۆی خستۆتە سەر، دەڵێ: ((کوڕە برای شەرەفخانی بدلیسییە، میری بدلیس بووە و مەلیك ئەحمەد پاشا والی بەغداد ساڵی (١٠٦٥)ی کۆچی بە سوپایەکی گەورەوە هێرشی کردۆتە سەر، خان نەیتوانیوە بەرەنگاریان بێ، لەبەرئەوە بدلیسی بەجێ هێشتووە لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی کە ئەولیا چەلەبی هاوڕێی ئەو مەلیك ئەحمەدە بووە و بە چاوی خۆی زوڵم و زۆری ئەحمەد پاشای دیوە، کە کردیە سەر میر عەبدال و پشتیوانەکانی). دواتر باس لە کتێبخانە بەنرخەکەی دەکات و دەڵێ: (پاشا دەستدرێژی کردە سەری لە پێناو سامانەکەیدا). لە تەنیشتی نووسیویەتی (ئەولیا چەلەبی). لەڕاستیدا ئاماژەکردن بەناوی عەبدال خان لەم کتێبەدا، ئەوە دەردەخات کە مامۆستا ئەمین زەکی کتێبی سیاحەتنامەی خوێندۆتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو ڕستەیەی بەناوی ئەولیا نووسیبێ! بەڕای من دانانی ناوی ئەولیا لەو شوێنەدا وەك سەرچاوەیەکە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان، چونکە وەك ئێمەش باسمان کرد لە هیچ شوێنێکی دیکەدا وەك

(سیاحەتنامە) باس لەو میرە نەکراوە، ئەگەرنا دیارە مامۆستا ئەو کتێبەی خوێندۆتەوە و گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە ئەو شەڕە لە پێناوی تالان و سەروەت و سامانی عەبدال خاندا کراوە، نەك ئەولیا ئەو نهێنییەی بە ڕاشکاوی درکاندبێ لە کتێبەکەیدا.

لەدامێنی ئەم باسەدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە پێشکەوتنی زانست و زانیاری لە کوردستاندا بەگشتی و لە باکوور بەتایبەتی، شتێکی نامۆ نەبووە، بەڵکوو پێش سەردەمی عەبدال خانیش لە زۆر ناوچەدا داهێنانی نوێ لە دروستکردنی سەعات و داینەمۆی ئاو، هەبووە. ئەوەتا (ئیبن ڕەزازی جزیری) کە لە سەدەی دوانزەی زایینیدا ژیاوە، خاوەنی کۆمەڵێك داهێنان و بەهرە و توانای زانستی بووە[١٢٤]، کە هیچ دوور نییە ئەم پلەوپایە زانستییە درێژەی کێشابێ و لە سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا لە ناوچە و شاری بدلیس، فراوانتر بووبێ و پێشکەوتنی فرەتری بەخۆوە دیبێ، بلیمەتێکی وەك عەبدال خان کە لە بنەماڵەیەکی زانا و

[١٢٤] – بڕوانە: عبدالرقیب، یوسف، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، الجزء الثاني، القسم الحضاري، الطبعة الثانية، ئاراس، ٢٠٠١، م (وزارة التربية)، اربيل، ص: ٢٠٩. هەروەها بڕوانە پاشکۆی وێنەکان کە وێنەی هەندێك لە دروستکراوەکانی (ئیبن ڕەزازی جزیری)مان خستۆتە ڕوو.



دەسەڵاتداری ناوچەکە بووە، گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە ئەولیا بەم شێوەیە باسی بکات.

لە کۆتایی باسی عەبدال خان دا، دەڵێین: وەك لە بەڵگەنامە مێژووییەکان و سەرچاوەکاندا هاتووە، لە مێژووی کورددا کەسێك یان بەتایبەت تر، میرێکمان نەبوە لێوەشاوەیی و پلەوپایەی زانستی و بەهرەمەندی و بلیمەتی لە عەبدال خان لە پێشتر بووبێ، تەنانەت لەم شەڕە قورس و گران و چارەنووسسازەشدا کە تووشی هاتووە، زۆر بە ژیری مامەڵەی کردووە. (دواتر ئەم ڕاستییەمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە).

# هۆکارەکانی شکاندنی سەروەریی میرنشینی بدلیس

لەسەرەتای دەستپێکردنی گەشتەکە و نووسینی سیاحەتنامەدا، ئەولیا هیچ جۆرە زانیارییەکی دەربارەی نیاز و مەبەستی سەفەرەکەیان نەنووسیوە، بەڵام وەك دواتر دەردەکەوێت هەر لە شوێنی دەرچوونیانەوە سەفەرەکەیان لە پێناوی مەبەستێکی دیاریکراودا بووبێ.

لەبەرئەوە لێرەدا هەوڵ دەدەین بە چەند خاڵێك، وردەکارییەکانی ئەم شەڕە بخەینەڕوو:

١- هەروەك پێشتر ئاماژەمان بە نووسینێکی (شەرەفخان) کرد دەربارەی سەروەری و مێژووی دێرین و میرانی ئەم شار و ناوچەیەی کوردستان، هەروەها ئاماژەکەی د. بلەچ شێرکۆش، بۆمان دەردەکەوێ کە هەر لەکۆنەوە خاوەنی شارستانی و ئاوەدانی و پێشکەوتن بوون. کە ئەمە گریمانەیەکی تەواوە بۆ شەڕپێفرۆشتن و شکستپێخواردن و لەناوبردنی لەلایەن دەسەڵاتێکی وەك دەوڵەتی عوسمانییەکان. ئەمە



لەکاتێکدا بەپێی پێگەی ئەم میرنشینە لەچوارچێوەی پەیوەندی بە دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە، بۆیان نەبووە عەبدال خان لابەرن[125]، هەر لەبەرئەوە شەڕیان پێ فرۆشتووە. بەڵام دیارە نەیانتوانیوە و لە دەسەڵاتیاندا نەبوە ئەو ئامانجەی دیکەیان جێبەجێ بکەن، واتە لادانی ئەو بنەماڵەیە لە دەسەڵات، هەر لەبەرئەوە دوای هەڵاتنی عەبدال خان، کوڕەکەیان لە شوێنەکەی داناوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەوەی ئەو خانە بلیمەتەیان لە دەسەڵات دوورخستۆتەوە و کۆمەڵێك ئاکامی دیکەیان وەك: تاڵان و چاندنی ترس و لەرز و پەرتەوازەکردنی هۆز و دەسەڵاتە کوردییەکان و ...تاد خستۆتەوە، ئاکامێکی دیکەشیان هێناوەتە دی ئەویش پوووکاندنەوە و لاوازکردنی دەسەڵات و میرنشینی بدلیس بووە.

٢- هەر لەکۆنەوە میر و دەسەڵاتدارانی بدلیس، پەیوەندییەکی تەواویان هەبووە بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بەڵگەشمان بۆ ئەوە، پەیوەندی پتەوی

[125] - سەرهەڵدان و رووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، د. سەعد بەسیر ئەسکەندەر، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (داناز)، لا:٨٨.

عەبدال خان بووە بە ئێزدییەکانەوە، کە ئەمە بۆ خۆی بەڵگـەی هەسـتی نەتەوایـەتی و ڕەتکردنـەوەی ئـەو دەسەڵاتە بەناو ئایینییەی عوسمانییەکان بووە، چونکە لە زۆر شوێنی کتێبی سیاحەتنامەدا باس لە پەیوەندی نێوانیان دەکرێت و تەنانەت ئەوانەی کە عەبدال خان پشتی پێبەستوون و کلیلی قەڵای پێ سپاردوون، ئێزدی بوون[126]. هەروەها دەربارەی پەیوەندی نێوان میرەکانی بدلیس و شاکانی ئێران، شەرەفخان لە زۆر شوێندا ئاماژەی پێ دەکات، هەروەك دەڵێ: ((کاتێ بابی خاوەن ناوی منی هەژار، چارەنووس پاڵی پێوەنا و لە نیشتمانی دڵگیر و زێدی باوباپیرانی هەڵوەدا بوو، کەوتە عەجەمستانەوە، کچی (ئەمیر خان موسلو)ی خواست کە ئەو ژنە دایکی منە[127])). دواتر لە شوێنێکی دیکەدا دیسان باس لە وازهێنانی بابی دەکات لە خزمەت (شا)دا کە شەرەفخان لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا دەخاتە شوێنی ئەو[128]. کەواتە پەیوەندییەکی پتەو هەبووە لە نێوانیاندا، کە ئەمەش گریمانەیەکی دیکەیە

[126] – سیاحەتنامە، لا: ٢٦٥.
[127] – شەرەفنامە، لا:٧٧٧.
[128] – سەرچاوەی پێشوو، لا: ٧٧٩.



بۆئەوەی کە لەلایەن عوسمانییەکانەوە شەڕ بەو بنەماڵە و میرنشینە بفرۆشرێ، چونکە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دوژمنی سەرسەختی یەك بوون. هەر دەربارەی ئەم پەیوەندییە، ئەولیا لەلاپەڕە (١٩١)دا دەڵێ: ((بەڵام گەلێك لە خانەکانی کوردستان، وەکو (شەرەفخانی بدلیس) کە لەلایەن شا تەهماسبەوە تاجی لەسەر نرا بوو، دەستیان کردبوو بە ڕێگری و ئازاردانی کاروانی موسڵمان و ڕێبواران)). هەروەها لە لاپەڕە (١٢٨)دا لەباسی گەرماوەکەی خاندا دەڵێ: ((چوارچێوەی پەنجەرەکان بە نەخش هەڵکەندراون و خانەکانی عەجەم لە تەورێزەوە بە دیاری بۆیان ناردووە)). تەنانەت لە چواردە کوڕەکەی خان، سیانیان ناویان (ئیسماعیل، حەسەن و حوسێن) بووە، ئەمەش جۆرە وەفا و ئەمەکدارییەکی خان بووە بۆ سەفەوییە شیعە مەزهەبەکان. بەڵام لە کاتی ڕۆشتنی ئەحمەد پاشادا لە بدلیس، یەکێك لەو هەنگاوانەی خان دەینێت بۆ دوورخستنەوەی شەڕ، ئەو دوو کوڕەی پێشکەشی پاشا دەکات کە ناویان (حەسەن و حوسێن) بووە، وەك ئەوەی خان ویستوویەتی بە پاشا بڵێ: من پەیوەندی

سەفەوییەکان لە پێناو عوسمانییەکاندا دەکەمە قوربانی، کە دیارە لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی سەفەوییەکان لە کوردستاندا کز بووە و دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە برەودا بووە (چونکە دوای شەڕی چاڵدێران بووە)، کە ئەمەش جۆرە بلیمەتییەك و وریاییەکی خان دەردەخات بۆ خۆ لادان لەم شەڕە کۆکوژی و خۆکوژییەی چاوەڕێی دەکرد. هەر دەربارەی ئەم بۆچوونە د. سەعد بەشیر دەڵێ: ((ئەمە دوای ئەوەی ناوبراو (سوڵتان موڕادی چوارەم) بەغدای داگیرکرد و سەفەوییەکانی شکست پێدابوو، ڕەنگە عوسمانییەکان ئەم هەڵوێستەی عەبدال خانیان وا لێکدابێتەوە کە هەڵچەرخانە بە ڕووی دەسەڵاتەکەیان یان بە دەرفەتیان زانی دوای شکست پێدانی سەفەوییەکان نینۆکەکانی ببڕن[129])).

٣- ئەو هەموو سەروەت و سامان و خەزێنەی خان هەیبووە، پاروویەکی چەور بووە نەك هەر بۆ ئەحمەد پاشا، بەڵکوو بۆ سوڵتانەکانی ئەستەمبوڵیش، ئەی ئەگەر شەڕی پێنەفرۆشن چۆنچۆنی بتوانن داگیری

[129] - سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (داناز)، لا: ٨٤.



بکەن و تاڵانیی بکەن؟! هەروەك لە هەندێ شوێندا (ئەولیا) یان دەماری ئایین گرتوویەتی یان خودپەرستی پاڵی پێوە ناوە کە نارەزایی بەرامبەر دەسکەوتی (ئەحمەد پاشا) دەربڕێ. چونکە لە زۆر شوێندا هەستی پێدەکرێ، هەروەکو لە لاپەڕە (٢٩٣)دا دوای ناردن و وەرگرتنی هەندێ دیاری خانم سوڵتان بۆ ئەحمەد پاشا، ئەولیا دەڵێ: ((پاشاش کە دیارییەکانی وەرگرت خۆی کڕ کرد)). هەروەها لە لاپەڕە (٢٩٧)دا بەمجۆرە دەڵێ: ((پارەی شتومەکەکانی دیکە لە پاشا بەولاوە کەس لێی نەپرسییەوە و شتە زۆر گرانەکان هەر خۆی زیادی کرد و لەسەر خۆی دەنووسی و کەس شتی بەنرخی دەست نەکەوت، تەنانەت منیش کەس لێی نەپرسیم)). کەواتە دەربڕینی ئەولیاش لەپێناو خۆیدا بووە، نەك لەبەر ویژدان و ئایین.

٤- ناوچەی بدلیس و فەمانڕەوایی ئەو کاتەی ناوچەکە، شوێنێکی ستراتیژی بووە و جێگەی مەترسیی بووە بۆ عوسمانییەکان[130]، هەروەك مامۆستا

[130] - هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەو ناوچەیە جگەلە شوێن و هەڵکەوتە جوگرافییەکەی، لە زۆربەی بوارەکاندا تردا خاوەنی چوارچێوەیەکی سەربەست و تایبەت بە خۆی بووە.

هەژار دەڵێ: ((وێدەچێ جیهانگەڕی فەڕانسی (مسیۆ بارن تاوانیە) بووبێ کە لە نێوانی ساڵانی (١٦٣٥–١٦٦٠)دا چاوی بە میرێکی بدلیس کەوتووە)، کە مامۆستا هەژار پێی وایە هەر عەبدال خان بووە کە ئەو گەڕیدەیە چاوی پێ کەوتووە و دەربارەی ئەوێ چەند یاداشتێکی تۆمارکردووە کە ئێمە تەنیا ئەوەندەی وەردەگرین: (لەڕاستیدا میرێکی زۆر بە بڕشتە، ئێرانی و تورکی لێی دەترسن و دیاری بۆ دەنێرن، چونکە زۆرباش لە دەستی دێ ڕێگەی نێوان حەڵەب و تەورێز ببەستێ، عوسمانیش بە بدلیسدا نەبێ ڕێگەیان نییە بچنە وان. دۆڵی بدلیس لە هەموو شوێنی دنیا سەخترە دە کەس بیگرن هەزار کەسیان دەرۆست[131] نایە، دوو کەژی ڕژدی هەڵەموت دەوری بدلیسیان گرتووە، قەڵاش لەو ناوەندەدایە و لەسەر کێوێکی خڕلوس هەڵکەوتوو و تەنیا ڕێیەکی بۆ دەچێ و بە سێ شوورە دەورە دراوە، دوانیان نێوانیان هەراوە و شوورەی سێیەم تەنگەبەرە و کۆشکی میری دەناودایە. بۆ سەرکەوتنی ئەم قەڵایە دەبێ ئەسپ زۆر بەکاربێ، بەڵام

[131] – دەرۆست نەهاتن: پێ نەوێران، لەبەرامبەر یەکتردا نەبوون (لەهێز و دەسەڵاتدا).



هەر میر و میراخوڕ دەتوانن بەسواری بیچنێ. سەرەڕای قەڵای قایمیشی دەتوانێ بیست تا بیست و پێنج هەزار سوار و زۆریش پیادەی چەکدار ئامادەکا[132])).

٥– عوسمانییەکان پێش چوونیان بۆ بدلیس، زانیویانە و ئاگادار بوون کە بدلیس شار و شوێنێکی پێشکەوتووە، بەتایبەت بنەماڵەی عەبدال خان کە زۆربەیان ناسراو بوون و وەك توێژێکی ڕۆشنبیر ناوبانگیان هەبووە، بەتایبەت باپیری (شەرەفخان)، هەروەك زانیمان و دواتریش بۆمان دەردەکەوێت کە عەبدال خانیش کەسێکی هونەرمەند و نووسەر و شاعیر و بلیمەت بووە، کە ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ شەڕپێفرۆشتنی لەلایەن عوسمانییەکانەوە و وێرانکردنی ئەم پێگە پێشکەوتوو و پڕ بایەخەی کورد، کە بێگومان لە مەسڵحەتی ئەوان نەبووە و نەهاتۆتەوە.

٦– بێگومان و بەبێ چەندوچوون، هەموو کاتێك نارێکی کوردەکان لەنێوان خۆیاندا[133] سەری

[132] – شەرەفنامە، لا: ٧٨٨– ٧٨٩.

[133] – دووریش نییە ئەم پاساو یان هۆکارە دووربێت لە ڕاستییەوە، بەڵکو ئەولیا ویستبێتی هۆکاری شەڕەکە بخاتە سەر شانی ئەوان ...؟! لەلایەکی دیکەوە مەرج نییە ئەو پیاوماقوڵ و ئاغایانەی باسیان دەکات (کورد) بوو بن، بەڵکوو ڕەنگە (تورك) بووبن.

شۆڕشەکانی خۆی گرتۆتەوە، بەتایبەت شەڕی گەورەی نێوان عەبدال خان و سوپای عوسمانی، شەڕێکی تەواوی کورد بە کورد بووە. چونکە زۆرێك لە خێڵ و هۆزە کوردەکان بوون کە دووزمانی و شەڕانگێز بوون، لەکاتێکدا شەڕەکە لەسەر حسابی ئەوان کراوە، کە لە کتێبی سیاحەتنامەدا زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە. لەشوێنێکدا دوای ناردنی هەڕەشەکانی پاشای عوسمانی بۆ خان عەبدال، خانیش بە شێوەیەکی زۆر جوان وەڵامی دەداتەوە، بەڵام ئەولیا دەڵێ: ((پیاوماقوڵانی وان کێچ کەوتە کەوڵیانەوە و تێکڕا گوتیان (قوربان ئەوە دەتان خەڵافێنێ، خوا دەیزانێ ڕۆژێك دێ ئێمەش وەکو محەمەدی مەلازگرد ماڵوێران دەکا و پاشانیش وەکو شەرەفخانی باپیری لە تەنگانەدا ڕوو دەکاتە وڵاتی عەجەم. چونکو ئەمانە لە کۆنەوە دوژمنی خانەدانی عوسمانین، هەتا ئەم سوپایە لێرە خڕبۆتەوە و هەلمان بۆ هەڵکەوتووە، با هەڵکوتینە سەری و لەناوی بەرین)). بەدوایدا ئەولیا دەڵێ: ((ئەوەندەیان لەم قسانە بە گوێی پاشادا خوێند و



چوونە ژێر کلێشەیەوە، تابڕیاری چوونە سەر بدلیسی دا[١٣٤])). بێگومان ئەو خەڵك و حەشاماتە زۆرە بیانەوێ خان لەناوبەرن، پاشاش لە خوای دەویست و دەیزانی براوەی یەکەم و دووەم هەر خۆیەتی و دۆڕاویش هەر ئەوانن! ئەمە جگەلەوەی هیچ دوور نییە خۆی ئاغاکانی فێری ئەم جۆرە قسانە کردبێت و ئەولیاش لێی بێئاگا بووبێ، چونکە ئاغاکان واتە (پیاوە تورکە عوسمانییەکان لە کوردستاندا). هەروەها لە بابەتێکدا بەناوی (هۆی لەشکر کردنە سەر خان) ئەولیا دەڵێ: ((هەموو پیاوماقوڵ و ئاغاکانی وان و بەگە کوردەکان لەوێ کۆبوونەوە، پاشا ڕای ئەوانی وەرگرت، تێکڕا لە دەست خان هاواریان لێ هەستا و گوتیان (کابرایەکە بێدین، خوانەناس، داوێن پیس، ئەستێرەوان و درۆزنێکە چل ساڵە خوێنی حەڵاڵە) ئەو خەڵکە بێویژدانە ئەم هەموو بوختانانەیان بە خان کرد کە ئاگای لە هیچ نەبوو[١٣٥])).

٧- پێدەچێ لەو سەردەمەدا میرنشینی بدلیس یان بنەماڵە و کەسایەتی عەبدال خان، پەیوەندییەکی

[١٣٤] - سیاحەتنامە، لا: ٢٣٤.

[١٣٥] - سیاحەتنامە، لا: ٢٢٥.

دۆستانەیان نەبووبێت لەگەڵ بەگ و سەرەك هۆزە کوردەکانی (وان)دا، چونکە لەلایەك کە ئەحمەد پاشا نامە بۆ عەبدال خان دەنێرێ بۆئەوەی ئەویش وەك هۆزە کوردەکان هاوکاری بکات لە لابردنی پاشماوەی گڵکۆی (تەیموری لەنگ)دا، بێگومان ناچێ و لە وەڵامێکدا دەڵێ: (ئەسپی ئێمە لە وان ئاو ناخواتەوە). هەروەها بەپێی گوتەی ئەولیا زۆربەی پێکهاتەکان و هێزەکانی ناوچەی وان، زۆر بە تاسەوە بوون لە بەرەنگاربوونەوە و هاوبەشییان لە شەڕەکەدا. ئەم هۆکارە مەرجیش نییە وابووبێ، چونکە ئەولیا چەلەبی هەر گوێبیستی ئەو سەرەکهۆزانە بووە کە لە کۆڕەکانی والی عوسمانیدا دانیشتوون و ئامادەییان هەبووە، کە مەرج نییە ئەوانە نوێنەری هەموو هۆز و خەڵکی ناوچەکە بووبن، ئەگەر لەکاتێکدا ئامادەش بووبن، ڕەنگە نەیانوێرابێ هیچ جۆرە موداخەلەیەك بکەن.

٨- لەسەروو هەموو ئەم خاڵانەوە کە باسمانکرد، پاشا بۆخۆی دوای تەوابوونی هەموو کارەست و ڕووداوەکان، کە دیارە ئەولیاش لێی بێخەبەر بووە و ڕەنگە زۆر جار لە ناخی خۆشیدا ئەم پرسیارەی کردبێ، کە ئایا پاشا بۆ بوو بە هۆکاری سەرەکی ئەم



شەڕە، یان لە بنچینەدا و هۆکاری ئەم شەڕە چی بوو؟! هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەولیا چەلەبی لە زۆر شوێندا دەڵێی سەری لێ شێواوە، چونکە زۆرجار بەرەی خان دەگرێت[١٣٦]، بەڵام لێرەدا هەندێ لە ڕاستییەکان بەتەواوی دەردەکەون. چونکە لە دوای شەڕەکە و لە بابەتێکدا بەناوی (هۆی ڕاستەقینەی ئەم شەڕە) ئەولیا دەڵێ: ((لەپاش هەموو شتێك مەلیك ئەحمەد پاشا پێی گوتم، (ئەولیا) دەزانی لە بناخەوە ئەم شەڕەم بۆ کرد؟ گوتم ناوەڵڵا نازانم، پاشا گوتی ساڵی (١٠٤٨) کە سوڵتان مورادخان بەغدای گرت، لە گەڕانەوەیدا خانیی بدلیس نەهات خەزا پیرۆزانەی لێبکات، مورادخان زۆر دڵی ڕەنجا و بە منی گوت:

[١٣٦] – لە لاپەڕە (٢٤٦)دا دەڵێ: چونکو ئەو بەگە کوردانەی نەهاتبوون، بۆ کن پاشا، مەترسیی دەستوەشاندنیان لێدەکرا، دەشترساین نەوەکو خانیی بتلیس کە زۆر زیرەکە شەبەیخونمان بکاتە سەر، بەڵام خوا ئاگای لێیە ئەو خانە پایە بەرزە بێ ئازار و بێوەی بو، لە حاڵێکا ئەو ئاگای لە هیچ نەبوو، تاقمێك پیاوخراپی زمان لوس هێندەیان بە گوێی پاشادا خوێند، تا ئەم شەڕەیان پێ نایەوە، خانیش چاری نەما، غیرەتی باپیرانی خۆی ڕەچاوکرد و سی چل هەزار عەسکەری لە خۆی کۆکردەوە. هەروەها لە لاپەڕە (٢٣٢)دا، پێش خوێندنەوەی نامەی عەبدالخان دەڵێ: ...پاشان، ئەم نامەیەی بۆ پاشا نارد کە گەوهەری لێ دەباری. هەر لێرەدا و لەبەرامبەر ئەم ڕستەیەدا وەرگێڕ (مامۆستا سەعید ناکام) لە پەراوێزدا نووسیویەتی: ئەم ڕستەیەی (گەوهەری لێ دەبارێ) بە جوانترین هەستی ڕێز و بە گەورە گرتنە کە ئەولیا چەلەبی بەرامبەر بە دوژمنی دەوڵەتەکەی بەکاری هێناوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەحمەد وەك قەرزی خوا لەسەرت فەرز بێ کە تۆڵەی من لە خانی بدلیس بستێنیتەوە...[137] ؟؟!!)). کەواتە هەروەك پێشتر گوتمان، والی عوسمانی هەر بەو نیاز و مرازە ئەم سەفەرەی کردووە. هەروەها د. سەعد بەشیریش دەربارەی ئەم بۆچوونە دەڵێ: ((هێرش و پەلامارە سەربازییەکەی تورك بۆ سەر شاری بدلیس پێشتر نەخشەی بۆ کێشرا بوو، زۆر لە مێژیش بوو بڕیاری لەسەر درابوو، ئەم شاڵاوەش لە ئەنجامی ئەو ترسە زۆرەی تورك بوو لە زیادبوونی دەسەڵاتی میری بدلیس کە کاتی خۆی سوڵتان مورادی چوارەمی لە دیاربەکر نەخوێندبۆوە و پشت گوێی خستبوو)).

٩- ئەمە جگەلەوەی کە لە زەمانی سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە، تورکە عوسمانییەکان فێربوون، پشتی میرێکی لاوازیان دەگرت بۆ لەناوبردن یان لاوازکردنی میرێکی بەهێز، بێگومان دواتر لاوازەکەشیان تێك دەشکاند[138].

---

[137] – سیاحەتنامە، لا: ٢٧٠.

[138] – د. بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، مێژینە و ئێستای کورد، و: محەمەد حەمە باقی، چاپی دووەم، ١٩٩٠، چ (ڕەزائی)، تەورێز، لا: ٣٣. هەروەها سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، د. سەعد بەسیر



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## هەنگاوەکانی دەستپێکردنی جەنگ

هەروەك گوتمان خان عەبدال، زانیویەتی کە پاشای عوسمانی بە خۆڕایی نەهاتووە، لەبەرئەوە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی داوە ئەو بەڵایە لە خۆی و میرنشینەکەی بەدوور بگرێت، هەرلەبەرئەوەیە کە پاشای عوسمانی بە خۆیی و لەشکرەکەیەوە دەبێتە میوانی خان عەبدال، دوای پێشوازی و میوندارییەکی (١٠) ڕۆژەیی بێوێنە، کە پاشا دەیەوێت بەرەو عەیالەتی وان بڕوات، عەبدال خان کۆمەڵێك دیاری گرانبەها پێشکەش بە سوڵتان دەکات[139]، سەرەڕای ئەو هەموو پێشوازیی و دیاریی و خزمەتە، خانی بلیمەت و وریا، دوو کوڕی خۆی (حەسەن و حوسێن) پێشکەش بە سوڵتان دەکات کە یەکی قورئانێك لە باخەڵیان دەردەهێنن و پێشکەشی سوڵتانی دەکەن[140]. هەروەك

---

ئەسکەندەر، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (دانان)، لا: ٨٣.

[139] – دواتر لە بابەتێکی دیکەدا باس لە دیارییەکان دەکەین.

[140] – سیاحەتنامە، لا: ١٤٦، ١٤٧.

وەرگێڕ لە پەراوێزدا نووسیویەتی: ((عەبدال خان کە پیرەپیاوێکی هێجگار ژیر و دوربین بووە، لە نیازی خراپ و ویستی دەروونی ئەو پاشا چاوچنۆکە گەیشتووە و دەیزانی چەند ئیرۆیی بە وڵات و دەم و دەزگاکەی دەبات و ئەم جیاوازییە زۆر قووڵەی نێوان خۆیی و ئەو، واتە (ئەحمەد پاشا) لەمەڕ زانیاری و خوێندەواری خان و ئاوەدانی و پێشکەوتوویی بدلیس لەلایێك، لەگەڵ پاشایەکی کۆنەسەدری ئەعزەم و زاوای سوڵتانی ئەستەمبوڵ کەلە هێز و دەسەڵات بەولاوە هۆی شانازییەك شك نابا، لەسەر دڵی بووە بە گرێ و هەرچەند خزمەتی بکات و دیاری بداتێ و دۆستایەتی لەگەڵدا بەتین بکات، تەمی ئیرۆیی لە دڵ ناڕەوێتەوە و هەتا دەستێکی ناپیاوانەی لێنەوەشێنێ گرێی ڕقە ڕەشەکەی ناخی دانامرکێتەوە))[141].

هەر لەبەرئەوە خان ئەو دوو کوڕەی خۆی بە دوو قورئانەوە پێشکەش بە سوڵتان دەکات، بۆئەوەی لەلایەنی ئایینی و مرۆڤایەتییەوە، بچێتە دڵیەوە و

[141] – سیاحەتنامە، پەراوێزی ژمارە (١٣)، لا: ١٤٧، ١٤٨.



خۆیی و دەسەڵات و سوپا و شانوشکۆکەی، لەم ئاشووبە بەدوور بگرێت.

بەڵام دیارە ئەحمەد پاشا بە بەرنامە و نیاز و مرازی تایبەتەوە هاتۆتە ناوچەکە، هەر لەبەرئەوە سوپاکەی هەمووی نەبردۆتە ناو شاری بدلیسەوە، چونکە لە لاپەڕە (٩٩)دا و لە باسکردنی یەکەم دیداری پاشا و خاندا لە نزیك شاری بدلیس، کە خان بەرقلیانێکی لە دەرەوەی شار بۆ ئامادە کردوون، باس لە سێ هەزار عەسکەری پاشا دەکات. بەڵام دواتر بۆ ماڵئاوایی لە لاپەڕە (١٤٧)دا دەڵێ: ((تۆغەکانی پاشا و دوازدە هەزار سوپاکەی دەرکەوتن و چوونە قۆناخی ڕێی ئووا)).

پاشای عوسمانی لەسەردانەکەیدا بۆ شاری بدلیس مەبەستی سەربازی هەبووە، چونکە دیار و ئاشکرایە کە بە مەبەستی پشکنین و شارەزابوون لە توانا و دەسەڵاتی میرنشینەکە، ئەو سەفەری کردووە، تەنانەت دوور نییە نەخشەی سەربازی بۆ هەموو شەڕەکەش دانابێ، چونکە لە پێش دەستپێکردنی شەڕەکە و لەکاتێکدا یەکێك لە دیلە کوردەکان باس لە هێز و توانای عەبدال خان دەکات... کە قسەکانی تەواو ناکات

له سەری دەدەن، بێگومان دیلەکە مەبەستی ترساندنی هێزی عوسمانییەکان بووە، بەڵام لەبەرامبەردا ئەولیا دەڵێ: ((پاشا خۆی ژمارەی سوپا و هێزەکانی عەبدال خانی دەزانی و لێی نەدەترسا ...[142]))، کەواتە ئەوان بەو نیازە سەردانی خانیان کردووە.

هەروەها کە چوونەتە بدلیس، ئەولیا باسی ئەوەی نەکردووە کە سوپایان بردبێتە ناو شار و تەنانەت هیچ جۆرە نمایش و چالاکییەکی سەربازییان کردبێ! بەڵام لە چوونە ژوورەوەیان بۆ ناوچەی وان، چونکە مەبەستێکی دیکەیان هەبووە، ئەحمەد پاشا هەر لە سەرەتاوە دیارە بە نیازی ئەو شەڕانگێزییە دەچێتە ئەوێ. ئەولیا چەلەبی هەندێ نمایشی سەربازی و بەڵگەنامەی تۆمار کردووە، کە جوان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.

لە لاپەڕە (١٨٢ و ١٨٣ و ١٨٤)دا بە وردی نووسراوە و بەشەکانی سوپا کۆمەڵێك چالاکییان بە جلوبەرگی تایبەتی خۆیانەوە نواندووە، کە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی لە بدلیس کردوویانە. چونکە پاشا کە

[142] – سیاحەتنامە، لا: ٢٤٦.



دەگاتە بدلیس و بەناو شاردا دەڕوات زێڕ و پارە دەبەشێتەوە[143]، بەڵام لە وان بەپێچەوانەوە، هەر لەسەرەتاوە بە سیاسەتی تۆقاندن و کوشتن و...تاد، دەستپێدەکەن[144]. کە ئەمە ڕووداوێکی پێچەوانەیە و دیارە پاشای عوسمانی دوو مەبەستی هەبووە، یەکەمیان ئەوەبووە کە سەرنج و سۆزی خەڵکی شاری بدلیس بەلای خۆیدا ڕاکێشێت بۆ ئەوەی کە شەڕەکەی بەرپاکرد پشگیری خان نەکەن، هەروەها لە کردەکەی شار و ناوچەی واندا، مەبەستی کۆکردنەوەی سوپا و ترس و کەمکردنەوەی بەرەنگاربوونەوە بووە.

ئەمانە و زۆر بابەت و سەرنج و تێبینی دیکە کە لە تەوەر و باسەکانی تردا باسکراون، ڕاستی هەنگاوی ئەو سەفەرە دەسەلمێنن، کە ئەحمەد پاشا بەنیازی بووە، چونکە هەر خۆی کە هاتۆتە ناوچەکە پتر لە (١٢٠٠٠) چەکداری لەگەڵدا بووە.

لە ڕاستیدا ئەحمەد پاشا جگە لەو هۆکارەکانەی پێشتر باسمان کردن بەناوی (هۆکارەکانی شکاندنی

[143] – سیاحەتنامە، لا: ١٠٢.

[144] – لە بابەتی دواتردا باسمان لە هەندێك لەو سیاسەت و ڕووداوانە کردووە کە لە ناوچەی واندا کردوویانە.

سەرووەریی میرنشینی بدلیس))، چەند هەنگاوێکی ناوە بۆ بەرپابوونی شەڕەکە و کۆکردنەوەی سوپا و ...تاد، کە هەوڵ دەدەین بە چەند خاڵێك دیارییان بکەین:

١- هەر لەو قسانەی کە ئەحمەد پاشا بەناوی ئامۆژگارییەوە بۆ عەبدال خانی دەکات، هەست بە کۆمەڵێك ڕق و کینە و بزووتنەوەی شەڕ دەکرێ[١٤٥].

٢- لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ناوچەی وان، کۆمەڵێك بڕیاری کوشتن و سەربڕین دەردەکەن[١٤٦].

٣- هەر بە گەیشتنیان بۆ وان، (مەلیك ئەحمەد پاشا) بەناوی کۆکردنەوە و خڕکردنەوەی ئەو گڵ و خۆڵەی گوایە (تەیمووری لەنگ) لەبەردەمی قەڵای واندا کۆیکردۆتەوە! داوای کۆمەك و یارمەتی لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان دەکات و سوپایەك بەناوی سوپای کوردستان بۆ ئەو مەبەستە پێك دەهێنێ[١٤٧].

لەوە دەچێت پاشا لە بیانویەك گەڕابێت بۆ

[١٤٥] – قسەکانی ئەحمەد پاشا دوو لاپەڕەیە (١٤٨–١٥٠)، لە هەندێك شوێندا چەند کورتەیەکمان لێ وەرگرتووە و بۆ لێکۆڵینەوەکە بەکارمان هێناوە.

[١٤٦] – دواتر لە بابەتێکدا بەناوی (تاوان و تالان و تۆقاندنی عوسمانییەکان لە کوردستاندا) بە وردتر باسیان دەکەین.

[١٤٧] – سیاحەتنامە، لا: ١٨٩.



کۆکردنەوەی سوپای کوردستان، چونکە زانیویەتی ئەو سوپایەی لەگەڵیدایە دە ئەوەندەی دیکەش بێت سەرکەوتنیان مسۆگەر نییە...، جگەلەوەی چەند سوپا کۆبکاتەوە لە مەترسی هێزی بەرامبەر کەم دەکاتەوە، لەبەرئەوە بەبیستنی ئەو هەواڵە یەکسەر بڕیار دەدات سوپاکەی لەو شوێنە مۆڵ بێت و دەڵێ: ((با بەگی بیست و حەوت سنجاقی وان بێن و بۆ خزمەتی سوڵتان لە فڕێدانە دەریای ئەم گڵەدا یارمەتیمان بدەن[١٤٨])). دواتر ئەولیا دەڵێ: ((پاشا قەڵەمی بەدەستەوە گرت و بۆ هەموو بەگەکانی ئەو سنجاقانەی سەر بە وانی نووسی: ئەگەر لە ژێر فەرمانی پادشای مەکە و مەدینەدان، وەرن لەوان یارمەتی قەڵاکەی بدەن)). ئەم فرمان و بڕیارە خێرایە، نە لەو بەڕێزە دەوەشێتەوە و نەکاری ئەویش بووە، چونکە بەدرێژایی یاداشتەکەی ئەولیا هەر باسی کوشتن و تالان و وەرگرتنی دیاری ئەحمەد پاشای کردووە، نەك کارێکی باشی ئاوا زەحمەت، کەواتە مەبەست هەر لە کۆکردنەوەی سوپا بووە، هەر لەبەر ئەوەشە عەبدال خان و کۆمەڵێك لە

[١٤٨] – هەمان لاپەڕەی پێشوو.

بەگ و سەرەك هۆزە كوردەكان، يارمەتی نانێرن.

جگەلەوەی بەدرێژايی مێژووی دەستەڵاتی عوسمانييەكان لە كوردستاندا، چ كارێكی باشی ئەوەندە گەورەيان كردووە تاوەكو ئەحمەد پاشا لەو كات و ساتەدا بيكات، لەلايەكی ديكەوە ئەمە چ پەيوەندی بە مەكە و مەدينەوە هەيە، سەرەڕای هەموو ئەوانە كاری خێر بە زۆر كراوە؟!

بێگومان لە زۆر شوێنی ديكەدا كە پێشتر باسمان كردووە، هەست بە شەڕانگێزی (ئەحمەد پاشا) دەكرێت لەبەرامبەر عەبدال خاندا، بەڵام خاڵێكی ديكە هەيە و پێوستە هەڵوێستەی لەسەر بكەين، دوای هەموو ئەو هۆكارانەی باسمان كردن، ئەحمەد پاشا نامەيەك بۆ عەبدال خان دەنێرێ و دەنووسێ: ((هەی لە دەوڵەتی عوسمانيدا لە هەموو كەس سووكتر، تۆ كە ناوت عەبدال خانە، چەتەيەكی گومڕای سەرلێشێواوی، شەرمت لێ هەڵگيراوە و نامووس و شوورەييت لانەماوە، بە درۆ خۆت لە بنەچەی (سوڵتان ئەحەدوڵڵای عەبباسی) دەژمێريت و بەوە بايی بووی، كەچی لەعنەتی خودات لە خۆت باركردووە، لەگەڵ بێگانە و ڕافزی و يەزيدييەكاندا تێكەڵ بوويت و كابرايەكی لە



دين وەرگەڕاوی، شانبەشانی گۆرانيبێژ و قەشمەر و وشكەڕن و دمبەگژەنان هەڵدەستی و دادەنيشی، بە لەعنەت بی هەتا ڕۆژی قيامەت[149])). ئەمە سەرەتايەكی نامەكەيە و ئەم چەند سەرنجەی لەسەر دەنووسين:

١- ئەحمەد پاشا يان هەر والييەكی عوسمانی، كە خۆيان بە ميراتگری ئايينی داناوە، چۆن بەم شێوەيە و بەبێ ناوی خوا و پێغەمبەر نامە دەنووسێت؟! كە ئەمە بەتەواوی دەری دەخات ئەمانە بەهيچ شێوەيەك بڕوايان بە ئايين نەبووە، بەڵكو هەميشە ئايينيان بۆ سەروەری خۆيان بەكارهێناوە[150].

٢- جگەلە ئايين، ئەم ئەحمەد پاشايە زۆر بەبێ ئەدەب و ڕەوشت و ڕێز، نامەكەی نووسيوە، چونكە گەورە پياوان يان نامە بۆ كەسێك نانووسن يان ئەگەر

[149] – دوور نييە، ئەو چەند ڕۆژەی پاشای تورك ميوانی عەبدالخان بووە، خان خۆی وا نيشان دابێت كە ئاگای لە دنيای ميرنشينی و پلە و پايە نييە و هەر خەريكی كەيف و سەفا و گۆرانی و ...تاد، ئەمەشی وەك هۆكارێك بەكارهێنابێت بۆ ڕەواندنەوەی هەزری نەتەوەيی يان كوردانەی خۆی لە خەياڵی پاشادا. چونكە لە گەشتنامەكەدا باسكراوە كە چەندين نمايشی جادويان پێشكەشی پاشا كردووە. بڕوانە: سياحەتنامە لا: ١٠٠- ١٠٣، هەروەها لا: ١٣١- ١٤١.

[150] – بڕوانە بەشی يەكەم لە كتێبی: ڕەدووكەوتن لە كەلتووری كورديدا، لێكۆڵينەوەی: بوار نورەدين، ئينستيتيوتی كەلەپوری كورد، سلێمانی، ٢٠٠٥، چ (شڤان)، لا: ٣٩- ٥١.

نووسییان بەوپەڕی ڕێزەوە بۆی دەنووسن. بەڵام جوان دیارە مەبەستی ئەوەبووە کە هەست و غیرەتی عەبدال خان ببزوێنێ و تووڕەی بکات[151]، بۆئەوەی ئەو شەڕە تاڵانکارییەی لە کیس نەچێ.

٣- گەورە پیاوان، ئەگەر یەکێك لە خۆیان پایەبەرزتر و بەڕێزتر نەبێ، یان هاوشانی خۆیان نەبێ، میوانی نابن، ئەی ئەگەر عەبدال خان بەو شێوەیە بووە، چۆن بۆتە میوانی؟! یان هەروەك گوتمان میوانداربیەکی دوژمنکارانە بووە.

٤- ئەگەر ئەحمەد پاشا مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە ببوایە (هەرچەند هیچ کێشەیەکی واش لە ئارادا نەبوە)، دەبوایە زۆر بە جوان و نەرم و نیانی نامە بۆ عەبدال خان بنووسێ.

دواتر پاشا لە نامەکەی دا دەڵێ: ((شەرتبێ لە دەوڵەتی عوسمانیدا بە جۆرێکت تەمبێ بکەم وەك گوارە بکرێتە گوێچکەت و خۆت و ماڵ و منداڵت وەکو

[151] – لە پێش شەڕەکەدا ئەولیا لە شوێنێکدا دەڵێ: (خانیش چاری نەما غیرەتی باپیرانی خۆی ڕەچاو کرد و سی چل هەزار عەسکەری لە خۆی خڕکردەوە.) لا: ٢٤٧-٢٤٨.



دیلی بەزێڕکڕاو ببنە کۆیلەی عوسمانییەکان...)) ئەم بەشەش لەنامەکە هەڕەشە و بڕیاری پێشوەختە و بێگومان جێگەی قبوڵکردن نییە لەلایەن کەسێکی وەك عەبدال خان. بەڵکو ئاشکرایە ئەحمەد پاشا بەم نامەیە ویستوویەتی شەڕەکە مسۆگەر بکات، نەك کێشەکە چارەسەر بکات. چونکە هەر لەگەڵ ئەم نامەیەدا نامە بۆ (ئاوخچی مستەفا پاشا)ی ئەرزەڕۆم دەنێرێ، کە هەر لەوەدەچێ بەنیازی سوپا کۆکردنەوە بووبێ.

لە کۆتایی نامەکەشدا دەڵێ: ((جا لەگەڵ ئەم نامەیەی منت پێگەیشت ڕامەوەستە بە خۆت و فەرماندەکانی هاوڕێتەوە وەرە خزمەت سوڵتانی عوسمانی، ئەو مەڕ و ماڵاتەی تاڵانت کردووە[152] بیاندەوە بە خاوەنەکانیان و خۆت لە تەختی وان ئامادەی موحاکەمە بە،...)). دیسان ئەم گوتانە کەمێك هەڵوێستە وەردەگرن، یەکەمیان بەشێوەیەکی زۆر بێڕێزیی بانگهێشتی عەبدال خان دەکات و وەك فرمانێك بەسەریدا دەسەپێنێت کە بگاتە وان، دووەمیان داوای

[152] – یەکێك لەو تاوانانەی دەخرێتە پاڵ عەبدالخان، بردنی مەڕ و ماڵاتی (محەمەد بەگی مەلازگرد)ە، کە لە ڕاستیدا وەك مافێکی میرنشینەکە، لە کاتی وەرگرتنی (مەڕانە)دا لێیان بووە بە دەمەقاڵێ و کێشە، کە دواتر عەبدالخان لە وەڵامی نامەکەدا ڕوونی دەکاتەوە...

فەرماندەکانی هاوڕێی دەکات، باشە ئەوە گوتمان عەبدال خان تاوانبار بوو، ئەی فەرماندەکانی بۆ؟! ئینجا دەڵێ: وەرە خزمەت تەختی سوڵتانی عوسمانی، لەلایەك ئەو سوڵتان نەبووە بەڵکو والی (دیاربەکر) بووە. ئینجا دەیخاتە بەر سەنگی محاکەمەوە؟! سەرەڕای هەموو ئەوانەش، بەپێی پێگەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بەسەر میرنشینەکەی عەبدال خان دا بۆیان نەبووە بەو شێوەیە فرمانی بەسەردا بکەن و میر بگۆڕن، کەواتە دەبێ شەڕی پێ بفرۆشن ئینجا ئەو میرە لە دەسەڵات دوور بخەنەوە[١٥٣]، هەر لەبەرئەوەشە کە کوڕەکەیان لە شوێنی داناوە.

هەموو ئەو سەرنج و تێبینییانەی لێرەدا باسکران، تەنیا بۆ ئەوەبوون کە بەهەر شێوەیەك بێت شەڕی پێ بفرۆشن و ئەو جەنگە دەست پێ بکەن، ئەگەرنا عەبدال خان بەشێوەیەکی زۆر جوان، بەڕێز، پڕشکۆ، ئەدەبی، وریایانە و ...تاد، وەڵامی ئەحمەد پاشا دەداتەوە. کە هەروەك ئەولیا چەلەبی پێش خوێندنەوەی نامەکە

[١٥٣] – سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، د. سەعد بەسیر ئەسکەندەر، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (داناز)، لا: ٨٨.



نووسیویەتی: ((پاشان ئەم نامەیەی بۆ پاشا نارد کە گەوهەری لێ دەباری))، چونکە عەبدال خان بەشێوەیەکی هێندە ڕێکوپێك و هاوسەنگ نامەکەی نووسیوە کە بەڕاستی حسابی بۆ هەموو شتێك کردووە، هەر لەبەرئەوەیە ئەولیای بە دەنگ هێناوە.

لەپێناو سەلماندنی ئەو پێناسەیەی بۆ نامەکە کردمان، هەروەها وەك وەفا و یادگارییەك، چونکە ئەمە دڵۆپێکە لە دەریایەکی گەورەی زانیاری عەبدال خان کە تاکوو ئێستا بۆ ئەرشیفی ئەدەبیات و مێژووی کورد ماوەتەوە، پێویستە کەمێك نامەکە تاووتوێی بکەین و وەك خۆی و بێ دەستکاری لێرەدا بنووسینەوە[١٥٤]:

*((لەپێش هەموو شتێکدا سوپاسی ئەو خوا بێ هاوتایە دەکەم کە هۆشی تەواوی داوە بە ئادەمیزاد و بە پاکترین و بەرزترین گیانلەبەران سەربەرزی کردووە و کردوویەتە سەرپشك بۆ هەڵبژاردنی چاکە و خراپە، بۆئەوەی سوود و زیانی خۆی لێك جیا بکاتەوە و بەفڕ و فێڵی درۆزن و دووڕوو و شۆفاران هەڵنەخەڵەتێ، ئەوانەی دەبنە فەرمانڕەوا جڵەوی کاروباری خەڵك بە دەستەوە دەگرن،*

[١٥٤] – بێگومان لەکاتێکدا ئەو نامەیەی نووسیوە لە هیچ لایەك و بوارێکدا بارودۆخی تەواو نەبووە...، چونکە زۆر باش زانیویەتی کە چارەنووسێکی قورس چاوەڕێی خۆیی و میرنشین و نەتەوەکەی دەکات.

ئەو ئەرکە بەبێ لادان لەڕێ و بەبێ چاوەڕوانی دەسکەوتی تایبەتی بەرن بەڕێوە و لە فرمانەکانیاندا پرسیار بکەن.

ئەوە ڕەوایە منێك ئەوەندەی پوشێك تاوانم نەبووبێ تەنیا لەسەر گومانێك ئەو دەریا سوپایەت خڕکردۆتەوە و شەرم پێ دەفرۆشی؟ داخوا ڕۆژی قیامەت بەرپرسی ئەم کردەوەیەت نابی؟ شاری بدلیس بکەوێتە بەر تالان و بڕ و ماڵ و منداڵی کوردان لە ژێر پێی زوڵم و زۆردا بپلیشێتەوە تۆ چۆن وەڵامی سوڵتان دەدەیتەوە؟ ئەو کاتەی لە ماڵی من میوان بووی و ئەو هەموو بەڵێن و گفتە باشانەت بۆ هەڵڕشتم چەند زوو لە بیرت چوونەوە، بۆچی نەیانگوتووە پیاوی مەرد هەر بەڵێنێ بدا بەجێی دێنێ؟ ئەو ڕۆژەی بە منت گوت (خانی برام ئیشاڵڵا سنجاقی (موش)یشت بۆ دەخەمە سەر بدلیس و تۆڵەی چاکەکانت دەکەمەوە..) منیش بەم بەڵێنەت دڵم خۆش بوو، تۆ ئارەزووت وابوو کەلە سەردەمی فەرمانڕەوایی تۆدا هەموو کەس بحەسێتەوە، ئەم لەشکر هێنانەت خەڵك حەساندنەوەیە؟ ئیدی ئەم خەڵکە چۆن دەحەسێتەوە و پەنا بۆ کێ بەرن؟ جارێکی دی پێت گوتم (کاکە خان، تۆ چرای داگیرساوی گەورەی سوڵتان موراد خانی،ساڵی شەڕەکەی (ڕوان) زۆرمان نان خواردی و وا دیسان لەو نانەت دەخۆینەوە، بۆیە بە دڵ حەزدەکەم هەر لە خێر و خۆشیدا بیت و دوعای خێر بۆ (سوڵتان محەمەد خان بکەی).

کوردەکان لە هاویندا دێنە هەواری (مەلازگرد)، پیاومان دەچێ سەرژمێری مەڕەکانیان دەکات و بەپێی قانوون مەڕانەیان لێ وەردەگیرێ، کەچی (محەمەد بەگ) سوپای لەگەڵ خۆی هێنا بوو خاوەن مەڕەکانی گرتە بن باڵی خۆیی و ڕێی مەڕدانەی لێ گرتن، لەم بەربەرەکانییەدا بەگژ یەکدا چووین و چەند کەسێکی تێدا ڕۆیی، بەڵام بۆ ئەم لێکدانە ئێمە فتوای هەر چوار مەزهەبمان وەرگرتووە و لامانە.

یەنیچەرییەکانیش، ویستوویانە باجی میری لە کوتاڵەکانیان بستێنن نەیاندا و بە شێوەی ئاژاوە هێرشیان هێنایە باخی من و چەند پیاوێکیان لێ بریندار کردم و ئەم هەرایەش لە قەباڵەی شەرعیدا نووسراوە کەوا بۆم ناردن.

جا ئەگەر ئەوانە سەرەڕای ئەو کردەوە ناقانونییەی خۆیان هاتوون درۆ و دەلەسەیان هەڵبەستووە، تۆ ئەم هەموو قسە ناشیرینانەت بۆ من نووسیوە، منیش سەرەڕای ئەوەی هیچ تاوانێك لە خۆمدا شك نابەم، دیسان داواتان لێدەکەم ئەم نامەیەم بە (تۆبە) و پاشگەزبوونەوە دانێن و لێم خۆش بن، چونکو دۆستایەتی و خۆشەویستی پێشوومان زۆرە و ئێوەی وەزیری خەلیفەی پێغەمبەرن و

*لەسەرتان پێویستە هەمیشە لانی دادکاری بگرن و قەول و بەڵێنی خۆتانتان لە بیر نەچێتەوە.*

*بەپێغەمبەری خوا و هەر چوار یارەکەی و بە سەری سوڵتانی مەزنتان سوێند دەدەم لەناو خەڵکادا مەمشکێنن و ڕووشکێنم مەکەن، وا ئەم نامەیەم بە (زەینەڵ ئاغا)ی خۆمدا ناردە خزمەتتان کەچی پێویست بێ بۆ ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ شکاتکارەکاندا یارمەتیم بدەن. ئیدی هەر خۆش بن)).*

***ئەم نامەیە هەروەك ئەولیا دەڵێ گەوهەری لێ دەبارێ، چونکە:***

١- لەم نامەیەدا، عەبدال خان توانای زانیاری خۆی دەرخستووە و بەشێوەیەکی ئەدەبی و ئایینی و زانستی، دەرگای بەسەر قسەکانیدا کردۆتەوە.

٢- هۆکاری ئایینی و دونیایی، وەبیر ئەحمەد پاشا هێناوەتەوە، بۆئەوەی دادوەری بکات و لە ڕاستی لانەدات، هەروەها بە گوتەی درۆزن و دووڕووان تێنەکەوێ. ئەمە ئاماژەیەکە بۆئەوەی خان ویستویەتی بزانێ ئەگەر مەسەلەکە دووزمانییە، پێویستە بۆی ڕوون بکاتەوە. لەهەمان کاتدا ئاگاداری دەکاتەوە کە ئەو



کەسانەی لە پلەی سەرەوەن دەبێ وریا بن و زۆرداری نەکەن.

ئەم دوو خاڵەی سەرەوە گریمانەی یەکەمی عەبدال خانە، یان بڵێین جوانترین و پڕ ڕێزترین ئاخاوتنە لە بەرامبەر کەسێکی وەك والی عوسمانی و لەو کاتەدا، بەکاری هێناوە.

٣- لەپەرەگرافی دووەمدا، یەکسەر دەچێتە چەقی مەسەلەکە و خۆی بە بێتاوان و والی بە تاوانبار دادەنێت، بەوەی کە سوپای کۆکردۆتەوە و (شەڕی پێ دەفرۆشێ).

٤- ئینجا جوانتر مەبەستی پەرەگرافی یەکەم ڕوون دەکاتەوە پێی دەڵێ: ((داخوا ڕۆژی قیامەت بەرپرسی ئەم کردەوەیەت نابی؟)) واتە دیارە تۆ لە خوا ناترسیت ئەگەرنا واناکەیت.

٥- دواتر دەڵێ: (شاری بدلیس بکەوێتە بەر تالان و بڕ و ماڵ و منداڵی کوردان لە ژێر پێی زوڵم و زۆردا بپلیشێتەوە تۆ چۆن وەڵامی سوڵتان دەدەیتەوە؟) لێرەدا ویستوویەتی پێشی پێ بگرێت، وەك ئەوەی کە عەبدال خان ئەم پەرەگرافەی بۆ دوو مەبەست بەکارهێنابێت: یەکەمیان بۆ ئەوەیە بە دەسەڵاتی

گەورەتر بیترسێنێ. ئەمە گریمانەیەکە بەکاری هێناوە بۆئەوەی بەڵکو (ئەحمەد پاشا) ترسی سوڵتانەکانی بکەوێتە دڵەوە. دووەمیان: واتە سوڵتانەکان لە تۆ باشترن، ئەمەش هەر بۆ ترساندنی والی بەکاری هێناوە.

٦- پاشان دەیەوێ دەماری پیاوەتی والی بگرێ، لەلایەك میوانداریيەکی خۆی بیردەخاتەوە کە نەمەك حەرام بووە بەرامبەری، لەلایەکی دیکەوە مەرجی پیاوەتی وەبیر دێنێتەوە. هەردوو گریمانەکە هەم لە شانوشکۆی کەم نەکردۆتەوە، هەمیش قسەی پێویستی پێ گوتووە.

٧- ئینجا قسە و فڕ و فیشاڵەکانی بۆ دێنێتەوە کە دیارە لە دیوەخانی خان، یان لەیەکێك لە مزگەوتەکانی بدلیس دا، کە گوایا ئەحمەد پاش گوتویەتی مەبەست و پەیامم حەساندنەوەی خەڵکە، ئینجا خان دەڵێ: (ئەم لەشکر هێنانەت خەڵك حەساندنەوەیە؟!)

٨- خانی بەڕێز ڕاستی ئاژاوەکان ڕوون دەکاتەوە، کە وەك مافێکی میرنشینەکە ئەو ئاژاوەیە دروست بووە، واتە ئەگەر چۆکیان بدایە بۆ خواستی ئاژاوەگێڕەکان، شکۆمەندی میرنشینی دەگرتەوە.



ئینجا دواتر باس لە فتوای شەرعی میرنشینیش دەکات، کە لەگەڵ پەیامنێرەکەیدا بۆی ناردووە.

٩- دواتر خان بەراوردێکی زۆر جوان دەکات، یان تەرازوویەکی دادگەری ڕۆدەنێ و دەڵێ: (جا ئەگەر ئەوانە سەرەڕای ئەو کردەوە ناقانونییەی خۆیان هاتوون درۆ و دەلەسەیان هەڵبەستووە، تۆ ئەم هەموو قسە ناشیرینانەت بۆ من نووسیوە، منیش سەرەڕای ئەوەی هیچ تاوانێك لە خۆمدا شك نابەم، دیسان داواتان لێدەکەم ئەم نامەیەم بە (تۆبە) و پاشگەزبوونەوە دانێن و لێم خۆش بن)، واتە سەرەڕای تاوان و لەیاسا دەرچوونی ئەوان و قسە ناشیرینەکانی جەنابتان، من داوای لێبوردن دەکەم. ئەم پەرەگرافە زۆر هەڵدەگرێ، ڕاستە خان لێرەدا و دواتریش سەری پڕ ڕێز و زانستی خۆی دانەواندووە بۆ ئەو پاشایە، بەڵام ئەمەش جۆرێك بووە لە دیپلۆماسییەت بۆ دوورخستنەوەی ئاگری ئەو شەڕە لە خۆی و میرنشینەکەی.

لێرەدا ئەوەندەی دیکە ڕوون دەبێتەوە کە پاشا بەهەموو شێوەیەك ویستوویەتی ئەو شەڕە بکات، ئەگەرنا نامەکەی عەبدال خان، هەموو مەرجەکانی یەکلایی کردۆتەوە و ئاشتی و تەبایی و

ئاشتبوونەوەشی تێدا بووە، سەرەڕای ئەوەش بە ڕوونی ڕاست و ناڕاستی دەرخستووە، ئەمە جگەلەوەش کە لە پێش دەسپێکردنی شەڕەکەدا عەبدال خان ڕێگەیەکی دیکەش دەگرێتە بەر بۆ نەکردن و ڕوونەدانی ئەم کارەساتە، کە هەڵدەستێت بە ناردنی دەستەیەك مەلا و پیاوماقوڵانی شاری بدلیس بۆ لای پاشای عوسمانی، چونکە ئەولیا دەڵێ: ((ئەو ڕۆژە دەستەیەك مەلا و پیاوماقوڵانی شاری بدلیس هاتنە خزمەت پاشا و پاش بەڵێندانی (چەند سەد) کیسە، تکای ئاشتبوونەوەی لەگەڵ خانیان کرد، پاشا تکای نەگرتن[١٥٥]))، دیارە عەبدال خان لەم هەنگاوەدا دوو شتی ڕەچاو کردووە، کەسایەتییەکان و دراوێکی زۆر، بەمەبەستی نەکردنی ئەم شەڕە، بەڵام هەر بێسوود بووە.

---

١٥٥ – سیاحەتنامە، لا: ٢٥٤.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# تاوان و تاڵان و تۆقاندنی

## ئەو سەردەمەی عوسمانییەکان لە کوردستاندا

بێگومان مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە سزا و تاوانی دەوڵەت و ئیمپراتۆرەکان، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. جگە لە باس و خواسی تایبەت بەم لێکۆڵینەوەیە، لە دەیان سەرچاوە و بەڵگەنامەی مێژووییدا، ڕەفتاری نامرۆڤانەی عوسمانییەکان لە مێژووی دەسەڵاتداریێتییان ڕەنگی داوەتەوە. ئەمە جگە لەوەی تا بە ئێستاگەش دەگات زۆرێك لە حکومەت و دەسەڵاتە ناوەندییەکانیش دەیان جۆر توندوتیژی بەرامبەر بە هاووڵاتیانیان بەکاردەهێنن.

دەربارەی ئەو ڕەفتارە نامرۆییانەی کە لە کات و ساتی لێکۆڵینەوەکەدا کراوە، یان بەواتایەکی دیکە، ئەوەی پەیوەندی بە زەمەنی لێکۆڵینەوەکەمانەوە هەیە، پێمان باشە هەر لەو سەرچاوەیەدا واتە (سیاحەتنامە)، چەند زانیاری و ڕووداوێك بخەینەڕوو کە لەلایەك پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە، لەلایەکی

دیکەوە بەپێویستی دەزانین کەمێك لەو چەمکانەی لەم کتێبەدا نادیارن، بخرێنەڕوو.

هەروەك لە چەند شوێنێکی دیکەدا ئاماژەمان بە شێوازی نووسین و یاداشتەکانی ئەولیا چەلەبی کردووە، لەم تەوەرەشدا دەربارەی تاوانی عوسمانییەکان، هەوڵ دەدەین کۆمەڵێك زانیاری پچڕپچڕ کە بە قەڵەمی خۆیان بۆ مێژووی مرۆڤایەتی تۆماریان کردووە، بە چەند خاڵێك بچنین:

١- دەربارەی کوردە ئێزدییەکان، کۆمەڵێك زانیاری تۆمار کراوە، کە دەکرێ وەك بەڵگەنامەی مێژوویی هەڵبدرێتەوە، هەرچەند لە لاپەڕەکانی (٧٩، ٨٠،٨١، ٨٥)دا کۆمەڵێك ڕووداو دەگێڕێتەوە کە پەیوەستە بە ئێزدییەکان، بەڵام لە لاپەڕە (١٤٩)دا (ئەحمەد پاشا) بەتەواوی دان بە تاوانەکانی خۆیدا دەنێ بەرامبەر بە ئێزدییەکان، لەهەمان کاتیشدا وەك هەڕەشەیەك بۆ خان بەکاری دەهێنێ. چونکە قسە بۆ خانی بدلیس دەکات و دەڵێ: ((ساڵی (١٠٤٨) کە مراد خان بەغدای گرت و گەڕایەوە دیاربەکر، تۆ نەچووی خەزا پیرۆزانەی لێ بکەیت و چاوت پێی بکەوێ، سوڵتان لەمە زۆر تووڕە بوو بە منی گوت: (ئەحمەد تۆڵەی من



لە (وێسف) فەرمانڕەوای (مزوری) و عەبدال خانی بدلیس بستێنەوە. ئەو کۆچی دوایی کرد و نەما، من بە والی دیاربەکر مامەوە، سوپام کۆکردەوە و چوومە (وێسف خان) فەرمانڕەوای (مزوری) لە (عەمادییە)، حەوسەد کەسم لێ کوشت و خۆیم گرت و بە دیلی هێنامە دیاربەکر، پاشان بەرەڵڵام کرد و حکومەتەکەشیم دایەوە بە خۆی، پێم وایە ئەوەت ئاگا لێیە، پاشان لەسەر فەرمانی مراد خان سوپام خڕکردەوە بێمە سەر تۆ، هەتا قەڵای میافارقینیش هاتم. ڕیشسپی کەوتنە نێوانمان، حەفتا کیسە و گەلێك تاڵانی دیکەم لێ وەرگرتن و چاوپۆشیم کرد و ئەو سوپا گرانەم بردە سەر کوردە پرچنەکانی (چیای شەنگار)، نزیکەی دە هەزارم لێ کوشتن و زۆرم بە دیل گرتن و تاڵانێکی بێ ژمارم چنگ کەوت و گەڕامەوە دیاربەکر، ئەمەشیان خۆت ئەیزانی[١٥٦])). لەم پەڕەگرافەدا چەند شتێکی تر ڕوون دەبێتەوە بۆمان: کە دەڵێ (وێسف خانم) بەرەڵڵا کرد، دیارە باج و خەراج و تاڵانێکی زۆری لێ وەرگرتووە لەبەرئەوە بەرەڵڵای کردووە. کە دەڵێ

[١٥٦] - سیاحەتنامە، لا: ٢٥٤.

سوپام کۆکردەوە و بێمە سەر تۆ، ئەمیش جگەلەوەی هەڕەشە و وەبیرهێنانەوەیە، لەهەمان کاتدا لەوەدەچێت ئەو کاتە خان و بدلیس بەهێز بووبن و نەیوێرابێ بەسەریدا بدا.

٢- جگەلە مەبەستی سەربازی و تۆقاندن لە ناوچەکەدا، بەمەبەستی تالانێکی ئاشکرا هاتوون، واتە بۆئەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بترسێنن و دیاری و سەروەت و سامانیان بۆ بهێنن. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە لەلاپەڕە (١٨١)دا ئەولیا دەڵێ: ((خەڵکی وان بەجارێك زراویان ڕژا، ئەو هەموو سوپای وانە تا دەگاتە (دیاربەکر) و (حەزۆ) و (بدلیس[١٥٧]) لەگەڵ پێشوازکەران لەو ناوەدا هێقیان کردبۆوە) دواتر دەڵێ: (دەنگ بڵاوبۆوە کە فەرمانی کوشتنی سەدان پیاوی گەورە و ماقوڵی وان دەرچووە[١٥٨]، بۆیە خەڵك لە ترسی گیانی خۆیان ئەم هەموو دیارییانەیان هێنابوو، شتەکە

[١٥٧] – لێرەدا و لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە بە هێزی بدلیس دەکات، بەڵام ڕوونی ناکاتەوە کە بۆچی هێزی بدلیسیان لەگەڵدا بووە، ڕەنگە خان هەروەك کارەکانی تری لە پێناو دوورە پەرێزی و نواندنی وەفا بۆ پاشا ئەمەی کردبێت، یان ڕەنگە ئەمەیش جۆرە دابێکی باوی ئەو کاتە بووبێت.

[١٥٨] – لێرەدا وەرگێڕ نووسیویەتی: ئەم هەواڵە بە مەبەستی تۆقاندنی چەند کەسانێك بووە، تا هەرچییەکیان بۆ هەڵدەسوڕێ بەناوی دیارییەوە بۆ پاشای بهێنن و ملی خۆیان لە شیری سەربڕ ڕزگار بکەن.



ئەوەندە زۆر بوو، ئاغا و دەس و پێوەندەکانیشی تێر کرد، فەرمان دەرچوو کە بەیانی زوو بچینە ناو شار)).

ئەم پەڕەگرافە زۆر زانیاری پێویست دەدا بەدەستەوە، جگەلە وەرگرتنی تالانی بێ شەڕ بەناوی دیاری و نانەوەی دڵەڕاوکێ لەناو دانیشتوانی ناوچەکەدا، هەروەها سەرەتایەکە بۆ پەیداکردن و دروستکردنی ترس و تۆقاندن، لەلایەك بۆ چۆکدادانی فەرمانەکانی کە پاشا بەتەمایە دواتر دەریان بکات. لەلایەکی دیکەوە بەمەبەستی لاوازکردنی توانای خەڵك بۆ بەرەنگار بوونەوە، واتە بۆ ئەو شەڕەی بەتەمایەتی کە بیکات لە بەرامبەر خان عەبدال دا.

٣- لەلاپەڕە (١٨٧)دا پاش نانخواردن و هەندێ شتی دیکە، دەڵێ: ((فەرمانێکی سوڵتان هەبوو بۆ کوشتنی حەوت کەس و فەرمان درا بگیرێن، چواریان لەناو خەڵکدا ڕایان کرد و سێیان هەر لەوێ کوژران[١٥٩])). لەدامێنی هەمان لاپەڕەدا دەڵێ: ((سەردەرکەوان دەسخەتی سوڵتانی هێنا دایە دەست (عەلیە فەندی غینایی زادە) و ئەویش بە دەنگی بەرز

[١٥٩] – دیارە ئەوانە خەڵکی ناسراو و ناودار بوون، ئەگەرنا چۆن وا بە ئاسانی دەست نیشان کران و گیران؟!

بۆ هەموو لایەکی خوێندەوە کە حەفتا کەس فەرمانی لەسەردانیان دەرچووە و پێویستە کەللەکانیان بۆ سولّتان بنێردرێ. لەم حەفتایە چل و پێنجیان حازر بوون بە قۆڵ بەستراوی هێنرانە خزمەت پاشا، پرسیاری تاوانی ئەمانەی لە خەڵکەکە کرد، هەموو گوتیان (ماڵ کاول بوون، شار بە تۆپ دران و خوێنی ئەم هەموو کوژراوانە لە ئەستۆی ئەمانەیە)، پاشا گوتی (من ئەمڕۆ وەکیلی سولّتان و سەرداری مەزنی ئەوم، لەمانە حەوتیان بەرەڵا دەکەم، بەڵام عیلاجی ئەم سی و هەشت کەسەی دیکەتان بۆ دەکەم. دەی سەربڕ، لایان بەن)، دەسبەجێ سەگوان و ساریجە بەرەو قەڵایان بردن، یەکیان هەر لە ڕێگا گیانی دەرچوو)). دواتر دەڵێ: ((ئەو شەوە لەلایەن تاوانبار و گوناهکار و ئەو کەسانەی دەیانویست لەسەر فەرمانی میری بمێننەوە، هەشسەد کیسە پارە بۆ پاشا هات)). هەروەك وەرگێڕ لە پەراوێزدا دەڵێ: ((ئەم هەڕەشە و تۆقاندن و دەنگوباسە ترسێنەرە هەمووی بە مەبەستی دەسکەوتی پاشا و ڕووتاندنەوەی خەڵك بووە، دیارە پاشیش سەرکەوتووە...)).



٤- سەرەڕای هەموو ئەو خاڵانەی باسمان کردن، هەڵگیرساندنی ئەو شەڕەیە کە جگە لەوەی تاوانێکی هەرە گەورە بووە، هەروەها پتر لە (٢٠٠٠) کەسی تێدا کوژراوە[١٦٠].

[١٦٠] - بۆ زانیاری زیاتر خوێنەر دەتوانێ کەڵك لە لاپەڕەکانی (٢٣٦) تاکو (٢٦٢) لە کتێبی سیاحەتنامە وەربگرێت.

## شێوازی جەنگ

هـەروەك لەباسـی پێـشتردا ئاماژەمـان پێکـرد، ئـەو شێوازی تۆقاندن و ترس چاندن و کوشت و کوشـتارەی کردوویانــە لــە وانـدا، بێگومـان بــۆ ئــەوە بــووە کــە لایەنگرانی خان، یان بەواتایەکی تر دوژمنانی دەوڵـەتی عوسمــانی کەمبکەنــەوە، ئەگــەر بــۆ نــاو ســوپای عوسمــانیش نەیــەن، نــەوێرن بــچنە بــەرەی خــان و پـشگیری بکـەن، چـونکە تـاکو کۆتـایی شـەڕەکەش لـە چەند شوێنێکدا ئەحمەد پاشا نیگەرانی و دوودڵی خۆی دەردەخات لە پێکهاتە کوردییـەکان و لـەوە دەترسـێت لە ناکاو لە کاتی شـەڕەکەدا هەڵبگەڕێنـەوە. ئـەولیا لـە لاپـــەڕە (٢٥٢)دا دەڵـــێ: ((هـــەروەها لـــە پـــێش دەستپێکردنی شەڕەکە، پاشا دێتەوە ناو خێوەتەکـەی خـۆیی و ئاغاکـانی وان کۆدەکاتــەوە) پێیــان دەڵــێ: (ڕۆڵەکانم ئاغاینـە، دەزانم ئێـوە بـەڵێنتان داوە خـوێنی خۆتان لـە پێنـاوی دەوڵەتـدا بڕێـژن و تـا ئێـستا چـەند شـەڕی مەردانەشـتان کـردووە، بـەلام بـا پێتـان بڵـێم،



گریمــان ئــەو کوردانــەی لــەناو ئێمــەدان هــەموویان هەڵگەڕانەوە و دەستیان دایە شـیر و وێکـرا پـەلاماریان دایـن و منـیش بـانگم کـردن– دەی تورکـە غازییـەکانم ئێوە چ دەکەن؟[١٦١])).

هـەر لـە چوارچێوەی ئـەم فرتوفێڵانـەدا کـە پاشـای عوسمـانی کردوویـەتی بـۆ سـەرکەوتن لـەم جەنگـەدا، ئـەولیا لـە لاپـەڕە (٢٥١)دا دەڵـێ: ((بـۆ ڕۆژی دوایـی دەرکـەوانێکی ئەسـتەموڵ هـات دەسـتخەتی موبـارەکی سـوڵتانی هێنـابوو کـە دەڵـێ: (هەرچـی سـەگوان و ساریجەی ئەیالـەتی وان هەیـە یـەکێکیان لێ مەهێڵـە و هەموویان سەربڕە) کە ئەمە خوێندرایەوە، پاشا گـوتی (فـەرمانی سـوڵتان لەسـەر سـەرم) و لـە ساریجەکانی خـۆی سـەد کەسـێکی لێ کـردن بـە ئاغـای ژوورەوە و گوتی (ئیشاڵلا پاشان فـەرمانی سـوڵتان بـەجێ دێـنین) چونکو بۆ شـەڕ دەچـوون چاوپۆشـیی لێکـردن)). نـەك هــەر ئــەم پەرەگرافــە بــەڵکو زۆربــەی پەرەگرافــەکان، شێوازی نامرۆییانە و ناپاکیی ئەو تاقمە نیشان دەدات،

---

[١٦١] – سیاحەتنامە، لا: ٢٤٩– ٢٥٠.

کە هەموو جۆرە پلانێکیان بەکارهێناوە بۆ بردنەوەی ئەم هاوکێشەیە.

دەربارەی پێکهاتەی سوپای عوسمانی، گوتراوە کە لەشکری عوسمانی لە هێرشەکەیدا لەنیوەی سەدەی حەڤدە بۆ سەر شاری بدلیس لەو هێزانە پێکهاتبوو کە لە دیاربەکر و ئەرزەرۆم و وانەوە هاتبوون. کە هەمیشە ئەو ئۆردووگا سەربازییانە بۆ سەرکوتکردنەوەی میرنشینەکانی بدلیس و جەزیرە بەکاردەهاتن.[١٦٢]

دوای ئەم هەموو چەندوچوونە، لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی ساڵی (١٠٦٥)ی کۆچیدا، بە هێزێکی گەورە لە سوپاکەی خۆیی و کوردەکانی وان و یەنچەرییەکان و بەگی مەلازگرد و بەگی بایەزید، کۆدەکاتەوە، کە چل هەزار چەکدار دەبن و هەڵدەکوتنە سەر خان،[١٦٣] بەشێوەیەك ڕەنگە لە کەم شەڕانگێزیی مێژوویی لەمشێوەدا، سەرەتا، نامە گۆڕینەوە، قۆناغ، ڕووداوەکان و هەموو ئەو دیمەن و بەسەرهاتانە نووسرابێتەوە، ڕووداوەکانی نێو ئەو

---

[١٦٢] – سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، د. سەعد بەسیر ئەسکەندەر، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (داناز)، لا: ٩٧.

[١٦٣] – سیاحەتنامە، لا: ٢٣٧.



شەڕە، ئازایەتی و بلیمەتی و بوێریی و نەترسیی و مەرد و ڕەندیی ئەو کوردانە، بە جۆرێك بووە، جێی سەرسوڕمانی ئەولیا بووە و لە چەند شوێندا دەڵێ: ((لە تەواوی دنیادا خەڵکیی ئاوا ئازا و بەجەرگم نەدیوە)).

بێگومان کۆمەڵێکی زۆر لە کوردەکان چوونەتە پاڵ هێزی عوسمانییەکانەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵێکی دیکە لە بەرەی خان ماونەتەوە، هەروەك لە زۆر شوێنی سیاحەتنامەدا ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام لە ڕاستیدا عەبدال خان خۆشی زانیویەتی کە پێیان ناوێرێت و شەڕەکە ناباتەوە، کەواتە هۆز و بەگ و پێکهاتە کوردییەکانی دیکەش لە ئاکامی دوای شەڕەکە ترساون و زانیویانە ئەو پاشا عوسمانییە دوای شەڕەکە تۆڵەیان لێدەکاتەوە، لەبەرئەوە هەندێکیان هێزێکی کەمیان بۆ دڵنیایی و پاڕانەوەی دوای شەڕەکە بۆ عوسمانییەکان ناردووە، هەرچەند نەك ئەوان بەڵکو ئەوانەی کە لە تەك ئەحمەد پاشاشەوە بوون، جێی دڵنایی و متمانە نەبوون.

دەربارەی کارەساتی دوای شەڕەکە کە بەسەر ئەو سەرەك هۆزانەی هاوکاریی و پشتگیری والی عوسمانیان

نەکردبوو، ئەولیا دەڵێ: ((لە گەڕانەوەماندا خەبەریان هێنا کە لە بەگە ناپیاوەکانی کوردستان ئەوانەی نە خۆیان هاتبوون نە یارمەتییان ناردبوو، وەکو (بەگی شیروان) و (هێزان) و (کارنی) و (سعرد) و (زریقی) و (کەسان))، هاتوون دەیانەوێ پاشا ببینن، پاشا گوتی تازە پاش چی؟ مانگا مرد و دۆ بڕا، ئیدی هاتنی ئەم نامەردانەم بۆ چییە، بابڕۆن ئەم یاخییانە ملیان بشکێنن. ئاغاکانی وان وێکڕا هاتنە زمان و هاواریان کرد پاشا بۆ خاتری خوا مەهێڵە دەرچن، پاشا گوتی ئەمانە بەگی سوڵتانن لە ئەیالەتەکەی مندا، پێشتریش یارمەتییان ناردبوو، بەڵکو نەهاتنیان هۆیەکی بەجێی هەیە، بەڵام ئەوانەی نەهاتوون و یارمەتیشیان نەناردبوو پێویستە شتێکیان لێ بکرێ، ئێوە فکرێکیان لێ بکەنەوە) هەموو گوتیان ئیشەڵڵا ئەوانیش بەدەردی خان دەبەین.

لەم بەگانە یەکەم کەس بەگی شیروان هاتە ژوور و دوای ئەو بەگی هێزان و کارنی و سعرد و زریقی و کەسان هاتن. بەگی هێزان لە ئاستی خۆیەوە دەلەرزی، پاشا پێش ئەوەی تەماشایان بکا پاش دەقیقەیەك گوتی (ئەمانە چین؟) دەرکەوان گوتی (گەورەم ئەمە



بەگی شیروانییە و کوڕی تەتاری پێدەڵێن) پاشا گوتی (ئێ چەلەبییەکی بە زوڵف و ڕیشە، بیانوە ژنانەکەی دیارە، خان ڕیشی پێ هێشتۆتەوە و ئەویش لەبەر خاتری خان نەهاتە یارمەتیمان. ئەدی ئەمە کێیە؟ گوتیان ئەمەش بەگی هێزانە، پاشا گوتی (بەڵێ دیارە کچ حەز بە شەڕە شیر ناکا و لەناوچەکاندا قەڵخان هەڵدەبژێرێ. ئەوی دی کێیە؟ گوتیان بەگی کارنییە، پاشا گوتی (هەی پیری بێ دین تۆ لە ژێر کێوە بووی نەهاتی؟) بەمشێوەیە هەریەکە و توانجێکی تێگرتن و قسەیەکی ناخۆشی پێگوتن ... [١٦٤])). لەکاتێکدا ئەمانە لەو بەگانە بوون کە هێزیان ناردووە، بەڵام خۆیان نەهاتوون، چونکە ئەولیا دەڵێ: ((لە کوردەکانی وان کوڕی (تەتار بەگی شیروان لەگەڵ کوێخا و سێ هەزار چەکداری گەیشت، ((کوێخا وێسف) خەڵاتی دانێ و کردنی بە یەدەگی لەشکر، پاشا لەوەی کە بەگ خۆی نەهاتووە زۆر تووڕە بوو، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا، هەر ئەو ڕۆژە کوێخای بەگی هێزان بە پێنج هەزار چەکدارەوە هات، نێردران بۆ لای خانی پاپش کران بە

[١٦٤] – سیاحەتنامە، لا: ٢٧١.

قەرەوڵ، دیسان بەگی کارنی کوێخای خۆی و دوو هەزار کەسی ناردبو، ئەویش کرا بە قەرەوڵی لای دزەخان، بەگی سعردیش دوو هەزار کەس و کوێخاکەی گەیشتن کران بە قەرەوڵی بەردی چیاکان[١٦٥])). لەگەڵ ئەوەشدا متمانەی پێ نەکردوون و هەر یەکێك لەو چوار بەگە، یەکی ئاغایەکی تورك و دووسەد عەسکەری بەسەرەوە داناون و ئاگاداری کردوونەتەوە کە وریابن نەوەك لە کاتی شەڕدا هەڵبگەڕێنەوە و دەستیان لێ بوەشێنن[١٦٦].

ئەمانە بەگەکانی (شیروان و هێزان و کارنی و سعرد) بوون، لەکاتێکدا ئەو هاوکارییانەشیان ناردووە ئینجا بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، ئەی دەبێ ئەوانەی هەر لەبەری خان بوون و هیچ هاوکارییەکیان بۆ نەناردووە، چی لێ کردبن؟! لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە زۆرێك لە رووداوە دڵتەزێن و تۆقێنەرەکان ئەولیا خۆی لێ لاداون و نەینووسیونەتەوە.

بەڵام دیارە بەگ و هۆزەکانی (گەرگەر، زریقی، کورلاك، مەکس، کەسان، ئاغاکیس، بەنی قتوور، بەردەع، ئەرەجك، شوگەر، چۆپانلو و دالەگەر) لە

١٦٥ – سیاحەتنامە، لا: ٢٥٢.

١٦٦ – هەمان لاپەڕی پێشوو.



بەرەی خان بوون و هیچ جۆرە هاوکارییەکیان بۆ سوپای عوسمانی نەناردووە[١٦٧]، کەواتە دەبێ ئاکام و چارەنووسی ئەوان چۆن بووبێت کە ئەولیا بە هیچ شێوەیەك باسیان ناکات؟!

هەر چۆنێك بێت پاشا لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٤)ی ڕەمەزانی ساڵی (١٠٦٥) کۆچی، بەم شێوەیە سوپاکەی ڕێکدەخات، ((فەرماندەکان هاتنە خێوەتی پاشا دوعای بۆ کردن و هەر یەکەیانی نارده ئەو جێیەی بۆی دیاری کراوە، تفەنگچییەکان هەر بە شەو چووبوونە ناو ئەو بۆسانەی بۆیان دانراوە، لەناوەندی سوپادا لای پاشا یەنیچەریە سەر بە تەپلەکان و سەگوان و ساریجە و چەکداری پیادە تێکڕا (٨٠٠٠) کەسێك مابۆوە، (٨٠٠٠) عەسکەری هەڵبژاردە لەگەڵ بەگی مەحموودی بۆ قۆڵی ڕاست، (٦٠٠٠) لەگەڵ بەگی مەلازگرد بۆ قۆڵی چەپ، شەرەف بەگی بایەزید بە (٦٠٠٠) کەسەوە بۆ ناوەند، بەگەکانی (ئەرجیش، عادلجەوار، مووش، تەکمان، قوروجان، پاسین، عونیك و خەنەس بۆ لای ڕاست. کارنی، هیزۆن، سعرد،

١٦٧ – هەمان لاپەڕی پێشوو.

مەکـەس، شـروی و کەسـان بـۆ لای چـەپ ڕۆیـشتن. (١٢٠٠٠) عەسکەری هەکاریش بوونە چەرخەچیی پاشا واتە لە بەردەمی ئاڵای پاشادا بوونە پێشڕەوی سوپا، فەرماندە کوردەکانی دیکەش بە (١٠٠٠٠) عەسکەر و هەموو خزمەتکارەکانەوە وەکو مەیتەر و پینەچی و عەکام و چراچی و ئوردوچیی و بازاڕچییەوە لە دواوە بوونە بنکری سوپا...[١٦٨]) هەروەها دەربارەی چەکەکانیان دەڵێ: (شەش فەوج یەنیچەری و جبەچیی و تۆپچیی کە تێکڕا (١٢٠٠٠) پیادە بوون و (٢٨) پارچە ئاڵایان هەڵکردبو، (٥٠) تۆپی شاهانە و (١٠) تۆپی کولۆمبورنی و (٤) تۆپی بالێرمۆزی کە عەسکەری هەڵبژاردەی باشلی و داشلی و حەسەنی و حوسێنی بە ئاسپایی لەملاولەولای تۆپەکانەوە دەڕۆیشتن و (٣٠٠٠) پیادەی فیدایی لە پشتیانەوە دەهاتن[١٦٩])).

بێگومان ئێمە بەتەواوی ئاگامان لە خان نییە کە چۆن چۆنی ویستویەتی بەرەنگاری ئەم شەڕە ببێتەوە و تووشی چی و چۆن بووە ڕووداوەکان؟! چونکە ئەولیا لە دوورەوە باس لە هێزی خان دەکات و دەڵێ:

[١٦٨] – سیاحەتنامە، لا: ٢٥٥.

[١٦٩] – سیاحەتنامە، لا: ٢٥٦.



((پەنا بە خوا پیرە (عەبدال خان) کە غیرەتی باپیرانی خۆی لە دەست نەدابوو و مەتەرێزێکی وای ڕێکخستبوو کێوەکانی بدلیس، وەکو سەددی ئەسکەندەر قایم کردبو، (لێرەدا باس لە پێکهاتەی ناوچەکە دەکات کە چەند سەخت بووە) دواتر دەڵێ: (لە لوتکەی بەرزی دەدێوانەوە تا دەگاتە گردی دێوان پەست کە ماوەی تۆپ هاوێژێك دوورە نێوانی ئەم دوو کێوە دۆڵێکی تەسکە، ئەمبەرئەوبەری ئەو دۆڵە کوردەکانی ڕۆژەکی وەکو مێروله خەریکی کنە و هەڵکەندنن، حەوت چین سەنگەری یەك لەژوور یەکیان لێداوە و هەر سەنگەرە ئاڵای تایبەتی خۆی بەسەریەوە دەشەکێتەوە و ئەم کێوی دەدێوانە بۆتە یەکپارچە باخچە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ، هەموو سەنگەرەکان ڕوویان لە ئێمەیە و بەسەر ڕێی ئەوادا دەڕوانن بە جۆرێك کەس بڕستی جوڵانەوەی نییە، ئەو دۆڵە کە تاقە ڕێگای شاری بدلیسە کراوە بە سەددی ئەسکەندەر و ئەوەندە قایم کراوە مەلی پێدا نافڕێ، لەسەری دەدێوانی گەورە وەزیری خان (چاکرانی[١٧٠]) بە سەد و پەنجا ئاڵا

[١٧٠] – لە چەند شوێنێکی دیکە بە (چاکراغا) ناوی هاتووە، نازانم لێرەدا بۆ بە (چاکرانی) نووسراوە؟!

تفەنگهاوێژەوە هێزەکەی خۆی بە جۆرێك چین لەسەر چین دامەزراندووە، کردویەتی بە سەددی قەهقەها، لە دەدێوانی خواریش (عەرەب خەلیل ئاغا) بە عەسکەرەکانیەوە خۆی داگرتووە![171])) دوای ئەمە نووسیویەتی: (پاشا کە ئەمەی دی تێگەیشت کە ڕاستەوخۆ ئەمانە لە گرتن نایەن ...)

دواتر دەڵێ: ((کە لەو سەرەوە تەماشای بدلیسمان کرد پەنا بەخوا شار هەر چوار دەوری وەکو دەریا لە شەپۆلی چەکدار جمەی دێ، قەڵای بدلیسیش هەموو بورج و شوورەکانی تۆپی لێ دامەزراوە و عەسکەری بێ ژماریان پێوە دیارە، هەموو ددانە بورجەکانی بە ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە[172])).

لەشوێنێکی دیکەدا ئەولیا دەربارەی ترسی خۆیان لە سوپای خان، دەڵێ: ((ئێوارە پاشا لە دانیشتنا گوتی: کوڕە ئەو خانە نامەردەی من میوانی بووم و ناسیم وای خۆ پیشاندام کە تەنیا لە تەڕدەستی و چاوبەستی دەزانێ کەچی وا دەرکەوت کەلە هونەری شەڕیشدا شارەزایە و گاڵتەی پێ ناکرێ، وادیارە لە زۆر

---

[171] – سیاحەتنامە، لا: ٢٤٣.

[172] – سیاحەتنامە، لا: ٢٤٤.



لاوە بۆسەی ناوەتەوە. باخێرا جارچی بەناو سوپادا جار بدەن هەر کەس بچێ تاڵان بێنێ دەیکوژم[173])). دواتر ئاگر کردنەوە، چوونە دەرەوە لە خێوەت، دەنگەدەنگ، تفەنگ هاویشتن و سواربوونی ئەسپ قەدەغە دەکات.

لە ڕۆژێکی دیکەدا پاشا بە هەزار کەسەوە لەگەڵ ئەولیادا دەچن بۆ تەماشاکردنی سەنگەرەکانی خان، دەڵێ: ((بە چاوی خۆمان دیمان کە چەند گابەردی زلی بەقەد فیلێك و ئەوەندەی گومبەزی گەرماوەکان یەك لە تەنیشت یەك داندراون و لە پەنایانەوە چاڵی وا قووڵی لێ هەڵکەندراوە بنی دیار نییە و بەجۆرێك ئەو ناوەیان بە کۆسپ و ڕێبەند تەنیوە کەس نەتوانێ لێی تێپەڕێ، بۆ ئەوەی پێشی چوونە بەرەوەی لەشکری عوسمانی بگرن، هەزاران فێڵ و تەڵەکەی نەبیستراویان بەکارهێناوە، بۆ بەرهەڵستی داری بڕاویان خستووەتە سەر ڕێ و دۆڵی بدلیسیان کردۆتە بەندەرگەی چالندەر، مەتەرێزی چین لەسەر چین و هەر چینە و بە جۆرە شەڕکەرێکی تایبەتی پڕ کراوە، کەواتە ئەو

---

[173] – سیاحەتنامە، لا: ٢٤٥.

هەواڵانەی لە بارەی بدلیسەوە دەمان بیست ڕاست دەرچوون، بێجگەلەو فڕوفێڵانە گرد و دۆڵ و چیا و ملەی بدلیس هەمووی داخراوە و لە زارکی دۆڵی بدلیسدا بە هەزاران تفەنگی لەسەر پێ خۆی مات داوە، قەدپاڵ و سەروەکان پڕن لە ڕەشماڵ و خێوەتی هەمە ڕەنگ[174])).

دەربارەی ئازایەتی و بوێری پیاوان و چەکدارانی خان، ئەولیا کۆمەڵێك ڕووداو و دیمەنی گێڕاوەتەوە، کە نیشانەی خۆبەختکردن و خەباتی خەڵکی ئەو ناوچەیەن لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزە بیانیەی لە سەر خاکی خۆیان و بەبێ بیانوو شەڕی پێ فرۆشتوون. یەکێك لەو ڕووداوانەی باسی دەکات جەنگاوەرێکی کورد بووە کە خۆی گەیاندۆتە خێوەتەکانی پاشا و ویستوویەتی وەك خۆبەخشێك ئەو پاشا عوسمانییە لەناوبەرێ و ئاگرەکە بکوژێنێتەوە. ئەولیا دەڵێ: ((لە پڕ دیتم ئەسپ سوارێکی ڕەسەن بە دەستێك قەڵخانێکی چینی و کەوڵە بەوری بە دەستەوەیە و بە دەستەکەی دی شیرێکی ڕۆنی پێیە، تەنافی

174 – سیاحەتنامە، لا: ٢٤٨.



خێوەتەکانی سەر ڕێگا هەڵدەبڕێ و دێ، هەر گەیشتە پێشەوە نەڕاندی (کوا ئەحمەد پاشا؟) کە ڕوانیم کوردێکە دەڵێی دێو و درنجە. گوتم (پاشات بۆ چییە؟) بە کوردی گوتی (ئەم ڕمبەی لە ورگی ڕۆدەکەم). دواتر ئەولیا خێوەتی کوێخا وێسفی فەرماندەی سوپای عوسمانی، لێ دەکا بە خێوەتی پاشا و ئاماژەی پێ دەکا، کوردەش هەڵدەکوتێتە سەری...، ئەولیا دەڵێ: (کابرا باوەڕی کردبو کە کوێخا وێسف پاشایە وەکو بروسکە هەڵیکوتایە سەری و پلارێکی نێزەی تێ گرت، کوێخا وێسف لە ترسی ڕۆحی خۆی بۆ کونێك دەگەڕا لێی دەرباز بێ و هاواری دەکرد وەرن ئەمەم لە کۆڵ کەنەوە، نێزە بەر سەرینی کوێخا کەوت و بڵاوی کرد و تێیدا مایەوە، کوردە شیری بەدەستەوە گرتبو هەرچی دەهاتە بەری لەتی دەکرد، تا ئەو هەموو خەڵکەی لێ خڕبوونەوە و برینێکی کاریگەریان لێکرد، بەڵام ئەو وەکو سەگی هار دەستی دەوەشاند، بیست کەس لە هاواڵەکانی ئەم کوردە، لە دەوروپشتی خێوەتی پاشا خۆیان مات کردبوو چاوەڕوانیان دەکرد بۆ ڕزگارکردنی برادەرەکەیان، دەستە و نێزە هاتنە پێشەوە، لەبەر خێوەتی پاشادا چەند سەد کەسێك کۆبوونەوە و

کوردەکانیان خستبوە ناو خۆیان، پاش شەڕێکی گەرم و خوێناوی عەسکەرەکان توانیان ئەو بیست کوردە بکوژن و کەللەکانیان لەبەر خێوەتی پاشا هەڵواسن. خوا ئاگادارە بە درێژایی ئەو گەشت و گەڕانەی بە دنیادا کردومە و چەند ئازا و بە جەرگم دیوە، هێشتا کەس نەگەیوەتە ئەم کوردانە بۆ چاوقایمی و بێ ڕەزایی)). هەروەها دواتر دەڵێ: ئەمانە نانخۆر و پێشمەرگەی تایبەتی خان بوون، دیارە پەیمانیان داوە بەخان و ویژدانی خۆیان کە بەو شێوەیە کۆتایی بەژیانیان بهێنن، کە بێگومان جگەلەوەی دوور نەبووە پاشا لە پلانێکی ئاوهادا بکوژرێ، چونکە ئەولیا دەڵێ: ((کە پاشا بەمەی زانی وازی لە گەڕان بەناو خێوەتەکاندا هێنا و زرێشی لە خۆی نەدەکردەوە[175])).

یەکێك لە پلانەکانی ئەحمەد پاشا، خاوکردنەوەی دەمارگیری کوردەکان بووە بە دواخستنی شەڕەکە، چونکە چەند ڕۆژێك هەر بەو شێوەیە ماونەتەوە و خەریکی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بووە لە بەرەی خان، بۆئەوەی کاتی تایبەتی بۆ دیاری بکات، بەڵام

[175] – سیاحەتنامە، لا: ٢٤٧– ٢٤٨.



باش زانیویەتی کە ئەو خەڵکەی وەك سوپایەك لە عەبدال خان کۆبوونەتەوە، هەموویان میوانی خانن و هەر چوار دەوریان گیراوە و ئازووخەش هەر چەندێك بێت ئەگەر ئیدیکەیان بۆ نەیەت تەواو دەبێت[176]، لەبەرئەوە ئەحمەد پاشا سەرەڕای کۆکردنەوەی زانیاری بۆ چۆنیەتی باری دەروونی و سەربازی و ...تاد، بەرەی خان، باش زانیویەتی و گومانی نەبووە لەوەی دواخستنی شەڕەکە بەم شێوەیە کە لە بەرامبەر یەکدا وەستاون، لە سوود و قازانجی سوپای عوسمانییەکانە. چونکە لە یەکی ڕەمەزانەوە کۆبوونەتەوە بۆ شەڕەکە و لە (٢٥)ی ڕەمەزاندا شەڕەکە کۆتایی هاتووە، کە ئەو ماوەیە تاڕادەیەك زۆر بووە بۆ دابینکردنی ئازووخە و پێویستی شەڕ، هەروەك لە چەند شوێنێکدا و پێش دەستپێکی ئاژاوەکە بە فرتوفێڵ چەند دیلێك دەگرن و زانیاری لێ وەردەگرن[177].

[176] – چونکە ناوچەی بدلیس شوێنێکی شاخاویی بووە، دەغڵودانی کەمتر لێکراوە و دیارە لە شارەکانی دیکەوە بۆیان هاتووە، بڕوانە: سیاحەتنامە، لا: ١٤٣

[177] – لەلاپەڕە (٢٤٩)دا پاشا بەتایبەتی خەڵات دادەنێت بۆ ئەو کەسەی بتوانێت لەناو بەرەی خان کەسێکی بۆ بهێنێت و زانیاری لێ وەربگرێت، کە

هەروەها دەربارەی شەڕەکە زۆر باس و بابەتی تێدایە، بەڵام پێمان باشە کە چەند قارەمانییەکی جەنگاوەرەکانی خان بگێڕینەوە کە ئەولیا باسیان دەکات. لە لاپەڕە (٢٥٩)دا کە باس لە کاتی شەڕەکە دەکات دەڵێ: ((کوردەکان خۆیان گەیاندە سەنگەرە قایمەکان و هیوایان خستە سەر هێزی باسکی خۆیان و بە هەموو دڵێکەوە خۆیان بۆ شەڕ ساز کرد، ئەوانی دەرەوەی سەنگەرەکان کە زانییان عوسمانی و وانییەکان ئابلۆقەیان داون، خڕبوونە سەر یەك و وەکو تۆپ لێك ئالان و بە وێنەی سەگی هار کەوتنە شالاوهێنان، هەردوولا ئەڵڵا ئەڵڵایان دەگوت و لێکتریان دەدا)).

هەروەها لە لاپەڕەی دواتردا دەڵێ: ((بەڵام پیاو بە ئینسافەوە بیگێڕێتەوە، سەرکەوتن بە دەست خوایە، قارەمانەکانی ڕۆژەکی هەتا بڵێی ئازا و بە جەرگ بوون، ئەمانە کە زانییان شکاون و دەورە دراون، عەسکەرەکانی خان لەگەڵ فەرماندە و سەرەك هۆزەکانی (مۆدەکی و سورپایی و ئەوانی دی کفنیان

---

وادەکەن و کۆمەڵێك هەواڵ دەربارەی باری دەروونی و ئابووری سوپاکەی خان وەردەگرن و پاشان بۆ ڕۆژی دوایی شەڕەکە دەست پێدەکەن.



لەبەرکرد و لەگەڵ (موسڵی ئاغای دۆڵی گەندەڵ) شانیان پێکەوە نا و پێشی چەلۆییەکانیان گرت و بەرەودوا هەڵیان بڕین، چل ئالای دیکەی خان لەملاو لەولا خڕبوونەوە و هەموو وێکڕا بە دەزرێژی تفەنگ کارێکیان بە عەسکەرەکانمان کرد کە هەرچی کەوتە بەریان یەکی بە ساخی لێ دەرنەچوو و کەلاك وەکو حەسیر لەو سەر بەردانە ڕاخران، بۆ نەگبەتی عەسکەرەکانمان خۆیان هاویشە یەکێك لە سەنگەرە چۆڵەکانی هێزی بدلیس کە ببێتە پەناگایان و پێشی کوردەکانی بدلیس بگرن، کەچی لە قەڵای بدلیسەوە حەوت تۆپیان هاویشتە ئەو سەنگەرە و عەسکەرەکانمانیان وەکو ئاردی ناو دڕکان پەرش و بڵاوکرد و شەرکەرەکانی خان بێوەی مانەوە)).

دیارە لێرەدا سوپای عوسمانییەکان شکاوە، چونکە لەوێدا کۆتایی پێ هێناوە و بابەتێکی دیکەی نووسیوە بەناوی (ڕاوێژ و تەگبیر)، کە بێگومان هەر لە کاتی شکاندا ئەم کارە دەکرێت، بەڵام ئەولیا دواتر دەڵێ: ((هەموو فەرماندەکان لەیەك جێ کۆبوونەوە بۆ چارە دۆزینەوە (کوڕە کار لەکار ترازا، شەرکەرەکانی ئێمە چوون بۆ تاڵانی شار و عەسکەرەکانی خانیش خەریکە

خۆیان دەگرنەوە، چار چییە؟)). دوای ئەوەی پاشا بەم شکستە دەزانێ، فەرمان دەردەکات کە شێوەی جلوبەرگیان بگۆڕن بۆ ئەوەی لە شەڕکەرەکانی خان بچن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و جگەلەوەی کە سێ هەزار عەسکەری هەڵبژاردەی کورد و سێ هەزار عەسکەری پاشایی بە فەرماندەی کوێخا وێسف دەگەن و لە هەر چوار لاوە دەژەننە سەنگەرەکانی خان، لێرەدا دیسان ئەولیا دەربارەی ئازایەتی و بوێری کوردەکان دەڵێ: ((هەر ئەوەندەمان زانی کتوپڕ عەسکەرەکانی خان دەستە و شێر لە مەتەرێز دەرپەڕین و وایان هەڵکوتایە سەرمان کە عەسکەرەکانی ئێمە هەر یەکی بە لایەکدا هەڵاتن، پاشان بە هەزار حاڵ توانیمان لەناو بەردان خڕیان بکەینەوە، عەسکەری خان شەڕێکی ئەوەندە ڕۆستەمانەیان کرد کە توانیان بەشی هەرە زۆریان خۆیان ڕزگار بکەن و لەوسەرەوە خۆیان شۆڕ بوونەوە خوارێ و خۆیان گەیاندە ناو قەڵا، ئەم شەڕکەرانە کە ئازوقە و جبەخانەیان نەبوو و زۆربەیان برسی بوون،



پاڵەوانانە دەجەنگان و بەکوژران خۆیان دەحەساندەوە[١٧٨])).

لە ڕاستیدا پاش ئەم بابەتە دێتە سەر بابەتێك بەناوی (هەڵاتنی عەبدال خان بۆ ناو هۆزی مۆدەکی)، کە لەوەناچێت سوپاکەی خان شکابێ، بەڵکو لەوەدەچێت لە تاو ترس و تاڵانی خەڵکی ناوچەکە خان هەڵاتبێت، چونکە زانیویەتی کە دۆڕاو هەر کوردەکانن، ئینجا چ کوردەکانی بدلیس یان کوردەکانی تر. هەرچەند لەگەڵ ئەوەشدا تاڵانی خۆیانیان هەر کردووە.

دوای شەڕێکی پڕ لە پلان و فێڵ و فرتی ئەحمەد پاشا و زیرەکی و بلیمەتی و وریایی خان عەبدال، داستانێکی پڕ قارەمانی و قوربانی و بەختکردن، (١٠٦٥) کەس لەبەرەی خان و لە بەرەی ئەحمەد پاشاش (٩٠٠) کەس، دەکوژرێن[١٧٩].

عەبدال خان پەنا بۆ هۆزی (مۆدەکی) دەبات و پاشتر دەچێتە چیاکانی ناوچەکە لەگەڵ (٥٠٠٠) تفەنگچی خۆیی و کەمێك لە توانا ئابوورییەکانی. کە دواتر لەسەر داواکاری زانایان و پیاوماقوڵانی شار،

---

[١٧٨] – سیاحەتنامە، لا: ٢٦١– ٢٦٢.

[١٧٩] – سیاحەتنامە، لا: ٢٦٩.

کوڕەکەی عەبدال خان (زیادین بەگ) لە شوێنی باوکی دادەنێن و عەبدال خانیش بۆ جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بدلیس[180]، هەروەك پێشتر باسمان کرد، هەر لە چیاکان دەمێنێتەوە تاکو بە پلانێکی نهێنی دوای چەند ساڵێك لە ئەستەمبوڵ لە سێدارە دەدرێت و تاکو ئێستاش گۆڕەکەی نادیارە.

١٨٠ – سیاحەتنامە، لا: ٢٦٣.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## هۆکارەکانی شکستی میرنشینی بدلیس

بێگومان هۆکارەکانی شکستی میرنشینی بدلیس لەم هاوکێشەیەدا زۆرن، هەرچەند لە خوێندنەوەی باس و بابەتەکاندا تاڕادەیەك وەڵامی ئەم باسە دراوەتەوە، بەڵام لێرەدا بە چەند خاڵێك کورتیان دەکەینەوە و ئاماژەیان پێ دەکەین:

١– سوپای عوسمانییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە بەهێزتر و تۆکمەتر و فرەتر بووە لە سوپاکەی عەبدال خان.

٢– ئەو ترس و تۆقاندنانەی پێشتر باسمان کردن، وایکردووە کە هەموو هێزە کوردەکان نەوێرن بە ڕاشکاوی هاوکاری عەبدال خان بکەن، جگەلەوەش نەچۆتە عەقڵیانەوە کە عەبدال خان ئەم شەڕە بباتەوە، لەبەرئەوە ناچاربوون یان هەر هاوکاری عەبدال خان نەکەن، یان بەنابەدڵی و نیوەناچڵی بیکەن[181].

١٨١ – هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە هەندێك لە هۆزەکان هەر هیچ جۆرە هاوکارییەکی هێزی بدلیسیان نەکردووە، هەندێکیشیان هێزێکی کەمیان ناردووە.

٣- عوسمانییەکان، جگە لە هێز و سوپاکەی خۆیان، توانیویانە کۆمەڵێکی زۆریش لە کوردەکان کۆبکەنەوە و بیهێننە بەرەی خۆیان، ئەمە جگە لەوەی لە هێزی عەبدال خانی کەم کردۆتەوە، ئەوانیشی بەهێز کردووە.

٤- عەبدال خان میرنشینێکی ناوچەیی بچووك بووە، لەبەرامبەردا عوسمانییەکان ئیمپراتۆرێك بوون کە بۆ چەند سەدەیەك توانیویانە پارسەنگی سەربازی، سیاسی، ئابووری و کارگێڕی خۆیان ڕابگرن. هەروەك ئاشکرایە کە سەدە و نیوێك پێشتر توانیویانە لە شەڕی چاڵدێراندا سەفەوییەکان بشکێنن، ئەی چۆن ئەم شەڕەی بەرامبەر عەبدال خان، نابەنەوە؟!

٥- عوسمانییەکان بە پیلان و بەرنامەی تایبەتەوە هاتوون، تەنانەت لەسەرەتادا لە بەرگی (میوان)دا خۆیان ناساندووە، لەبەرامبەردا میرنشینی بدلیس هەرچەند هەستی بەم شەڕانگێزییە کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەر بڕوایان نەکردبێت کە ئەم چارەنووسە چاوەڕێیان دەکات. چونکە خۆئامادەکردن بۆ شەڕێکی ئاوها پێویستی بە دابینکردنی ئازووخە و زەخیرەی خواردن و جەنگ هەیە، کە بەپێی



خوێندنەوەی بەسەرهاتی شەڕەکە زۆر لەوە دەچێت هۆکارێکی گەورەی شکستی بدلیس کەمی و ناتەواوی گەنجینەی ئەو دوو پێویستییە گرنگە بوو بێت.

٦- هێزی عوسمانییەکان دژی شار و میرنشینێك جەنگاون، کە پڕ بووە لە دوکان و کەرەسەی بازرگانی، کە بۆ سەرباز و فەرماندەکان دەستکەوتێکی باش بووە. لە بەرامبەردا بدلیسییەکان جگە لەوەی کە پێویستییان بە تالآنی جەنگ و مەرامیان نەبووە، هەروەها تالآنی سوپا بۆ ئەوان نە ئەو بایەخەی هەبووە نە بەو شێوەیش بووە کە خۆیانی لەپێناودا بەخت بکەن، چونکە گوزەرانی بدلیسییەکان زۆر لە بارودۆخێکی باشدا بووە.

٧- مەودای شەڕەکە لە دەوروبەری شارەکە بووە، ئەمەش وایکردووە کە ورەی دانیشتوان بلەقێنێ و کار بکاتە سەر جەنگاوەرەکانیش.

## دەسکەوتی عوسمانییەکان لەم شەڕەدا

هەروەك گوتمان شەڕەکە بەلای خاندا دەکەوێت و بدلیس دەگیرێت، کۆمەڵێك شکست و زیان و نەهامەتی بۆ خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت بۆ قەوارەی نەتەوەیی کوردیش دەنێتەوە و چەندین بەرهەمی هونەریی و زانستیی، عەبدال خان و میرنشینی بدلیس دەشێوێنن، هەرزان فرۆش و تالانی دەکەن. هەروەها بەم شەڕە عوسمانییەکان و ئەحمەد پاشا کۆمەڵێك ئامانجی خۆیان دەپێکن، کە هەوڵ دەدەین دەسکەوتە پڕ بایەخەکانیان دیاری بکەین:

١- گۆڕین و شێواندن و پووکاندنەوەی چوارچێوەی قەوارەی سەربازی، ئابووری و سیاسییە ناوچەییەکەی ئەم میرنشینەی کورد، کە لە هەموو بوارەکاندا پێشکەوتوو بووە و بە هەموو پێوەرێك جێگەی مەترسی بووە بۆ عوسمانییەکان، هەروەك د. سەعد بەشیر دەڵێ: ((ئەم شەڕە بووە مایەی ئەوەش کە بتلیس چاوپۆشیی لە چوار هەرێمی دەوڵەمەندی خۆی بکات و زۆربەی سەروەت و سامان و هێزە سەربازییەکەیشی بدۆڕێنێ و لە دەست بدات. ئەمە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم شالاوە سەربازییەی عوسمانییەکان بوو[١٨٢])).

٢- سەپاندنەوە و نوێکردنەوەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە ناوچەکەدا، کە پێویست بووە و ناوە ناوە ئەم کارەیان ئەنجام داوە، بۆ بەگژداچوونەوەی قەوارە کوردییەکان و تۆقاندن و ترساندنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی میرنشینەکەیان توانا و پێگەیەکی دیاریکراوی هەبووە لە بوارەکانی: سەربازی، سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری و ...تاد. بۆئەوەی بۆ مێژووی دواتر بە ئارامی پلانەکانیان لە کوردستاندا جێبەجێ بکەن و بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

٣- بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی فرە لە سەروەت و سامانی ئەو میرنشینە دەوڵەمەندە، کە هەوڵ دەدەین بە وردی تۆماریان بکەین: ئەولیا لەم بارەیەوە دەڵێ: ((پاش تەواوبوونی شەڕەکە عەسکەر وەك گورگی



---

[١٨٢] – سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، د. سەعد بەسیر ئەسکەندەر، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (داناز)، لا: ٨٤.

برسی پەلاماری ناوشاریاندا و کەوتنە تالآن و چەپاوی خەڵك). بەڵام مەلا و پیاوماقوڵانی شار دێنە لای پاشا و پێی دەڵێن: ئەی هاوار پاشا دوژمنی تۆ خان بوو، ئەوا هەڵات و ڕۆیی، ئەم خەڵکە بێتاوانە بۆچی ماڵوێران ببن و بکەونە سەر ساجی عەلی!؟) هەرچەند پاشا فەرمانی قەدەغەکردنی ئەم کارە بۆ عەسکەرەکانی دەردەکات و فەرمانی کوشتنی تاڵانچییان دەدات، کە لەوێشدا چەند کوردێك بەو فرمانە سەردەبڕدرێن، کە پێشتر عەسکەرەکانی پاشا تاڵانێکی زۆریان بردووە و خۆشیان گەیاندۆتەوە چیاکان[183])). لەکاتێکدا ئەحمەد پاشا ئەم فرمانە دەردەکات کە سوڵتانەکانی عوسمانی و خۆیی و فەرماندەکانی، تاڵانکەری یەکەم بوون ئینجا خەڵکەکە دووەم. چونکە هەرچی سەروەت و سامانی عەبدال خان هەیە دەستی بەسەردا دەگیرێت لە لایەن ئەولیا چەلەبییەوە مۆر دەکرێت، دواتر تاڵان و هەڕاج دەکرێ[184].

[183] – سیاحەتنامە، لا: ٢٦٣– ٢٦٤.

[184] – سیاحەتنامە، لا: ٢٦٦. ئێمە لەبابەتی دواتردا باسمان لە هەڕاجی کتێبخانەکەی عەبدالخان کردووە، بەڵام لێرەدا باس لە دەسکەوتەکانی تری عوسمانییەکان و ئەحمەد پاشا و ئەوانی تر دەکەین.



هەر لە یەکەم هەنگاوی تاڵاندا و لە وەڵام و مەرج بۆ دانانی (زیادین بەگ[185]) کوڕی خان، ئەحمەد پاشا ئەم دەسکەوتانە مسۆگەر دەکات: ((بەڵام ئێوە کە داوای دانانی زیادین بەگ دەکەن، دەبێ بزانن کە خان دوسەد کیسە قەرزی وانی لەسەرە و چل هەزار سەر مەڕی بەگی مەلازگردی لە پێدایە، جا ئەگەر ئێوە دەستەبەری دانەوەی ئەو قەرزانە دەبن، ئەوا من بەگەکەتان خەڵات دەکەم و سەبارەت بەدانانیشی نامە بۆ سوڵتان دەنووسم[186])).

ئینجا دواتر زۆر بە ڕاشکاوی سامانی میری بدلیس بە هی خان لە قەڵەم دەدەن بۆ ئەوەی تاڵانی بکەن، چونکە ئاشکرایە کوڕەکەی (زیادین بەگ) لە شوێنەکەی

[185] – لەنامەکەی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف دەربارەی (زیادین بەگ) کوڕی عەبدالخان نووسراوە: لەسەر کێلی گۆڕەکەی لە بدلیس نووسراوە کە لە ساڵی (١٠٣١)ی کۆچی دا وەفاتی کردووە. هەروەها بەدرەدینی کوڕی عەبدالخان لە ساڵی (١٠٨٤)ی کۆچی وەفاتی کردووە.

[186] – وەك ئەولیا باسی دەکات، پێشتر کێشەیەکی مەڕداری هەبووە لە نێوان عەبدالخان و مەلازگردییەکان، بەڵام لە هیچ شوێنێکی تردا باسی ئەو (دووسەد کیسە)یە نەکراوە، ئەمەش بۆخۆی ڕاوڕووتێکی ئاشکرایە کە پاشای عوسمانی کردوویەتی، سەرەڕای ئەوەی دەیان ترسێنێ بەوەی کە ئەگەر ئامادە نەبن ئەم کارە بکەن، وڵاتەکەیان وەکو زەمانی (سولەیمان خان) دەخاتەوە سەر موڵکی عوسمانی. کە ئەمەش پلان و خواستێکی دیکەی عوسمانییەکان بووە کە ویستوویانە لەم شەڕەدا پێی بگەن. سیاحەتنامە، لا: ٢٧٥– ٢٧٦.

دادەنرێ، ئەی باشە موڵك و ماڵی عەبدال خان بۆ تاڵان و هەڕاج بكرێ؟! بەڵام دیارە یەكێك لە مەبەستەكانیان ئەم سامانە دەوڵەمەندەی میرنشینەكە بووە، هەرچەند لە یەك دوو شوێندا ئەولیا باس لەوە دەكات كە خەڵكەكە و تەنانەت كوڕەكانی خانیش چاویان پڕ بووە لە گریان و داخ و حەسرەت، بەڵام ناچاربوون بەم كارە ڕازی بن.

ئەولیا بەم شێوەیە باس لە كۆی گشتی دەسكەوت و تاڵانەكانی خۆیان دەكات: ((پاشا فەرمانی دا كوێخا وێسف و حەفتا ئاغا و قازی شار لەگەڵم هاتن چوینە ناو قەڵا، مۆرەكانمان شكاند و ئەوەی لێی بوو لە ئێسترانمان باركرد و هێنامان كۆمەڵ كۆمەڵ لەبەر بارەگادا ڕۆمان كرد (مەبەست لەبارەگای پاشایە)، دیسان كوێخا وێسف و مفتی و مەلای شار و ئاغاكان چوونە ژووری ماڵی خان و دەرگای ژوورەكانیان كردەوە و بە ئاگاداری زیادین خان، خەزێنە و جبەخانە و شتومەكەكانیان هێنایە دەر و لە (١٥٠) ئێستریان باركرد و لەبەر بارەگا وەكو گردێك هەڵیان دانەوە،



ئەمجا ئاگاداری فەرماندە و عەسكەرەكان و خەڵك كرا بێن بۆ بەشداربوون لەم هەڕاجەدا[١٨٧])).

ئینجا لە بابەتێكی تردا بەناوی (خەزێنە و سامانی عەبدال خان ئەوەی كەمن مۆرم كردبوو)، ئەولیا، زۆربەی شتومەك و كەلوپەلەكانی تۆماركردووە و باس لە فرۆشتن و دابەشكردنی دەكات، كە هەموو شێوازەكان بە قازانج و مەسڵەحەتی عوسمانییەكان هاتۆتەوە، لەبەرئەوەی كە كەلوپەلی سەربازی و نەختینە بووە، وەك ئاڵتوون بۆ خەزێنەی عوسمانی گەڕاوەتەوە، ئەوەیش كە فرۆشراوە پارەكەی هەر بۆ ئەوێ گەڕاوەتەوە، سەرەڕای ئەوەش ئەوانەی وەك دیاری و تاڵانی شەڕیش دەسكەوتیان بەركەوتووە، ئەوانیش یان بەشێك بوون لە سوپای عوسمانی، یانیش پیاوانی ئەو دەسەڵاتە بوون و وەك پاداشتێك بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەركە، پێیان دراوە. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین بە كورتی دەسكەوتەكان بنووسینەوە[١٨٨]:

---

١٨٧ – سیاحەتنامە، لا: ٢٧٧.

١٨٨ – ئەو زانیارییانەی لێرە بەدواوە دەربارەی هەڕاجكردنەكە بە كورتی ئاماژەیان پێكراوە لە لاپەڕەكانی (٢٨٧، ٢٨٨، ٢٨٩، ٢٩٠) دواتر وەرگێراوە.

١. (٣٨٠) پارچە شيرى دەبان و جەوهەردار و نقێمكارى گرانبايى بە كالانەوە كە هەموويان لە پۆڵاى شێخانى، مەقراوى، سەنقورى، ئەسەدى، جيسقاوى، داودى، هيندى، ئيسفەهانى، شامى، ميسرى، ئەستەمبوڵى كۆن، فەرەنگى و ئەڵمانى، پێك هاتوون.

٢. سێ سندوقى پڕ لە خەنجەرە بەناوبانگەكانى كوردستان، بە كالان و بە ڕۆنى.

٣. (٢٠٠٠) مەتاڵى حەڵەبى، عەنتابى، ميسرى، داغستانى، دياربەكرى، لە ئاسن دروستكراو كە لە كاتى شەڕدا گيان دەرباز دەكەن.

٤. (١٧٠٠) دانە گۆپاڵى بەغدا و بەسراى سەر بە بزمار و ڕمبى ميسرى لە چەشنى غورى و گورزى قيستمونى دەسك زيو و پەڕدار.

٥. (٢٠٠) دانە پەروانەى دەرەوە لە دەستكردى كۆمەڵێك وەستاى بەناوبانگ.

٦. (١٠٠٠٠) جۆرە خەدەنگ، تير، نێزە، سەرە ڕمب، كە هەريەكەيان يادگارى وڵاتێك و سەردەمێك بوون. هەزار دانە تير كە نووكەكانيان بە ژەهر ئاودرابون و كلكەكانيان جقەى شەهێنى لێ بەسترا بو.



٧. (١٠٠٠) تفەنگى ڕەنگدارى تەقە پێنەكراوى دەستكردى فەرەنگ، كە هەر يەكەى يادگارى يەكێك لە كارخانە بەناوبانگەكانى ئەوروپا بوون، جگەلە مازندەرانى، سەبيى، بەلخى، لاچين، يەتم شاى ئيسفەهانى، موزەفەر باى خوراسانى، سوندەك خانى بەلخى، ئورجووى ميسرى، ئوزون عومەرى ئەستەمبوڵى، مەمى، عومەرى بچووك، محەمەدە درێژ، ...تاد. ئەم جۆرە تفەنگانە بەتايبەتى ڕاسپێردرابوون و وێنەيان لە (هەرسك) و (داسليجە) و (بازارجك) و ئەستەمبوڵيشدا نەبووە.

٨. (٣٠٠) پێستى بەور و پڵنگ.

٩. (٧٠) تۆپزى نقێمدار، (٢٠٠) تۆپزى زيوى پەتى، (١٠٠٠) تۆپزى ئاسن، (٢٠٠) قوڵنگى فەرهادى، (٢٠٠) تۆپزى ئاسن شكێن، (٣٠٠) زەمبەلەكى يايلى، (٨٠) زينى زيوى هەڵكەندراو، (١٠٠٠) سەرزينى سورمە و مەخموور و چۆغە، (٢٠٠) دگدگى بە سورمە. (٢٠٠) لغاوى شامى و ماردينى، (٨٠) پاڵو و قوشقونى چۆغە و سورمە، (٢٠٠) عەباى شان سورمە.

١٠. (٢٠٠) جڵەوى زەرد و سپى بە سورمەكراو كە دەسكردى خان بوون. يەكى بە يەك كيسە فرۆشراون.

مەکتەبی بیروهوشیاری

١١. (٦٠٠) جووت ئاوزنگی ئاسنی زەرکەف، (٨٠) جووت ڕکێفی زیوی پەتی.

١٢. (١٠٠٠) پراچە لێفەی دیبا، زیبا، شیب، زێڕدروو، دارایی کیمخوا، سەرنەك، ئەتلەس و والآ. (٢٠٠٠) سەرینی لۆکەی شیکراوە لە پارچەی مەخمەر و شتی دی.

١٣. (٢٠٠) مافوورەی ئاوریشمی عەجەمی، (٧٠) لبادی درێژ و نەخشکاری ئیسفەهان، (١٥٠) بەڕەی فەڕەنگی، جاجمی عەرەبی، شەمەدی بایبوردی، قاڵیچەی عاشقانە و بەرماڵی میسری، (٧٠) خێوەتی سێ ژووری نۆ ئەستوونی، (٦٠٠) خێوەتی کوللەدار، (٣٠٠) خێمەی نەخشین، (٦٠٠) خێوەت و خەرگا، (٣٠٠) وردە چادر.

ئەمانە ڕۆژی یەکەم فرۆشراون. بۆ ڕۆژی دوایی (٢٠٠) سندوقی دیکەیان هێناوە کە وەك باسیان دەکات هەمووی کەلوپەلی بە قیمەت و پڕ بەها بوون، لەم (٢٠٠) سندوقە، (١٧) یان پیاوماقوڵانی بدلیس شایەتی ئەوەدەدەن کە جیازی (خانم سوڵتان)، واتە خێزانی عەبدال خان بووە، ئیدی پاشا دەینێرێتەوە بۆ خانم



مەکتەبی بیروهوشیاری

سوڵتان. دەربارەی ئەو (١٨٣) سندوقەی تر ئەم زانیارییانە دەچنین:

یەکەم سندوق پڕ بووە لە کەوا و سەڵتەی هەریر و زێڕدرووی نایاب و بەرگی شاهانەی وا کە ئەو خەڵکە وێکرا دەمیان داچەقاندووە و حەپەسا بوون. سوخمەی بە گەوهەر، بەردی بە قیمەت نەخشاو، باز و خڕخاڵ و گۆ و گوارە و حەمایەل و تاجی زێڕ و گەوهەر و مرواری لەگەڵ گەردانە و پلێپلەی تاج و بازیبەند و دوگمە و دۆلاب، (٩٠) کەمەربەندی ئەڵماس و مرواری کە هەر یەکەی خەرجی وڵاتی ڕۆمیان تێچوو بوو، وە ئەم (٩٠) کەمەربەندە هیچی لە هیچی نەدەچوو، (پاشا گوتی ئەمانەش هەڵگرن). (٧٠٠) دەنك یاقووتی سوور و یاقووتی زەرد و یاقووتی شین، (٣٠٠٠) پیرۆزەی نیشانپوری، (٦) مشتووی خەنجەری لە پیرۆزە دروستکراو، (٧) پیاڵەی شەربەتی پیرۆزە، (٧) فنجانی پیرۆزە...

١٤. (٧٠) بارە ئێستر قاپ و تەشت و مەنجەڵ و مەسینە و لەگەن و تیان (مەنجەڵی گەورە) و ...تاد، (٨) شەمدانی زیو، (١٠٠) شەمدانی بچووکی

ئاگرکردنـــەوە، (٤٠) مەقەســـتی زیـــو، (٨) بخـــوردانی نقێمدار، (٢٠) گوڵاودانی بلووری و تراشکار.

١٥. (٦٠٠) کاسە فەخفووری گرانبایی، (١٠) دەوری بــەرقلیان و خــواردن و فنجــانی چــوار گــوڵ، کاســە و تەبەقی چینی، (١٥٠) کوپەی بلەمی و خوسرەوانی.

١٦. (٤٠) بار مێزەر، (٥) بار مێزەری ڕەنگاوڕەنگی دیکە.

١٧. سـندوقێکی تەختـەی سـەرووی زۆر زل کـە پـڕ بـووە لـە قوماشـی زێـڕدار و شـاڵی و کـشمیر و کوتـاڵی داوی زێڕ تێهەڵکێشراو و هەریر و ئاوریشم.

١٨. (٧٠) بوخچەی دیبا و زیرباف و سـرنگ و خـارا و پــەردەی قەڵــەمکاری ســەراپەردە و پــەردەی تــۆڕ و دۆشەگەڵەی چنراو.

١٩. لەناو (٧) سندوقدا (٧٠) تەختە کەوڵی سمۆرو (١٦) کــــەوڵی سمــــۆری بەرچـــۆغەی هەمــــەڕەنگ، (٢٠)کــەوڵی ســنجاوی بــەخوری، (٥٠) کــڵاوی کــەوڵی وشەك، (١١) کەوڵی قاقمی و سپی بەرخۆلـە، زیـاتر لـە (٢٠٠) کەوڵی شینی عەجەمی بێبەر[١٨٩].

[١٨٩] – یەکێك لەم کەوڵانە کاتی خۆی ئەحمەد پاشا بـە دیـاری داویـەتی بـە خان، کە یەکێك لە یەنیچەرییەکان بە (١٠٠٠) قروش کڕیویەتەوە.



٢٠. ئەولیا دەڵێ: (ئەو سێ مجرییـەی لـە پێـشەوە باسمان کردن هێنایانەوە، هەرچی گەوهەری تێیـدا بـوو بە تەرازوو کێشایان و نووسـران و بـە ئەمانـەتی خـوا و پێغەمبەر درانە دەستی پاشا و پاشـاش دای بـە هێـزی وان کەلە خەزێنەی قەڵای واندا هەڵگیرێ[١٩٠]).

٢١. لەلایـــەن خـــانی تـــازەوە ســـەبارەت بـــە تازەکردنەوەی فەرمانڕەواییەکەی، (١٠٠) کیسەی ڕۆمی بـۆ سـوڵتانی ئەسـتەمبوڵ و (١٠٠) کیـسە بـۆ وەزیـری گـــەورە (ســـەدری ئـــەعزەم) و هەنـــدێکیش بـــۆ کاربەدەسـتانی ئەسـتەموڵ ڕێکخـرا. ئـەو (٢٠٠) کیـسە زێڕە بـە بـاری بیـست وڵاخـەوە ڕەوانـەی (ئەسـتەموڵ) کران.[١٩١] هیچ دوور نییـە مانـەوەیان لـە بـدلیس وای لـە کوڕی خان کردبێـت کـە ئـەو هـەموو سامانەیان بـداتێ بۆئـەوەی بـەڵکو دڵ و چـاویان تێربێـت و ئـیتر بـڕۆن، چونکە ڕۆژانە مەسرەفێکی زۆریان پێکردوون.

ئەمانـە بەشـێکن لەدەسـکەوتی عوسمانییـەکان لـەم شەڕەدا، جگەلەوەی ئەولیا لە کۆتـایی هەڕاجەکـەدا لـە لاپەڕە (٢٩٦)دا نووسیویەتی: ((ئێستا ئەگەر مـن شـتە

[١٩٠] – سیاحەتنامە، لا: ٢٩٧.

[١٩١] – سیاحەتنامە، لا: ٣٠٠.

فرۆشراوەکان و ناوی کڕیار و پارەکانیان بنووسم، نووسینەکەم ئەوەندە درێژ دەبێتەوە سەر دێنێتە ژان)).

هەروەها ئەو هەموو مەسروفاتەی کە خەڵك و میرنشینی یەکەم و دووەم (واتە عەبدال خان و زیادین بەگی کوڕی) و خانم سوڵتانیش بۆ ئەو هەموو ئۆردووەیان کردووە، چونکە چەندین ڕۆژ لەوێ ماونەتەوە و ڕۆژانە خواردنیان بۆ ڕۆیشتووە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## دەسکەوتەکانی ئەحمەد پاشا

بێگومان لە هەموو لایەکەوە ئەحمەد پاشا براوەی یەکەم بووە، چونکە هەروەك گوتمان کۆمەڵێك دەسکەوتی گەورەی بەدەستهێناوە، کە لە باسەکاندا هەوڵمان داوە باسیان بکەین، بەڵام پێویستە بەوردی کتێبەکە بخوێنینەوە و بزانین سەرەڕای ئەم دەسکەوتە سیاسییانە، ئەحمەد پاشا مایە پووچ بووە و هیچی گیر نەکەوتووە، واتە دەبێ هەر سەرقاڵی خزمەتکردنی عوسمانییەکان بووبێت؟! یان بەپێچەوانەوە دەسکەوتە سیاسییەکانیشی هەر بۆ قازانج و برەوی کەسایەتی و مەنزڵی خۆی بووە؟! لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك دەسکەوتی ماددیی باش و گرانبەها و نایابی لەم سەفەرەدا بەدەستهێناوە، (ئەمە جگەلە کرێ و مووچەی تایبەتی خۆی کە لە بەرامبەر ئەم کارەدا وەریگرتووە، چونکە بێگومان لە بەجێگەیاندنی ئەم فرمان و ئەرکەی عوسمانییەکاندا جگەلەوەی پلەوپایەی گەورەتر بووە هەروەها پاداشتی وەرگرتووە).

هـەوڵ دەدەیـن بـە وردی و بـەپێی نووسـینەکانی ئـەولیا، دەسـکەوتەکانی ئەحمـەد پاشـا لێـرەدا کۆیـان بکەینەوە:

١- هەر لە میواندارییەکەیدا کە خان بۆ پاشای کردووە، لەگەڵ ماڵئاوایی ئەم دیارییانە وەردەگرێ: سێ کچی نەپووشکوتوو، پێنج غوڵامی موو لێنەهاتوو، دە ئەسپی کەحێڵە بە زین و لغاوی گەوهەردار و زنجیریی زێڕ، سێ تفەنگیی نقێمداری مازەندەرانی، تەفسیری قازی و بەغەوی و کەشاف و قاموسی ئەلبولدان، بیست بەرگ کتێبی شاهانە، (٣) مافووری ئاوریشمی ئیسفەهان، (٣) لبادی نەخچەوان، (٤٠) شیری ئەڵوەن، (١٠) قەتار وشتر، (١٠) قەتار ئێستر. جگەلەو دیارییانەی کە دراون بە خانم سوڵتان[١٩٢].

٢- پیاوماقوڵان و گەورەکانی وان لە گوندی (قەرەقاسم) بە پاشا گەیشتوون و ئەوەندەیان دیاری بۆ هێناوە باس ناکرێ[١٩٣].

٣- ئەولیا لە لاپەڕە (١٨٨)دا، لە باسی ئاکامی تۆقاندنەکانیان لە ناوچەی واندا دەڵێ: (ئەو شەوە

[١٩٢] - سیاحەتنامە، لا: ١٤٦.

[١٩٣] - سیاحەتنامە، لا: ١٨١.



لەلایەن تاوانبار و گوناهکار و ئەو کەسانەی دەیانویست لەسەر فەرمانی میری بمێننەوە، هەشسەد کیسە پارە بۆ پاشا هات).

٤- دوای ئەوەی لە هەڕاجەکەی سامانی خاندا (١٧) سندوق کە بە بەرچاوی خەڵکەوە هەڵپچڕاون و هەموویان شایەتییان داوە کە ئەمانە جیازی سوڵتان خانم بووە و پاشا بۆی دەنێرێتەوە، ئەویش ئەم دیارییانەی بۆ دەنێرێ: (ئێوارەیەکی درەنگ کە دنیا کەمێك چۆڵ بوو لە لایەن خانمەوە (١٠) بووخچە پڕ لە قوماشی ئاوریشمی بەنرخ و کراس و دەرپێ و (٣) کیسەی پڕ لە بەردی بەنرخ و تاجێکی نقێمدار و (٧) کەوای گەوهەردار بۆ خانمی پاشا و (٤٠) دەنك یاقووت و (١٠٠) دانە لەعلی بەدەخشان و (١٠٠) دانە پیرۆزە و (٥٠) دەنك زوبەرجەد و (٥٠) دانە ئەڵماسی دەقیراتی و دو مشتوو خەنجەری پیرۆزە و (٦) مجری پڕ لە عودی ماوەردی، (٤٠) هۆقە میشکی خوتەن، (٢٠٠) شەمامەی عەنبەر، (٣) فنجانی پیرۆزە و (٣) کاسەی ئاقیق و فنجانێکی زمروت و سێ دەوری سیلانی. جگەلەوەی: بۆ خانمی پاشا لەناو قوتوێکی زێڕی پەتی دا بازنە و خرخاڵی عەرەبی نقێمداری شێوە خۆراسانی و شەش

دانـه گـوارەی کـەیانی و جقـەی هومـا و تەلـەسمێکی نقێمکـار و چـەند شـتی دیکـە کـە لـە نرخاندن نەدەهاتن[194]. لێرەدا پاشا گوتویـەتی (چ پێویـست بـوو خـانمی کیـژم ئـەم دیارییانـەم بـۆ بنێـرێ، مـن هـیچ چـاکەیەکم بۆیـان نـەبووە...)، لێـرەدا ئـەولیا دەڵـێ: (پاشـا کـە دیارییـەکانی وەرگـرت خـۆی کـڕ کـرد؟!) بێگومان سوڵتان خانم ئافرەتێکی وریا بووە، زانیویەتی ئەم پاشایە زۆر چاوچنۆکە و بەهیچ تێـر و پـڕ نابێت، هەروەها تازە خانی لەدەستداوە با کوڕەکانی لەدەست نەچێت و فیتنە و شەڕانگێزی بۆ ئەوانیش نەنێتـەوە... هەر لەبەرئەوە پاشا دەڵێ: ئیشەڵا دوای گەڕانـەوەم بـۆ ئەسـتەمبوڵ لـە تۆڵـەی ئەمـەدا وا دەکـەم لەلایـەن سوڵتانەوە خاسـەی بـاجی موشـی بـۆ دیـار بکـرێ (کـە مەبەسـتی کوڕەکـەی خـانم سـوڵتان واتـە زیـادین بـەگ بووە. کەواتە پاشاش لـە نیـاز و مەبەسـتی دیارییـەکان گەیشتووە و ویستویەتی بڵێ ئیتر وازتان لێ دێتنم...)

[194] – سیاحەتنامە، لا: ٢٩١– ٢٩٢.



٥– لـە داوی دابەشـکردنی پـارەی شـتومەکە هەڕاجکراوەکان، ئەولیا دەڵێ: ((هێزەکانی وانیش (٥٠) کیسە هەقی ماندوبوونیان دا بە پاشا[195])).

٦– لە کۆتایی پارە بەشکردنەکەدا، ئـەولیا دەڵـێ: ((ئەو محەمـەد بەگـە لەمـەوپێش (٥٠) کیسـەی لـەماڵی خـان تـاڵان کردبـو هێنایـەوە بـۆ پاشـا. پـارەی شـتومەکەکانی دیکـە لـە پاشـا بـەولاوە کـەس لێـی نەپرسینەوە و شتە زۆر گرانەکانیش هـەر خـۆی زیـادی دەکرد و لەسەر خۆی دەنووسی و کەس شـتی بـەنرخی دەسـت نەکـەوت، تەنانـەت منـیش کـەس لێـی نەپرسیم[196])).

٧– خـانی تـازەی بدلیـسیش کـە خـەڵکی (٣٠٠) کیسەیان بۆ کۆکردۆتـەوە، ئـەویش (١٠٠) کیسـەی داوە بە ئەحمەد پاشا، لەگەڵ (٥) تەویلـە ئەسـپی سـواری و (١٠) قـەتار ئێـستر و (١٠) زرێ و (١٠) خـولام و (٥) کەنیز و خێوەتێکی نەخشین و (٥٠) شـەمامە عەمبـەری خاو.

[195] – سیاحەتنامە، لا: ٢٩٦.
[196] – سیاحەتنامە، لا: ٢٩٧.

٨- محەمەد بەگی مەلازگرد، یەکێك بوو لەوانەی خانی تاوانبار کرد بە تالآنی مەڕەکانی، دیارە ئەولیاش بڕوای بەوە نەبووە، چونکە دەڵێ: محەمەد بەگی مەلازگردیش کە گوایا (٤٠٠٠) سەر مەڕی تالآن کراوە، لە پارەی هەڕاجکراوەکان (٦٠) کیسەی دەدرێتێ. بەڵام دواتر ئەوانەی دوای خان دەکەون، (٢٠٦٠٠) سەر مەڕ دەهێننەوە لەگەڵ خۆیان، بەڵام محەمەد بەگی مەلازگرد مەڕەکانی ناوێتەوە...، و دەڵێ: ئەم بیست هەزار سەر مەڕە بۆ پاشا و گەردنی ئازابێ...!

٩- لە داوی ڕۆشتنیان لە بدلیس، زیادین بەگی خانی نوێ لەگەڵیاندا دەڕوات بەمەبەستی ماڵئاوایی، لەو کاتەدا تکا بۆ بەگی هێزان دەکات، پاشاش تکاکەی دەگرێ، لەبەرئەوە خان هەر لەوێ (١٣٠٠٠) زێڕ و (٢٠) زرێ و یەك قەنتاری زیوی دەدا بە خەزێنەی پاشا[197].

[197] – سیاحەتنامە، لا: ٣٠١.



## کتێبخانەکەی عەبدال خان

بێگومان گەلێك لەباسەکانی پێشتر، گریمانەی ئەوەمان دەدەنێ کە عەبدال خان کەسایەتییەکی بلیمەت بووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو باسانەی کە پێشتر باسمان کردن، باسێکی بایەخدارتر هەیە، ئەویش بواری ڕۆشنبیری ئەو شارەی کوردستان (بدلیس)ە، کەلەو سەردەمەدا هەموو ئەو چەمکانەی لەو سەرووەختەدا لەوێ بەرجەستەبوون، ئاماژە و نیشانەی پێشکەوتنی بواری ڕۆشنبیری کوردن لەو ناوچەیەدا، بەتایبەت لەناو توێژی دەسەڵاتداردا.

هەروەك گوتمان عەبدال خان نەوەی شەرەفخانی بدلیس بووە، کە بەیەکێك لە کەڵە نووسەر و هونەرمەندە بەناوبانگەکانی مێژووی کورد دادەنرێت، بێگومان کتێبەکەشی بە سەرچاوەیەکی دەگمەن و پڕ زانیاری لەلایەن زۆربەی مێژوونووسان و ڕۆژهەڵاتناسان لەقەڵەم دراوە. هەروەها کۆمەڵێك مەدرەسە و قوتابخانەی ئایینی لەو شارەدا هەبوون، لەهەمان کاتیشدا گەلێك لە بوارەکانی ئابووری و شارستانییەت

لە پێشکەوتنی بەردەوامدا بوون، کە ئەمانە هەموویان گریمانەن بۆ بلیمەتی عەبدال خان، ئەمە سەرەڕای ئەو شەڕەش کە پێیان فرۆشتوە، چونکە ئەویش نیشانەی مەترسیی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بووە لەپێگەی ئەم میرنشینە کوردە نیمچە سەربەخۆیە و میرەکەی.

لەلایەکی دیکەوە ئەو سەروەت و سامانە زۆرەی عەبدال خانیش کە ئەوا بەبێ هۆ هەڕاج و هەرزانفرۆشیان کردووە، ئەویش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی کە ئەو شارە خاوەنی فەرهەنگ و شارستانی و پێشکەوتنی تایبەتی خۆی بووە، کە ویستویانە لەناوی بەرن.

هەموو ئەو زانیارییانەی لەسەرەوە باسمان کردن، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە عەبدال خانی تەمەن (٧٠) ساڵ کەسێکی زۆر بە توانا بووە و هەموو بلیمەتییەکانی خۆی لەمێژووی حکومڕانی خۆیدا بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی ئاماژەمان پێکردن، بەکارهێناوە. جگەلەوەش نەیهێشتووە ئەو ئەرشیڤ و مێژووە پڕ سەروەرییەی باوباپیرانی لەناو بچێت،



تەنانەت ویستویەتی بەشێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک بیانپارێزێ[١٩٨].

یەکێك لەو بوارە گرنگانەی کە لە سیاحەتنامەدا بەڕوونی دەدرەوشێتەوە و بەرجەستەی گوتە و بۆچوونەکانمان دەکات، کتێبخانە، یان بەواتایەکی تر ئەو ئەرشیڤە دەوڵەمەندە کەلەپوورییەی کوردە لە گشت بوارەکانی: ئەدەب، زانست، هونەر ...تاد،ی بدلیس و بنەماڵەی عەبدال خان. کە ئەگەر بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ بمایە، بێگومان دەبوونە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ فەرهەنگ و مێژوو و هونەری کورد.

هەرچەند هیچ شتێکی وامان بۆ نەماوەتەوە تاکو ئەمڕۆ بتوانین بەپێی ئەو پاشماوەیە گریمانەکانمان بەتەواوی بسەلمێنین، بەڵام لێرەشدا دیسان پشت بە نووسینەکانی ئەولیا دەبەستین و هەڵوێستەی لەسەر دەکەینەوە.

---

١٩٨ – بێگومان ئەولیا چەلەبی لەکاتی هەڕاجەکەدا (هەرچەند زۆریش مەبەستی نەبووە)، بەڵام باس لە چۆنییەتی هەڵگرتنی کەلوپەلەکان و هەندێك لەو سندوقانە دەکات، کە ئەو شتانەیان تێدا پارێزراوە. کە هەر لەوە دەچێت عەبدالخان زۆرێکی وەك میراتی باوباپیران بۆ مابێتەوە، ئەوێکیش کە ئەوەندە بلیمەت و وریا و زانا بووە، هیچ دوور نییە بە نیازی ئەرشیڤکردن و هەڵگرتن، ئەو هەموو هونەر و سامانە کەلەپوورییانەی پاراستبێت.

ئـەوليا چـەلەبی نـاوی دەيـان كتێـب دەهێنـێ كـە زۆرێكيان چەند بەرگ و چەند جار نووسـراونەتەوە، كـە هەموو ئەو كتێبانەی لەوێدا ناويان هـاتووە، بـەناوبانگن و ڕەنگە هەندێكيان تائێستاش لـە هـيچ كتێبخانەيەكـدا وەگيرنەكەون.

هـەر لێـرەدا پێمـان باشـە بـەپێی سـياحەتنامەكە، كورتە بيبليۆگرافيايەك بـۆ كتێبخانەكـەی عەبـدال خـان ساز بكەين:

((حەڤـدە بـەرگ قورئـانی نەخـشێنراو و بـۆ شـاهان نووسـراوە بـە دەسـتخەتی (يـاقووتی موستەعـسی))، ئەحمەدی قەرە حەساری، شـێخ بايەزيدی وەلی، شـێخ قـەرە محەمـەد، عەبـدوڵڵای قرێمـی، خاليـد ئەفەنـدی ئەسكوداری، دەميرچی حەسەن چەلەبی.

هەزار و سێسەد بەرگ تەفسیر و كتێبـی بـە نـرخ كـە لەسـەر قاقـەزە باشـەكانی خـەتايی و ديمەشـقی و سـەمەرقەندی و ئەحمـەداوايی نووسـرابوونەوە، حـەفتا بـەرگ تەفـسيری پـيرۆز وەكـو: سـەبری تەبـەری، دەيلەمی، فەيزوڵڵای هيندی (بێ نوختـە– كـە جگـە لـە ئايەتـەكان تەفـسيرەكەشی هيـچی نوختـەی لەسـەر نـەبووە)، تەفـسيری ئـەبو لەيـسی سـەمەرقەندی.



تەفسيری شێخ، تەفـسيری بەغـەوی، تەفـسيری قـازی، تەفسيری ئەبو سعودی سلێمانی.

هەزار و سێسەد بـەرگ كتێبـی حەديـسی پێغەمبـەر، جگە لە قەدوری و مولتەقا و كەشـشاف و قەهـستانی و مەلا جامی.

تەجويدی بە هەڵبەست ڕێكخراوی شاتبی و حەريری.

لـە كتێبـی زمـان قـاموس و ئەختـەری و شـەمعی و لۆغەتی ئيبنو ماليك و چارەپەردەی.

هـەزار بـەرگ دەسـخەتی جۆربـەجۆر، لـە خەمـسەی نيزامی و ديوانی حافز و عـورفی گوڵـستان و بوسـتان و نيعمــەتوڵڵا و ديــوانی مــەلا جــامی و تەزكــەرەتول شــوعەرای حەســەن چــەلەبی و تەزكــەرەی لــوتفی و ديوانی سايب و ديوانی باقی و ديوانی نـەفعی و ديـوانی نيساری و ديوانی ئەنوەری و ديوانی خاقانی و گـەلێكی دی لە كتێبی نەخشاو و ڕازاوە.

دووســەد و شێــست پارچــە بــەياز، كــە هــەر تاقــە لاپەڕەيێكی سەد قروشی دێنا. دەسخەتی خۆشنووسـە كۆنەكان (ئەو بەيازانە هەندێكيان شەشسەد پـەڕە بـوو كە هەمووی دەسخەتی سەردەمی سوڵتان بايەزيد و هی وەكـو شـێخ ئەحمـەدی قـەرە حەسـاری، بـەكری،

عەبدوڵڵای قریمی، حەسەن چەلەبی ئوسکوداری و حەسەن چەلەبی قەرە حەساری و خالید ئەفەندی و حوسێن ئەفەندی و وێسف ئەفەندی و قەرە عەلی چەلەبی و مەنتیقی چەلەبی و دەروێش عەلی و سویۆلچی زادە و حوکمی زادە و تەکنەچی زادە (یەکی ٥– ١٠ دەستخەتیانی تێدایە). بۆ خەتی دیوانیش تاجر زادەی دۆستی ییلدرم خان، جندەرەچی زادە، ئۆقچی زادە، گولابی زادە و ئەحمەد چەلەبی نووسیویانەتەوە). (لێرەدا دەچێتە سەر باسی دەستنووسی خۆشنووسەکان و خۆشنووسی: سیاقی، کوفی، تەعلیق، ...تاد).[١٩٩]))

هەروەها لە لاپەڕە (٢٧٨) ناوی شانامە و گوڵستان و شەرەفنامەش دەهێنێ کە بە چەند جۆر ڕەنگ خەت نووسراونەتەوە.

((فتوحاتی مەکییە– دانانی شێخ محێدین عەرەبی، فسوسی محێدینی عەرەبی، لێکدانەوەی فسوس– دانانی ساری عەبدوڵڵا ئەفەندی بە خەتی خۆی، فتوحاتی مەکییە– دانانی قوتبەدین حەنەفی،

١٩٩ – سیاحەتنامە، لا: ٢٧٨– ٢٨١.



فەتحنامەی میسر بە دەستی سوڵتان سەلیم خان– دانانی کاتب وێسف خان، میلەل و نیحەل– دانانی نوح ئەفەندی، مەناقیبی شێخ ئەبو ئیسحاقی کازرونی– دانانی شەوقی ئەفەندی، سەعادەتنامە– دانانی عاشق پاشا، مەناسیکول حەج– دانانی سینان ئەفەندی، مەناقیبی ئەولیا– دانانی شێخ دەدە مەقسوودی ئەخلاتی، مێژووی خنوتی مەقدیسی، مێژووی سالح ئەفەندی، مێژووی جامیعول حیکایات، مێژووی میر خواند، لۆغەتی لامیعی، شەرتەکانی نوێژ بە شیعر– هی شێخ شەمسەدینی فەناری، تەرجەمەی پەندنامەی شێخ فەریدەدینی عەتار– لەلایەن ئەمیر چەلەبی پیاوی بایەزید خان، جەریدەتول عەجایب، مێژووی میرئاتی کائینات، مێژووی تەبەری، قانووننامەی لوتفی پاشا، مێژووی خەزاکانی سوڵتان مورادی چوارەم، مێژووی پەچەوی، نامیلکەی عەقایدی کەمال پاشا زادە– بەلێکدانەوەی قوسونی زادە، تەرجەمەی میرئاتی کائینات لە لایەن فەنایی تەرەبزوونی، تەقویمول بولدان– دانانی عاشق چەلەبی تەرەبزونی، سوحبەتول ئەبکار لە وەڵامی سەبحەتول ئەبراردا– دانانی عەتایی چەلەبی، زەیلی شەقایق– دانانی نەوعی زادە عەتایی

چەلەبی، مێژووی سوککەزی کە هەموو خەزاکانی سەلیم خانی داگیرکەری میسری تێدایە، مێژووی میسر– دانانی شەهاب چەلەبی، حوسنول موحازەرە یا مێژووی شێخی سیوتی کە لە زەمانی بابە ئادەمەوە تا سەردەمی عەمری کوڕی عاس، فتوحاتی میسر– دانانی ئیبن عەبدول حەلیم، فەزایلی میسر– دانانی ئەبی عەمری کەندی، کتێبی ئیبن دولاق، کتێبی مەلەکان، خوتەتی خوزاعی، کتێبی ئیبن ئەلئەسیر، کتێبی ئیقازول موتەفەززیل، کتێبی ئیقاول غافیل– دانانی تاجدین محەمەد کوڕی عەبدوڵلا، کتێبی ئەلمەسالیك– دانانی ئیبن فەزوڵلا، کتێبی ئیبن ئەلموختەسەر– دانانی شێخ نەسرەدینی کرمانی، مەناهیجول فیکر، مەناهیجول عیبەر، عینوانول سیەر، باسی پێغەمبەر– دانانی نوح ئەفەندی، باسی پێغەمبەر– دانانی وەیس ئەفەندی، واقیعەنامەی وەیس ئەفەندی، عەنوان سەواب– دانانی محەمەدی کوڕی عەبدولمەلیکی هەمەدانی، تاریخول سەحابە، ئەلتەجرید فی ئەلسەحابە– دانانی زەهەبی، ئەلئیسابە فی مەعریفەتل سەحابە، ریجالول کوتوب ئەلعەشری حوسێنی، تەبەقاتول حوففازی زەهەبی، تەبەقاتول شافیعییەی



ئیبنول سوبوکی، تەبەقاتول مالیکییەی ئیبنو فەرجون، تەبەقاتی شەعرانی، میزانی شەعرانی، تەبەقاتول حەنەفییەی ئیبنو دوقماق، میرئات لیزەمان– دانانی سەبتی کەوڕی جۆزی، ئەلبیدایە وەلنیهایەی ئیبنو کەسیر، کتێبی ئەلسوکەردانی ئیبنو حیجلە، ئەلسەجعول هەزیل فی ئەوسافیل نیل، مێژووی غابن، سیمارول ئەوراق– ئیبنو حوجە، قازی خان، بەزازیە، تاتار خانیە، کەششاف، سن داود، دەدە جەنگی، عەقایدی بەکەوی، محەمەدییە، جامیعول کەبیر، جامیعول سەغیر، ئەنوارول عاشقین، توحفەتول ئەبرار، کلیلە و دیمنە[٢٠٠])).

دەربارەی دەستنووسەکانی عەبدال خان، ئەولیا دەڵێ: ((جگەلەمانە حەفتا و شەش بەرگ کتێبی فارسی و عەرەبی و تورکی لە دانانی عەبدال خان خۆی، لەگەڵ سەد و پێنج پارچە نامیلکەی جۆربەجۆر کە زۆربەیانی بەزمانی فارسی نووسیبوو. دووسەد بەرگ ئەتڵەس مینۆر و جوگرافی و پاپامۆنتە و کتێبی هەیئەت و حیکمەت، بە چاپی فەڕەنگ، هەر کەس

[٢٠٠] – سیاحەتنامە، لا: ٢٨٢– ٢٨٤.

دەیان بینیّ هۆش لەسەریا نامێنیّ، چەند بەخشەی ڕەنگاوڕەنگی دنیای کۆن و نویّ، کە سەرەری تەماشاکەریان دەسوڕاند، هەر جۆرە گیا و ڕووەکێك بۆ پزیشکان پێویست بیّ. وێنەی هەموو ئەندامی لەشی ئادەمیزاد کە هیچ تەماشاکەرێك لەگەڵ ئەندامی ڕاستەقینەدا لێکیان ناکاتەوە و لە فەرەنگ چاپکراون. دووسەد دانە وێنە و نیگاری سەرسوڕهێنەر بە قەڵەمی عەجەم و فەڕەنگ کێشراون و هەر یەکەیان نموونەی جادووکارییە، یەك لەوانە نیگاری شەڕی نێوان دوو دەستە کەشتی شەڕەکەر بوو کە بە پوختەیی لە کاری جادوگەر دەچیّ و پێتوایە ئەوە زیندوون و لەبەرچاوتن. دەسکردی هونەرکارە بەناوبانگەکانی جیهانی وەکو: (شاقولی، وەلی جان، شەمسی خان، مالیك، ئەرژەنگ، ئاغا ڕەزا، محەمەد ڕەزا، بەهزاد)یان تێدا بوو کە چاوی تەماشاکەریان ئەبلەق دەکرد و پیاو لە تەماشاکردنیان تێر نەدەبوو، ئەسپێك و فیلێکی جادوویی کێشرابو کە بەڕاستی جادویان کردبوو. وێنەی بێهاوتای سەر قوماش لە دەسکردەکانی (ئاغاجان) و (تەقیەدینی بەلخی) یان لەناودا بوو، قەڵەمکاری ڕیزوان بەگی میریش کە یەکەمی زەمانە.



بەڵیّ هەزاران بەرهەمی هونەرکارە بەرزەکانی دنیا لێرەدا خرابوە هەڕاجەوە و ئەو کوردە هەمەڕەنگە و ئەو جروجانەوەرانە و ئەو خەڵکەی هینی خۆییّ و گێزەر لێك ناکاتەوە، ئەم وێنانەیان دەستاودەست دەگێڕا و لەم خێوەتەوە دەیان بردە خێوەتێکی دیکە و بیّ قەدر ئەمدیوەودیویان دەکردن تا والی لیّ دەهات بە شڕ و ژاکاوی دەدرایەوە دەستی دەڵاڵەکە))[٢٠١].

لەکاتێکدا هیچ جۆرە بواردنێك نەکراوە بۆ لەناوبردنی کتێبەکانی کتێبخانەکەی عەبدال خان، چونکە تەنانەت کتێبە پیرۆزەکانی وەك قورئان و تەفسیرەکانیش هەڕاج و هەرزانفرۆش کراون

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەڵیّ: ((ئەم تۆمارانە ئەوەندە هەرزان فرۆش کران، کە پارەکە بایی یەك نوختەیان نەبوو))[٢٠٢]. بێگومان ئەوان یەکێك لە ئامانجەکانیان لەناوبردنی ئەو پێگە ڕۆشنبیری و هونەرییەی کورد بووە، ئەگەرنا هەروەك ئەولیا باسی دەکات پارەی هەڕاجکردنی ئەو کتێبانە لە ئاستی یەك نوختەیاندا نەبووە، کەواتە ئەگەر ئەو کتێبانە

---
٢٠١ – سیاحەتنامە، لا: ٢٨٤– ٢٨٥.

٢٠٢ – سیاحەتنامە، لا: ١١٨.

هەڵگیرابان وەك سامان و پارە و ئاڵتوون و نەختینەکانی دیکەی بدلیس، یان نێردرابان بۆ ئەستەمبوڵ، بە هەموو لایەکەوە ئاکامەکەی لە دژی عوسمانییەکان دەهاتەوە:

١- هەڵگرتن و ناردنەوەی بۆ ئەستەمبوڵ، واتە پاراستن و ئەرشیڤکردنیان بۆ نەوەکانی داهاتوو، کە بێگومان ئەوان ئامادەی هیچ جۆرە مافێکی کورد نەبوون ئیدی چۆن بەرهەمی گەلێکی وەك کورد هەڵدەگرن. (ئەم هەویرە فرەتر ئاو دەکێشێ).

٢- ئەگەر ئەو کتێبانە بگەیشتنایەتە ئەستەمبوڵ، ڕەنگە لەناو توێژی هەندێك لە زانایانی ئەو کاتەی جیهانی ئیسلامی، ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی گەورەی بدایەتەوە و لە ئاکامدا هەندێك لە زانایان کەمێك لە ڕاستییەکانیان بۆ دەرکەوتایە.

٣- گریمانەیەکی دیکەش هەیە، ڕەنگە دەسەڵاتدارانی ئەستەمبوڵیش بەتەواوی ئاگاداری ڕەوشی کوردستان بە گشتی و بدلیس بەتایبەتی نەبوو بن، ئەو کات ناردنەوەی ئەو ئەرشیڤە، ڕەنگە کێشەی بۆ کەسایەتی (ئەحمەد پاشا) بنایەتەوە، کە کەسێکی وەك عەبدال خان ئەوەندە نووسەر و زانا و دانا



بووبێت، چۆن شەرت پێ فرۆشتووە، یان چۆن ئەحمەد پاشا ئەو کاتە ئەیتوانی پاساو بۆ بوختانەکانی بە عەبدال خان بهێنێتەوە؟!

بەهەرحاڵ، لەسەرو هەموو ئەمانەوە، ئەوەی کە لە گشت ئەو نەهامەتییە گەورەیەی مێژووی کورد و کەسایەتی عەبدال خان بایەخدار ترە، ئەوەیە کە کۆمەڵێك کتێب لە دانان و نووسینی عەبدال خان خۆی بوون، بەڵام ئەولیا چەلەبی ناوی هیچ یەکێك لەو دەسنووسانەی نەنووسیوە، کە دەبوایە بە پێچەوانەوە ئەم کارە بکات، واتە وەك ناوی ئەو هەموو کتێبەی تۆمار کردووە، دەبوایە ناوی هەندێك لە دەسنووسەکانی عەبدال خان بنووسێ، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو کارانەی دەبوایە ئەولیا چەلەبی بیکات و نەیکردووە؟! چونکە ناوی ئەو کتێبانەی هێناونی، کتێبی نووسراوە بوون و ڕەنگە ئەو کات هەندێکیان یان زۆربەیان لە کتێبخانەی هەندێ لە مزگەوت و قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستاندا هەبووبن، بەڵام بێگومان ئەو دەسنووسانە تەنیا لای عەبدال خان بوون، کە ئەگەر لەم کارەساتە ڕزگاریان ببوایە، ئەوا بەشێوەیەك لە شێوەکان، دەگەیشتنە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ و

سەرەداوی زانست و کەسایەتی عەبدال خان بەم شێوەیە ون نەدەبوو.

، هەروەها ئەولیا باسی کۆمەڵێك بەرهەمی هونەری دەکات، وەك وێنە و ئەتڵەس و نەخشە و ...تاد، کە نادیارن ئەو تابلۆ هونەرییانە هی کێن و کێ کێشاونی؟! کە بەبڕوای من زۆرێك لەو بەرهەمانە نەخشی دەستی عەبدال خان بوون، هەروەك مامۆستا عەبدولڕەقیب لەم بارەیەوە دەڵێ: ((ئێمە ئەگەر بەرهەمی هونەریی عەبدال خانی کوڕی زیائەدینی کوڕی شەرەفخانی مێژوونووسمان دەست بکەوتایە، ئەوا گەنجینەیەکی دیکەی هونەریی وێنەکێشیی کوردیمان زیندوو دەکردەوە. عەبدال خانی میری کورد بە وێنەکێشێکی کورد دەژمێردرێت، چونکە دەسەڵاتێکی باڵای لەو هونەرەدا هەبووە[٢٠٣])).

لەڕاستیدا هونەری وێنەکێشان لەناوچەی بدلیس و نێو بنەماڵەی خاندا، بابەتێکی بایەخدارە و جێگەی لێکۆڵینەوەیە، چونکە عەبدال خان نەوەی شەرەفخان

[٢٠٣] – سەرچاوەی پێشوو، لا: ١٤.



بووە، کە شەرەفخانیش بەهرەمەندێکی دیکەی وێنەکێشان بووە[٢٠٤].

هەر دەربارەی عەبدال خان و کتێبخانەکەی، د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر دەڵێ: ((ئەم میرە کتێبخانەیەکی زۆر گەورە و نایابی هەبووە و بەشی زۆری کتێبەکانی دەستنووسی خۆی بوون. هەر لەبەر ئەمەیە کە (تاڤێرنێ)ی ئاشقە کتێب، وا پێ دەچێ چەند کتێبێکی لە کوردستانەوە بە دانسقە و وەك شتی ئەنتیکە و کەم یاب بۆ ئەورووپا بردبێ))[٢٠٥].

دەربارەی ئاکامی کتێبخانەکەی عەبدال خانی بدلیس، بەپێی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەکان، تەنیا چارەنووسی سێ کتێبی دیارە کە (منافع الحیوان)ی (عەبدوڵڵای بەنی جوبرائیل بەنی بەختیشوع)ی پزیشکی دەوڵەتی دۆستەکی و (الجامع بین العلم و العمل فی صناعه الحیل)ی (ئیسماعیل ئیبن ڕەزازی ئەلجەزیری) و دەستنووسێکی (شەرەفنامە) بووە.

[٢٠٤] – بڕوانە تابلۆکانی شەرەفنامە، عەبدولڕەقیب یوسف، چاپی سێیەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، چ (شڤان).

[٢٠٥] – مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، وەگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە: شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨، چ (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، لا: ١٦.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کتێبی یەکەمیان لە کتێبخانەی (مۆرغان)ە لە نیویۆرك لە ژێر ژمارە (M500). کتێبی دووەم لەلایەن (هل دۆناڵد)ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و دەیان توێژینەوەی زانستی لەسەر کراوە، نزیکەی (١٦) دانە دەسنووسی ئەم کتێبە لە جیهاندا هەیە، کە هەندێکیان (٤٠٠) وێنەی دەسکردی تێدایە، یەکێکیان لە کتێبخانەی (تۆپ قاپو)ە لە ئەستەمبول لە ژێر ژمارەی (٣٤٧٢). دەربارەی کتێبی سێیەم، دەسنووسێکی وێنەداری شەرەفنامەیە کە (٢٠) تابلۆی ڕەنگینی نایاب و کەموێنەی تێدایە، کە لە کتێبخانەی (بودلیان)ە لە زانکۆی (ئۆکسفۆرد)ی بەریتانی و دانەیەکی وێنەگیراویشی لای مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف هەیە[٢٠٦]. لەکاتێکدا ئەم (سێ) کتێبەی ساغ بۆتەوە و مۆری کتێبخانەکەی عەبدال خانی پێوەیە، هیچیان لە ناونووسی ئەولیادا ناویان نەهاتووە؟!

[٢٠٦] – بڕوانە: ڕووپاك غەفوور سەعید، مێژووی کتێبخانەکانی کوردستان، بە بەڵگەی دەسنووسەوە، گۆڤاری دژنبشت، ژمارە (٤)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا: ١٧٧– ٢١٦. هەروەها کتێبی: تابلۆکانی شەرەفنامە، سەرچاوەی پێشوو.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە

بێگومان هیچ کاتێك مرۆڤ ناتوانێت وەك پێویست و بەتەواوی ئەو کارە ئەنجام بدات کە لەگەڵ خواستی خۆیدا هاوسەنگ دەبێتەوە، هەرچەند زۆرێکمان لە کاری خۆمان ئاسوودەین، کە ئەوە ناگەیەنێ توانیبێتمان مافی تەواوی ئەو ئەرکەمان بەخشیبێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت گرنگ هەوڵدان و کارکردنە.

**لە کۆتاییدا، دەتوانین بە چەند خاڵێك ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بخینەڕوو:**

١– گەلی کورد تاکو ئێستاش نەیتوانیوە وەك پێویست ببێتە خاوەنی ئەرشیڤ و دۆکۆمێنتی مێژوویی و فەرهەنگیی خۆی، لە پێناو جێبەجێکردنی زۆربەی بوارە ئەدەبی و هونەریی و کەلەپوورییەکان. هەروەك دەبینین کەسایەتییەکی وەك عەبدال خان، تاکو ئێستا لە هیچ یەکێك لەو بوارانەی تێیدا بلیمەت و بەتوانا بووە، باس نەکراوە، هەروەها سەرچاوەش بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم کەسایەتییە کەم و

دەگمەنە، ئەگەر کتێبێکی وەك (سیاحەتنامە) نەبوایە ڕەنگە بەتەواوی ناوی لە مێژوودا کوێر ببوایەتەوە.

٢- کتێبی (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی)، ناوەرۆکێکی سەرنجڕاکێش و کۆمەڵێك بابەتی پڕ بایەخی هەمەجۆرەی تێدایە، کە پێویستە زۆرینەی تاکی کوردیی بیخوێنێتەوە، بەتایبەت چین و توێژی ڕۆشنبیران. لەهەمان کاتدا سەرچاوەیەکی پڕ بایەخە بۆ خوێندەوە و تاووتوێکردنی مێژووی کورد لەسەدەی حەڤدەدا.

٣- ئەولیا چەلەبی لە گەشتەکەیدا، بێلایەن و تەنیا گەشتیار نەبووە، بەڵکو ئەمیش فەرمانبەرێکی عوسمانییەکان بووە، ئەم سەفەرەشی بەمەبەستی گەڕان نەکردووە و بەکاری فەرمی عوسمانییەکان، لە تەك ئەحمەد پاشای هاوڕێی دا بووە، ئەمە لەکاتێکدا ئەولیا خۆی وا ناڵێ.

٤- میر عەبدال خان، یان خانی بدلیس، کەسایەتییەکی هێندە بەهرەمەند و زیرەك و بلیمەت بووە، کە دوژمن لە ئاستیدا لاڵ بووە و نەیوانیوە لە بەرامبەر ئەو دەریای زانیاری و هونەر و فەلسەفەیەدا، بێدەنگ بێ.



٥- دوژمنانی کورد، بەهەموو شێوە و شێوازێك، هەوڵیانداوە قەوارە سیاسییە کوردییەکان لەناوبەرن و لەسەر تۆماری مێژوو بیان سڕنەوە، کە یەکێك لەوانە دەسەڵاتی بدلیس بووە.

٦- کورد ئەگەر لەنەتەوەکانی دیکە فرەتر خاوەنی شارستانیی و پێشکەوتن و کایە ڕۆشنبیرییەکان نەبووبێت، هەرگیز لەوان کەمتر نەبوە.

٧- هەندێك لە میرە کوردەکان ڕەخنەی قورسیان لێ دەگیرێ دەربارەی شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بارودۆخە سیاسییەکاندا، بەڵام ڕەنگە عەبدال خان شتێکی نەهێشتبێتەوە کە ئێمە بمانەوێ ڕەخنەی لێبگرین و بڵێین دەبوایە ئاوا یان ئاوهای بکردایە. هەروەك دەبینین زۆر بە ژیرانە و بە وریایی چاودێری بارودۆخەکەی کردووە، زۆر شێواز و ڕێوشوێنی گرتۆتەبەر لە پێناو ڕوونەدانی ئەم جەنگەدا.

٨- لەو سەردەمەداو لەگەڵ ئەوەی پێکهاتەی شاری بدلیس لە موسڵمان و ئەرمەنی و مەسحیی و ئێزدی پێك هاتووە، بەڵام هیچ کێشەیەکیان نەبووە و زۆر بە ڕێکوپێکی پێکەوە ژیاون.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێشنیار و ڕاسپاردە

١. گەڕان بۆ دۆزینەوەی بەرهەمەکانی عەبدال خان لە نێو ئەرشیڤی دەوڵەتانی وەك: تورکیا، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و ڕووسیا.

٢. هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی فۆلکلۆری تایبەت بە کارەسات و کەسایەتی عەبدال خان.

٣. هەوڵدان و گەڕان بەشوێن ئەو بەرهەمانەی کە مۆری عەبدال خانیان پێوە بووە، کە ڕەنگە لە مۆزەخانەی شارەکانی وەك: بدلیس، یان هەر شارێکی باکووری کوردستان، هەروەها مۆزەخانەی میللی تورکیادا وەگیر بکەون.

٤. هەوڵ بدرێ جارێکی دیکە کتێبی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی وەربگێڕدرێتەوە بۆ سەر زمانی کوردی، کە بێگومان ئەوکات پێویستە چاپێکی باوەڕپێکراوتر بدۆزرێتەوە، یان هیچ نەبێ وەرگێڕانەکەی مامۆستا سەعید ناکام چاپ بکرێتەوە و



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ڕیکلامی پێویستی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی فرە لە خوێنەران پێی ئاشنا بن.

٥. پێویستە دەزگایەکی ڕۆشنبیری لەکوردستاندا بانگەشە بکات بۆ دارشتنەوەی کتێبی سیاحەتنامە لەچوارچێوەی چیرۆك یان ڕۆمانێکی سیناریۆ بۆ نووسراو و هەوڵ بدرێ بکرێت بە فیلمێکی سینەمایی، یان ئەو ڕۆمانەی (حەیدەر عیشق) نووسیویەتی بخوێندرێتەوە و ئەگەر بکرێ بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێ.

# سەرچاوەکان


١. ئـەولیا چـەلەبی، کـورد لـە مێـژووی دراوسـێکانیدا (سـیاحەتنامەکەی ئـەولیا چـەلەبی)، و: سـەعید ناکـام، لـە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چ (کۆڕ)، بەغدا، ١٩٧٩.

٢. جاسمێ جەلیل، عەمەرێ جەلالی (داستان)، گۆڕینی: د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، ١٩٨٢، چ (الأدیب)، بەغدا.

٣. د. شەمسی محەمـەد ئیسکەندەر، مێـژووی کـورد لـە سەدەی شازدەهەمدا، وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییـەوە: شـوکور مـستەفا، چـاپی یەکـەم، هـەولێر، ١٩٩٨، چ (وەزارەتـی ڕۆشنبیری).

٤. بـوار نـورەدین، کێـشەکانی کتێـب لـە کوردسـتاندا، گۆڤـاری هـەنار، ژمـارە (١٢)، سـلێمانی، خانـەی چـاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٧.

٥. بنکـەی گەلاوێـژ، گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژمـارە (١٠)، سلێمانی، ساڵی (١٩٩٨)، چ (؟).

٦. د. فـەرهاد پیربـاڵ، کـورد لـە دیـدی ڕۆژهەلاتناسەکانەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، چ (وەزارەتی پەروەردە)، ٢٠٠٦.





٧. کرۆنۆلۆژیـای کوردسـتان– ٦٢٥ پ.م – ١٩٣٢ د. فەرهاد پیرباڵ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی بەدرخان، ٢٠٠٧، هەولێر، چ (هاوسەر).

٨. مستەفا نەریمان، ببلیۆگرافیای دووسەد ساڵەی کتێبی کـوردی ١٧٨٧– ١٩٨٦، دەزگـای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٨، چ (الزمان).

٩. بـوار نـورەدین، بیبلیۆگرافیـای کتێبـی فۆلکلـۆریی کـوردیی، ١٨٦٠– ٢٠٠٤، پـرۆژەی کتێبخانـەی ئینـستیتیوتی کەلەپوری کورد، پێشەکیی و پێداچوونەوە: پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠٠٤، سلێمانی، چ (شڤان).

١٠. ئۆردیخانی جەلیل، سترانێ زارگۆتنا کوردایە تاریقییێ، شـوکور موسـتەفا و ئـەنوەر قـادر محەمـەد هێناویانەتـە سـەر ڕێنووسـی کـوردیی ئـەمڕۆ و فەرهـەنگیان بـۆ کـردووە، لـە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چ (کۆڕ)، بەغدا، ١٩٧٨.

١١. کـامیران دربـاس هـروری و شـڤان شـوکری هـروری، سترانێن گەلێری، سـترانێن ل سـەر شـەڕێن کـورد و داگیرکـەران هاتینـە گـۆتن، لـە بڵاوکراوەکـانی دەزگـای سـپیرێز، ٢٠٠٥، چ (وەزارەتی پەروەردە)، هەولێر.

١٢. فەزلەدین نێروەیـی، شـەهیان، سـەرهاتێت شـەهیان و گۆڤەند و هۆزانێن فولکلوری ل دەڤەرا هـەکاری، پـشکا ئێکـی و دوویێ، چاپی یەکەم لە چ (زاخۆ)، زاخۆ، ٢٠٠٢.

١٣. محەمەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٨٢، چ (دار الحریە).

١٤. سایتی (türk tarihi) وەرگیراوە.

١٥. سایتی (www.ykykultur.com.tr).

١٦. سایتی (www.haydar-isik.com).

١٧. سایتی (wikipedia.org).

١٨. Haydar Işik, Bitlis Beyi Abdal Han'a Gönderilen Kanli Ekmek, Pêrî, 2006, Kayhan Matbaasi

١٩. (هەمبانە بۆرینە).

٢٠. فەرهەنگی تورکی.

٢١. فاروق کیخسروی، سیاحتنامە اولیا چلبی، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیە، چاپ و صحافی (سپهر)، تهران، چاپ اول، ١٣٦٤.

٢٢. د. سەعد بەشیر ئەسکەندەر، سەرهەڵدان و رووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (دانان).

٢٣. شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، و: مامۆستا هەژار، ١٩٨١، کۆڕی زانیاری کورد.

٢٤. عەبدولڕەقیب یوسف، تابلۆکانی شەرەفنامە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٨، سلێمانی، چ (وەزارەت).



٢٥. د. محمد علي الصوريكي، معجم اعلام الكرد، في التأريخ الأسلامي و العصر الحديث في كردستان و خارجها، بنكەی ژين، السليمانية، ٢٠٠٥، م (حمدي).

٢٦. محمد أمين زكي، مشاهير الكرد و كردستان، الجزء الثاني، اعداد: رفيق صالح، بنكەی ژين، السليمانية، ٢٠٠٥.

٢٧. عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، الجزء الثاني، القسم الحضاري، الطبعة الثانية، ئاراس، ٢٠٠١، م (وزارة التربية)، اربيل.

٢٨. د. بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، مێژینە و ئێستای کورد، و: محەمەد حەمە باقی، چاپی دووەم، ١٩٩٠، چ (ڕەزائی)، تەورێز.

٢٩. بوار نورەدین، ڕەدووکەوتن لە کەلتووری کوردیدا، ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧، چ (ئاراس).

٣٠. ڕووپاک غەفوور سەعید، مێژووی کتێبخانەکانی کوردستان، بە بەڵگەی دەسنووسەوە، گۆڤاری دژنبشت، ژمارە (٤)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣١. عوسمانییەکان، لە عوسمانی کوڕی ئورتغلەوە تا سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم، و: سەلام عەبدولکەریم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، چ (گەنج)، ٢٠٠٧.

٣٢. د. عەبدوڵڵا عەلیاوایی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا، لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری سیاسیدا،

مەکتەبی بیروهۆشیاری

چـاپی دووەم، خانــەی چـاپ و بڵاوکردنــەوەی ئـاوێر، نـاوی چاپخانە و ساڵ و شوێن، نادیارە.

٣٣. القبائـل الكورديــە، ويليــام ايغلتــون، ترجمــة: احمـد محمود خليل، من منـشوران (موكريـان)، اربيـل، ٢٠٠٦، م (وزارة التربية).

٣٤. نامەکەیەکی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سوپاس و پێزانین

**زۆر سوپاسی هەموو ئەو هاورێ و برادەرانـە دەکـەم کە بۆ ئامادەکردنی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە هاوکارییـان کردم:**

★ مامۆســتا ســدیق ســاڵح، ئــەرکی پێداچــوونەوەی دەستنووسەکەی گرتە ئەستۆ.

★ مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسـف، بەهەنـدێك زانیـاری و وێنە هاوکاری کردم.

★ هونەرمەنــد کــاروان ســالار، ئــەرکی کێــشانەوەی نەخشەکە و وێنەی عەبدال خانی گرتە ئەستۆ.

★ مــەزلۆم مــستەفا دۆغــان، بــۆ وەرگێڕانــی هەنــدێك بابەت و زانیـاری لـە تـورکی و کرمـانجی لاتـین، هاوکـاری کردم.

★ هـەروەها هـەموو ئـەو بەڕێزانـەی کـە بـە سـەرنج و تێبینییەکانیان، هاوکارییان کردم.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا :

- لە ساڵی (١٩٦٢) لە شاری قەڵادزێ لە دایکبووە.
- ساڵی (١٩٩٩) کتێبی (هاواری دڵ)ی بڵاوکردۆتەوە و دواتریش سێ جاری تر چاپکراوەتەوە.
- ساڵی (٢٠٠٤) کتێبی (دەنگی مێینە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا)ی بڵاوکردۆتەوە، کە بە بۆنەی رۆژی جیهانی کتێب خەڵاتی باشترین کتێبی وەزارەتی رۆشنبیری ئەو ساڵەی لە بواری هونەریدا وەرگرت.
- هەر لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٤)دا کتێبی (بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆری کوردی ١٨٦٠- ٢٠٠٤، ئامادەکرد و بڵاوکرایەوە.
- لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٥)دا توێژینەوەیەکی لەسەر (ڕەدووکەوتن) کردووە و دیسان لە (٢٠٠٦)دا چاپکراوەتەوە.
- لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٦) دا لەیادی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی یەکەم مەلیکی کوردستان ، شێخ مەحموودی حەفید مەدالیای ئاڵتونی وەرگرت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

- لەساڵی (٢٠٠٧)دا (هاواری دڵ)ی بۆ جاری پێنجەم بە شێوەیەکی فراوانتر، چاپ کردۆتەوە.
- جاروبار لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا رەخنە و لێکۆڵینەوە بڵاودەکاتەوە.

**ئیمێڵ**: bwar_n@yahoo.co

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# نەخشە و وێنەکان



مەکتەبی بیروهۆشیاری




**وێنەی عەبدال خان بە پێی وەصفی ئەولیا چەلەبی[1]**

1– بۆ دروست کردنی ئەم وێنەیە سود لە هەندێك وێنەی ترو وەصفی ئەولیا چەلەبی وەر گیراوە.




مەکتەبی بیروهۆشیاری




**نەخشەی شاری بەدلیس و دەوروبەری[2]**

2– سود لەنەخشەیەکی کتێبی (مدينة خەلات، دراسة في تاريخ السياسي والحضاري، ١١٠٠ ـ ١٢٤٣م ، حكيم عبدالرحمن زبير البابيري، ٢٠٠٥) وەرگیراوە.




وێنەی سەعاتێك لە دروستكردنی بەدیع الزەمان (ئیبن ڕەزازی جزیری)





سەعاتێكی دیكەی دەستكردی بەدیع الزەمان (ئیبن ڕەزازی جزیری) كە بەئاو كار دەكات




**پێکهاتەی ئامێرەکانی ناوەوەی سەعاتێکی بەدیع الزەمان (ئیبن ڕەزازی جزیری)**





**مەسینەیەکی دەستکردی بەدیع الزەمان (ئیبن ڕەزازی جزیری) کە بە پەستانی هەوا ئاو دەکات بەدەستی مرۆڤدا**



**ماتۆڕێکی ئیبن ڕەزازی جزیری بۆ دەرهێنانی ئاو لە شوێنی قوڵ**






**کتێبی ئیبن ڕەزازی جزیری (الجامع بین العلم والعمل لمنافع في صناعة الحیل)**

مەکتەبی بیروهۆشیاری




**اسم شمس الدين بن ضياء الدين الروشكي على مخطوط كتاب لمنافع الحيوان**



مەکتەبی بیروهۆشیاری




**لاپەڕەیەك لە کتێبی ( منافع الحيوان )**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ١. | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني لكوردستاني (الطبعة الأولى) | مام جلال | شباط-٢٠٠١ |
| ٢. | وتەی هەڤاڵ مام جەلال لە كۆبوونەوەی كادیراندا | | ٢٠٠٢ |
| ٣. | هەڵۆی سوور | فازیل كەریم ئەحمەد | ٢٠٠٢ |
| ٤. | لمحات من تأريخ إذاعة صوت شعب كوردستان | ئامانج كاكە سور | ٢٠٠٢ |
| ٥. | ئیسلامی سیاسی | فەرید ئەسەسەرد، عەباس خۆشناو وهی تر | ٢٠٠٢ |
| ٦. | ئایینو تایفە ئایینییەكان لەكوردستان | ن: میهرداد ئیزەدی<br>و: كامەران فەهمی | ٢٠٠٢ |
| ٧. | سروشتی یاسایی بڕیاری ٦٨٨و چۆنێتیی كاراكردنی | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٢ |
| ٨. | سەید قوتب و تیۆریی<br>تەكفیر كردنی كۆمەڵ و دەوڵەت | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ٩. | سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لەچەمكی هاوڵاتیبوون | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| ١٠. | چەمكی بیرۆكەی دەوڵەت لەجوگرافیای سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ١١. | ناسیونالیزم وكەمینەكان لەسیاسەتی نێودەوڵەتاندا | جەودەت ئیسماعیل لوتفی،<br>سیروان عارف | ٢٠٠٢ |
| ١٢. | بەراورد لەنێوان رژێمە فیدرالەكاندا | سەیوان كاكە ڕەش | ٢٠٠٢ |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ١٣. | لەپێناوی دیموكراتیزەكردنی حوكم لەعیراقدا | مەحمود رەزا | ٢٠٠٢ |
| ١٤. | فیدرالیزم وئۆتۆنۆمی | دیلمان محەمەد | ٢٠٠٢ |
| ١٥. | شۆڕشی ئۆكتۆبەرو چارەنووسی چەند گەلێكی خۆرهەڵات | محمود ڕەزا ئەمین | ٢٠٠٢ |
| ١٦. | پشتیوانانی ئیسلام لەكوردستاندا | نیاز سەعید | ٢٠٠٢ |
| ١٧. | ئیسلامی سیاسیی لەزەبروزەنگەوە بۆ بەخۆدا چوونەوە | ن: سەعد مەولا<br>و: جەمال غەمبار | ٢٠٠٢ |
| ١٨. | ئێزدیەكان لەمێژووی نەتەوەكەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠٠٢ |
| ١٩. | پوكانەوەی دەوڵەتی كەمایەتی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ٢٠. | پۆلێنكردنی تاوانەكانی ئەنفال بەپێی جۆرەكانی جینۆساید | د. مارف عومەرگوڵ | ٢٠٠٢ |
| ٢١. | رێكخستن یەكێكە لەبنەما سەرەكیەكانی چالاكی حزب | محەمەد مەنگوڕی | ٢٠٠٢ |
| ٢٢. | كركوك مدينة الضاحكة بالنار والنور | عوني الداودي | ٢٠٠٢ |
| ٢٣. | الأيزيدية تأريخها وطقوسها | د. خليل جندي<br>هوشنگ بروكا | ٢٠٠٢ |
| ٢٤. | كوردوتوركمان، تێڕوانینێك بۆ میكانزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| ٢٥. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٦. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٧. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٣ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٨. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٤ و ٥ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٩. | جیهانی روناكبیری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| ٣٠. | جیهانی روناكبیری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٣ |
| ٣١. | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني لكوردستاني (الطبعة الثانية) | مام جەلال | ٢٠٠٣ |
| ٣٢. | المناهج والنظام الداخلي للأتحاد الوطني الكردساني | | ٢٠٠٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣ | پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | | ٣٠٠٣ |
| ٣٤ | تیۆری فیدرالیزم | ن: فرانتس نیومان<br>و: کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٣ |
| ٣٥ | نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی | ن: مۆنتسرات گیبرنا<br>و: کەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٦ | چەمک وپرنسیپەکانی دیموکراسی | بەکر صدیق | ٢٠٠٣ |
| ٣٧ | نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا | ن: دانیال یەرگین<br>و: کەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٨ | سۆسیالیستەکانی پێش مارکس | ن: د.مستەفا رەحیمی<br>و: کەمال رەشید شەریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٩ | خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا | ئەنوەر حسێن | ٢٠٠٣ |
| ٤٠ | تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی | تۆفیق عومەرمحەمەد و هی تر | ٢٠٠٣ |
| ٤١ | ئابوری کوردستان | ن: مهیرداد ئیزدەی<br>و: کامەران فەهمی | ٢٠٠٣ |
| ٤٢ | عیراق ومەسەلەی کورد | کۆمەڵێ نوسەر | ٢٠٠٣ |
| ٤٣ | ئاین و مەسەلەکانی دیموکراسی و ئینتەرناسیونالیزم | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| ٤٤ | ئاناریشزم و دەوڵەت | زاهیر شکور | ٢٠٠٣ |
| ٤٥ | ئوسولیەت: چەمك، میتۆد، سەرچاوەو ئاسۆ | عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |
| ٤٦ | شیعەکانی عیراق | ن: د. عەبدوڵلا فەهد نفیسی<br>و: عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٧ | دەوڵەتی یاسا | سەعید تایەر حەمە ئەمین | ٢٠٠٣ |
| ٤٨ | شێوەی ئاسیایی بەرهەمهێنان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| ٤٩ | کورتەی مێژووی فەلسەفە | مەحمود مەلا عیززەت | ٢٠٠٣ |
| ٥٠ | ناسیونالیزمی کوردی(١٨٨٠-١٩٣٩) | هیوا عزیز سەعید | ٢٠٠٣ |
| ٥١ | نرکەی قەرەداغ | ئەکرەم حەمە ئەحمەد | ٢٠٠٣ |
| ٥٢ | شەڕی ئابوری و ململانێی جیهانی ل سەر دەریا قەزوین | هاشم زێباری | ٢٠٠٣ |
| ٥٣ | سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك | ن: د. نوری تاڵەبانی<br>و: مەریوان حوسێن چیمەنی | ٢٠٠٣ |
| ٥٤ | انتهاكات حقوق الأنسان والجرائم | د. منذر الفضل | ٢٠٠٣ |
| ٥٥ | مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق | الدكتور خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٣ |
| ٥٦ | المسلمون يحتاجون لأجابات أفضل | توماس فريدمان | ٢٠٠٣ |
| ٥٧ | الكرد الفيليون وحزب البعث | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٣ |
| ٥٨ | فیدرالیزم و سیستەمەکانی یەکێتیی فیدرالی | ن: عەلی ئەلشممەری<br>و: حەسەن یاسێن | ٢٠٠٤ |
| ٥٩ | ئەرکەکانی رێکخستن لەقۆناغی نوێی خەباتدا | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٦٠ | لێکۆڵینەوە لەئیسلامی سیاسی | نیاز سەعید علی | ٢٠٠٤ |
| ٦١ | تیرۆریستان لەئاوا بوونن | شەهید خەسرەو عوسمان<br>ئا: ئازاد هەینی | ٢٠٠٤ |
| ٦٢ | بیری ناسیونالیزمی تورکمان | یوسف گۆران | ٢٠٠٤ |
| ٦٣ | جەنگی ئاو | ن: جون بولوك و عادل دەروێش<br>و: شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٦٤ | کورد لەجەنگی روسیا لەگەڵ ئێران وتورکیادا | ن: پ. ی. ئەڤێر یانۆڤ | ٢٠٠٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و: د. ئەفراسیاو هەورامی | |
| .٦٥ | پرنسیپی دەستێوەرنەدان لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| .٦٦ | شۆڕشی شێخ عوبەیدولای نەهری لەبەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا | نەجات عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| .٦٧ | ئاو لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا | ئەندەش یاگ سکوک | ٢٠٠٤ |
| .٦٨ | تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت | د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |
| .٦٩ | تەعریبو راگواستن لەبەڵگەنامەکانی بەعس دا | لەتیف فاتیح فەرەج | ٢٠٠٤ |
| .٧٠ | کۆماری کوردستان- مەهاباد ١٩٤٦ لەرووی یاسای گشتی نێودەوڵەتییەوە | نەوزاد مەجید خدر سەرموردی | ٢٠٠٤ |
| .٧١ | شەهیدانی ١ی شوبات | | ٢٠٠٤ |
| .٧٢ | رێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان | شەماڵ عبدالله | ٢٠٠٤ |
| .٧٣ | کاریگەری ئاو | کاروان ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| .٧٤ | کورتە باسێکی پیرۆیسترۆیکاو چەند بابەتێکی تر | د. ئەرسەلان بایز | ٢٠٠٤ |
| .٧٥ | ئەوروپا لەهەردوو سەردەمی بوژاندنەوەو رۆشنگەریدا | کەیوان ئازاد | ٢٠٠٤ |
| .٧٦ | الأسلام السياسي والأرهاب الدولي | د. منذر الفضل | ٢٠٠٤ |
| .٧٧ | المجتمع المدني ومستقبل الأثنيات في العراق | الدكتور خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٤ |
| .٧٨ | مندلي في التأريخ | محمد جميل بندي الروژبياني | ٢٠٠٤ |
| .٧٩ | تحديد حدود إقليم كوردستان العراق | جزا توفيق طالب | ٢٠٠٤ |
| .٨٠ | حق تقرير مصير | سعد بشير | ٢٠٠٤ |
| .٨١ | التهجير والتعريب من وجهة النظر القانونية | د. احمد موسوي | ٢٠٠٤ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| .٨٢ | کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی | ن: گیلان و/ نەجاتی عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| .٨٣ | کاریگەری بەجیهانی بوون لەسەر سەرداریەتی دەوڵەتاندا | ئاوات شێخ جەناب بەکر صدیق | ٢٠٠٤ |
| .٨٤ | پاراستنی مافی کەمینەکان | خليل عبدالله | ٢٠٠٤ |
| .٨٥ | خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی | د. البرت عيسا | ٢٠٠٤ |
| .٨٦ | حاجی قادری کۆیی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| .٨٧ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ١ | | ٢٠٠٤ |
| .٨٨ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٢ | | ٢٠٠٤ |
| .٨٩ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٣ | | ٢٠٠٥ |
| .٩٠ | سیستمی سیاسی چین | خليل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| .٩١ | پێگەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان | خليل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| .٩٢ | چەمکی ئازادی سیاسی | ن: فرانتس نیومان و: کاوسین بابکر | ٢٠٠٥ |
| .٩٣ | سیستمەکانی هەڵبژاردن و پرنسیپەکانی دەنگدان | ڤیان مەجید | ٢٠٠٥ |
| .٩٤ | سیستمی فەرمانڕەوایی لەئیسرائیل | روستم محمود کۆکۆیی | ٢٠٠٥ |
| .٩٥ | پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە | مەجید صالح | ٢٠٠٥ |
| .٩٦ | ئەمریکاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | عەباسی ئەحمەدی | ٢٠٠٥ |
| .٩٧ | مێژووی بیری کوردی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٥ |
| .٩٨ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٤ | | ٢٠٠٥ |
| .٩٩ | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٥ |
| ١٠٠ | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ـ سەرهەڵدان و نوێبوونەوە | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٥ |
| ١٠١ | عیراقی نوێ | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٥ |
| ١٠٢ | کوردو عروبە | بابەکر درەیی | ٢٠٠٥ |
| ١٠٣ | ئایین و دەسەلات | هاشم کەریمی | ٢٠٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠٤ | سیستمی فیدراڵی ئەڵمان | ئـا: محەمـەد مێرگـە سۆری | ٢٠٠٥ |
| ١٠٥ | دەربارەی دیموکراسی | ن/ ڕۆبەرت کابلان<br>و/ عبـــدالرزاق خەیلانی | ٢٠٠٥ |
| ١٠٦ | عیراق: دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشاندنەوە | ڕەفیق سابیر | ٢٠٠٥ |
| ١٠٧ | کۆمەڵو سیستەمی دیموکراسی | حەمە دۆستان | ٢٠٠٥ |
| ١٠٨ | زمانە فەرمیەکان لەدەستوری عیراقدا | تارق جامباز | ٢٠٠٥ |
| ١٠٩ | پێکدادانی شارستانیەکان | ن: ســـامۆیل پ. هانتینگتۆن<br>و: مامەند ڕۆژە | ٢٠٠٥ |
| ١١٠ | دیموکراسی دیدێکی فەلسەفی | ن: د. امـــــــام عبدالفتاح امام<br>و: حەسەن یاسین | ٢٠٠٥ |
| ١١١ | لە پەراوێزی چاکسازیدا | هەڵکەوت عەبدوڵڵا | ٢٠٠٥ |
| ١١٢ | لودڤیگ فۆیەرباخو کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی | ن: فردریك ئەنگلس<br>و: سالار ڕەشید | ٢٠٠٥ |
| ١١٣ | فیدرالیزم و ئەزمونە جیاوازەکانی | ئـا: و: ئیـسماعیل حەمە ئەمین | ٢٠٠٥ |
| ١١٤ | لیبرالیزم، چەمك و مێژوو | ن: جـان ســالوین شاپیرۆ<br>و/ عوسمـان حەسـەن شاکر | ٢٠٠٥ |
| ١١٥ | عیراق لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | خلیل عبداللە | ٢٠٠٥ |
| ١١٦ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (٥ ــ ٦) | | ٢٠٠٥ |
| ١١٧ | البحث عن الأسلام السياسي | نیاز سعید | ٢٠٠٥ |
| ١١٨ | الواقـع الأقتـصادي ـ الأجتمـاعي لمحافظـة السليمانية | د. كمال الخياط | ٢٠٠٥ |
| ١١٩ | الصقر الأحمر | فاضل کریم احمد | ٢٠٠٥ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢٠ | الزعيم الوطني الكردسـتاني جـلال الطالبـاني قائد وفكر وعصر (الطبعة الأولى) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |
| ١٢١ | مقالات الشهيد غاندى(مجيد كريم احمد) | الـشهيد مجيـد كـريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٢ | خانقين خلال ربع قرن | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٣ | عن الدولة الحديثة والأمة والنزعـة القوميـة في العراق العربي وكوردستان | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٥ |
| ١٢٤ | رؤية كوردستانية لشؤون ومواقف عراقية | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| ١٢٥ | التـسامح الـديني العراقـي لمجابهـة الأرهـاب والعنف | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| ١٢٦ | الآخر ـ الأمة ـ الأقليات الأخرى | سامي داوود | ٢٠٠٥ |
| ١٢٧ | الفيدرالية ـ دراسة في إطار مفاهيمي والنظري | د. إحسان عبدالهادي سلمان | ٢٠٠٥ |
| ١٢٨ | الدسـتور العراقـي المرتقـب ـ حقـائق وآراء ومقترحات | المحـامي: كريكـار عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ١٢٩ | نقد ذهنية التغيب والتزييف ـ الأعـلام العربي المعاصر نموذجا | د. عبدالباسط سيدا | ٢٠٠٥ |
| ١٣٠ | التركمان في العراق (الطبعة الأولى) | د. عمـــر ابـــراهيم توفيق | ٢٠٠٥ |
| ١٣١ | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الثانية) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٢ | كركوك والـتطهير العرقـي ـ مـن وثـائق النظـام البعثي | عارف قورباني | ٢٠٠٥ |
| ١٣٣ | کەلار لە لادێوە بۆ شار | جاسم محەمەد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٤ | هەڵوێست لە بەرامبەر گەندەڵی | نیاز سەعید عەلی | ٢٠٠٥ |
| ١٣٥ | داڕشتنی دەستوری نوێ هێڵکاری | ن: مـــــاریۆج، ر. ئاوریـــانی ئـــامبرۆس، پاول ئالیڤێرز<br>و: ئاوات محەمەد | ٢٠٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣٦ | ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان | ئەمیر نامیق | ٢٠٠٥ |
| ١٣٧ | من بڕوام بە دیموکراسی کوردی نییە! | (فازیل کەریم) ماموستا جەعفەر | ٢٠٠٥ |
| ١٣٨ | کاری دیپلۆماسی لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا | کوردۆ ڕەحمان | ٢٠٠٥ |
| ١٣٩ | بەکارهێنانی دەسەڵات لە جیهانی عەرەبیدا | محەمەد فاتح | ٢٠٠٥ |
| ١٤٠ | عەقڵی سەلیم | ن: توماس پین<br>و: پێشڕەو حسێن | ٢٠٠٥ |
| ١٤١ | تیرۆریزم و مافی مرۆڤ | عەدالەت عەبدوڵڵا | ٢٠٠٥ |
| ١٤٢ | ڕۆڵی کەسایەتی لەمێژوودا | ن: بلیخانوف<br>و: سەلام مارف | ٢٠٠٥ |
| ١٤٣ | کاتالۆگی بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری | | ٢٠٠٥ |
| ١٤٤ | کۆمەڵناسی شەڕ | ن: گاستۆن بوتول، د. حسین بشیریە، ئانتۆنی کدنیز<br>و: عومەر باڵەکی | ٢٠٠٦ |
| ١٤٥ | بژی گەندەڵی | ن: عەلی ڕەبیعی<br>و: ڕەفعەت مورادی | |
| ١٤٦ | مێژووی پەروەردەو فێرکردن | ن: علی اکبر میهرئارا، محمد عباس، علی فرۆرفەر<br>و: قادر وریا | ٢٠٠٦ |
| ١٤٧ | فاشیزم چییە؟ | ن: هێنری میشێل<br>و: سمکۆ ناکام | ٢٠٠٦ |
| ١٤٨ | ئیسلام و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠٠٦ |
| ١٤٩ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا | عادل عەلی | ٢٠٠٦ |
| ١٥٠ | چاوپێکەوتنی ڕادیۆی نەوا لەگەڵ هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ | ئا: سەرتیپ جەوهەر | ٢٠٠٦ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥١ | شۆڕشی پەنجە مۆرەکان | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٥٢ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٧ | | ٢٠٠٦ |
| ١٥٣ | ئیسلامی سیاسی - چاپی سێیەم | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| ١٥٤ | فەرهەنگی قانونی | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٦ |
| ١٥٥ | کۆمەڵناسی گەنج | کارزان کاوسین | ٢٠٠٦ |
| ١٥٦ | تاڵەبانی و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی(چاپی یەکەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| ١٥٧ | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٥٨ | چەند بابەتێکی فیکری | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| ١٥٩ | کۆمەڵی مەدەنیو سەرلەنوێ بیناکردنەوەی کۆمەڵگا | ن: جۆرج ف. ماکلین<br>و: شاخەوان منصور | ٢٠٠٦ |
| ١٦٠ | ئایین، فاشیزم ، مەرگ | ن: هاشم صالح<br>و: هەورامان وریا قانع | ٢٠٠٦ |
| ١٦١ | کارل فۆن کلاوزە ڤتز | ن: میکل هۆوارد<br>و: کەمال ڕەشید شەریف | ٢٠٠٦ |
| ١٦٢ | گەشەسەندنی ئابووری چین | پ. د. محەمەد ڕەئوف سەعید | ٢٠٠٦ |
| ١٦٣ | مانیفێستی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆ مۆدێرن کردنەوەی ی. ن. ك | ماموستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد ) | ٢٠٠٦ |
| ١٦٤ | هەواڵی تەلەفزیۆنی | جوان بەهادین | ٢٠٠٦ |
| ١٦٥ | لەتەك فینۆمینە ئەدەبیەکاندا | کاوە جەلال | ٢٠٠٦ |
| ١٦٦ | هەمیشە دلڕەق و بێدەنگین | نەجات نوری | ٢٠٠٦ |
| ١٦٧ | کۆیە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتیە | جەمال فەتحوڵڵا تەیب | ٢٠٠٦ |
| ١٦٨ | فەیلەسوفە مەزنەکان | ن: براین ماگی<br>و/ محەمەد کەریم | ٢٠٠٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦٩ | جەمهوریەتی کوردستان ـ شاکارێکی مەزن | خوێندنـــــــــەوەی/ عەبـــــدوڵڵا کـــــەریم مەحموود | ٢٠٠٦ |
| ١٧٠ | سەرمایە | ن: کارل مارکس<br>و/ سەلام عەبدوڵڵا ـ کـەژاڵ ئەحمـەد ـ شـلێر عزیز | ٢٠٠٦ |
| ١٧١ | پرســـی کـــورد گـــۆڕاوە، تورکیـــا هێـــشتا لەرابردوودایە | ن: کۆمــــــــــەڵێك رۆژنامەنوس<br>و/ مامەند رۆژە | ٢٠٠٦ |
| ١٧٢ | خۆیبوون ـ هیوا | هیوا عەزیز سەعید | ٢٠٠٦ |
| ١٧٣ | حزب لەبازنەی دەستەگەریدا | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٧٤ | پرۆفیشینالی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا | مەریوان مەسعود | ٢٠٠٦ |
| ١٧٥ | گەنج ـ سیاسەت ـ مەعریفە | د. بـــەختیار جـــەبار شاوەیس | ٢٠٠٦ |
| ١٧٦ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٨ـ | | ٢٠٠٦ |
| ١٧٧ | ناسیۆنالیزم (چاپی یەکەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| ١٧٨ | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی یەکەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| ١٧٩ | نوێبوونەوەو هەڵبژاردن | بەکر صدیق | ٢٠٠٦ |
| ١٨٠ | گۆڕان و چاکسازی | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| ١٨١ | لەپێناوی دیموکراسیدا | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٢ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٩ ـ | | ٢٠٠٦ |
| ١٨٣ | مێژووی شۆڕشی فەرەنسا | ن: ویـــــلو ئاریـــــل دۆرانت<br>و: دلاوەر عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٨٤ | پاکتـــاوکردنی رەگـــەزی کـــورد لەکوردســـتانی عیراقدا | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨٥ | ئاسۆی ئابووری ـ سەرچاوەکانی ئاوو کانزاکـانی کوردستان | دارا عومەر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٦ | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی دووەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٧ | ناسیۆنالیزم (چاپی دووەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| ١٨٨ | یاسای دادگای باڵای تاوانی عیراق | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٨٩ | تاڵەبانی لەلوتکەی دەسەڵاتی عیراق | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٩٠ | بنەما تیۆرییەکانی رای گشتی و راگەیاندن | مەجید صالح | ٢٠٠٦ |
| ١٩١ | پاکتـــاوکردنی رەگـــەزی کـــورد لەکوردســـتانی عیراقدا<br>(چاپی دووەم) | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| ١٩٢ | ریفۆرم هەنگاوێ بۆ دواوە ! | ئازاد تۆفیق | ٢٠٠٦ |
| ١٩٣ | تاڵەبانی و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی(چاپی دووەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| ١٩٤ | هیگڵو سیاسەتی مۆدێرن | ن: رامین جیهانبەگلو<br>و: شۆڕش جوانڕۆیی<br>چنور فەتحی | ٢٠٠٦ |
| ١٩٥ | جینۆسایدی گەلی کورد ـ لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا | د. مارف عومەر گوڵ | ٢٠٠٦ |
| ١٩٦ | کوردستان أو بلاد أکراد | یوسف ملك<br>مراجعـة ومقدمـة: د. عزالدین مصطفی | ٢٠٠٦ |
| ١٩٧ | مفهوم النخبة | إحسـان عبـدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| ١٩٨ | المنظمات الأقليمية والجماعـات الأقتـصادية في القارة الأفريقية | إحسـان عبـدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| ١٩٩ | کوردستانية منطقة کرکوك (الطبعة الأولی) | د. عمـــر إبـــراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٠ | الکتابة للتلفزيون | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |
| ٢٠١ | دراسات المانية معاصرة عن القضية الکردية | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠٢ | السيادة في عالم متغير(الطبعة الأولى) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٣ | بحوث . . . و . . . شذرات | د. عزالدين مصطفى رسول | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٤ | كوردستانية كركوك في المصادر السريانية | د. فرست مرعي | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٥ | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الثالثة) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٦ | التركمان في العراق (الطبعة الثانية) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٧ | كوردستان تركيا ـ دراسة أقتصادية سياسية | د. مجيد جعفر | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٨ | السيادة في عالم المتغير (الطبعة الثانية) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٩ | كوردستانية منطقة كركوك (الطبعة الثانية) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢١٠ | عيراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەكر صديق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١ | تیرۆرو سەقامگیری سیاسیو چەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەكر صديق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢ | کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣ | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤ | ژان ژاك رۆسۆ (چاپی سێیەم) | کاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥ | مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها . .. | القاضي/ لطيف مصطفى أمين | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦ | بنچینەکانی کورد | ن: مینۆرسکی<br>و: نەجاتی عەبدوڵلا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧ | لەدیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی | کارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨ | کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ئیبراهیم سالح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩ | زمانە فەرمییەکان | طارق جامباز | |
| ٢٢٠ | ئەنفال و دادگا | سالار مەحموود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (١٠) | | ٢٠٠٧ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢٢ | الكرد | باسيلي نيكيتين<br>ت: د. نوري طالباني | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣ | هەڵۆی سور | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٤ | مام جەلال | فاضل كريم أحمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥ | المدخل الى القانون الدولي الإنساني | جبار سعيد محي الدين | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦ | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧ | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵلا | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٨ | ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩ | ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان | و: کامەران عومەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٠ | تیرۆر | هيمداد مجيد على | ٢٠٠٧ |
| ٢٣١ | گەنجە کوردەکان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٢ | بەعسیزمو کورد | سۆزان کەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣ | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | و: محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤ | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |